

# له ئەدەبی ڕووسییەوە

کۆمەڵە وتار و بەرهەم

وەرگێڕانی

ئەنوەر قادر محەمەد

K
Ktebi Pdf

# له ئەدەبی ڕووسییەوە

## کۆمەڵە وتار و بەرهەم

وەرگێڕانی

**ئەنوەر قادر محەمەد**

سلێمانی ۲۰۰٦

k
ktebi pdf

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| لێرمەنتۆڤ چەردەیەك لە ژیانو بەرهەمی . . . . | ڤ.مانۆیلۆڤ | ٧ |
| دەربارەی دۆخی ئێستای سیمبۆلیزمی ڕووسی . . . . | ئە. بلۆك | ٥٥ |
| هێزی شانۆگەری پشكنەر . . . . | یو.مان | ٧٩ |
| هەندێ شیعری ئارسینی تارکۆفسکی و ژیانو هونەری | | ١٠١ |
| ئیڤان ئەلیکساندەرۆڤیج بوونین | | ١٢٣ |
| ئەستێرە باران | د.س. لێخاچۆڤ | ١٣٩ |
| پۆل ماری ڤێرلین | ب. پاسترناك | ١٦٤ |
| شۆپین | ب. پاسترناك | ١٧٢ |

# لێرمەنتۆڤ — چەردەیەك لە ژیانو بەرهەمی

**نووسینی: ڤ. مانۆیلۆڤ**

بەرهەمی شاعیری ڕووس میخایل یۆریڤیچ لێرمەنتۆڤ، بەشێکە لە مێژووی ئەدەبی سەرامەدی ڕووسیو کولتووری پێشکەوتنخوازیی میللەتەکەمانی دەوڵەمەندکردووە.

لێرمەنتۆڤ لە بارو زروف سەختو کۆنەپەرستانەی قەیسەرایەتیی نیکۆلای یەکەمدا بووە جێگرو پەرەپێدەری بەرهەمەکانی پوشکین ـ شاعیری ڕابەرو داهێنەری ئەدەبی نوێی ڕووسیو دانەری زمانی ئەدەبی تازەی ڕووسی. لێرمەنتۆڤ بەو ژیانە کورتو بێ ئارامەیەوە بەرهەمێکی وا بەرزو گەورەی داهێناوە، کە بەحەق شایستەی ئەوەیە بیلینسکی ناوی دوای پوشکینو لەگەڵ گۆگۆلدا هێناوە.

بیلینسکی لای وابوو، کە پەرەپێدەرو شاگردەکەی پوشکین — لێرمەنتۆڤ کوێرانە لاسایی پوشکینی نەکردۆتەوەو هەرچەندە بەردەوامیی ئەوە، دەنگو دنیای تایبەتی خۆی هەیە.

هێشتا خەلفەو پەرەپێدەری پوشکین (واتە لێرمەنتۆڤ) لە ژیاندا بوو، کە بیلینسکی دەربارەی پەیوەندیی دانەبڕاوی ئەم دوو شاعیرە مەزنە وتوویەتی: "بێگانەیەکی خوێندەواری ڕووسی زان، کە شارەزای فەنتازیای ڕووسی، بەهرەو تەبیعەتی ڕووسی بێت، ئەگەر هەندێ لە بەرهەمەکانی لێرمەنتۆڤ

بخوێنێتەوە، بێپەروا دەتوانێ هەندێکیان بە شیعری پوشکین و مامۆستا گەورەکانی تری شیعر دابنێت".

لێرمەنتۆڤ شەوی سێی ئۆکتۆبەر (بە ڕۆژ ژمێری تازە، پانزەی ئۆکتۆبەر)ی ساڵی ١٨١٤ لە مۆسکۆ لە خانوویەکی سێ نهۆمی بەردیندا، لەبەرانبەر تاقە سوورەکاندا لەدایك بووە. شایەنی باسە ئەو خانوە یەکێك بوو لەو خانووانەی وەبەر ئەو ئاگرە نەکەوتبوون، کە لە ڕۆژانی ئەیلوولی ساڵی دوانزەی پڕ لە پاڵەوانێتیدا لە پایتەختدا کەوتبووەوە. بۆیە شاعیر بۆی هەبوو، ئەو قسانەی گێرتسن دووبارە بکاتەوە: "بەسەر هاتی ئاگر کەوتنەوەکەی مۆسکۆ، شەڕەکانی بۆرۆدینو بێریزنیو گیرانی پاریس، لایلایەی سەر بێشکەو ڕازی منداڵانەو ئەلیادەو ئۆدیسای من بوون"...

لە هەستی شاعیرانەی لێرمەنتۆڤدا، خۆشەویستیی نیشتمان هەمیشە لە ئەوینی مۆسکۆوە هەڵدەقوڵاو تێکەڵیدەبوو:

مۆسکۆ، هۆ مۆسکۆ! وەك کوڕێکت تۆم خۆشدەوێ
وەکو ڕووس – هەر ئێجگار زۆر بە جۆشەوە بە نیانی
تۆم خۆشدەوێ!

بریسکەی پیرۆزی مووە سپیەکەی تۆم خۆش دەوێ،
"کرێملین"ـە گرنج گرنجە هێمنەکەتم خۆشدەوێ..

لێرمەنتۆڤ هێشتا بەرمەمکانە بوو بردیان بۆ "تاراخان" کە موڵکی ئیلیزابیتا ئەلێکسێیڤنا ئارسینۆڤای داپیرەی بوو. ئەم شوێنە شەست فرسەخێك لە "چیمبار" لەم شارە بچکۆلەوە، کە مەڵبەندی پێنزیسکییە – دوورە. لێرە لەناو دەشتە بەرینو کاکی بە کاکیەکاندا، لەناو دۆڵە بەیەك

تێکەڵ بووەکاندا، ناوبەناو بە سێبەری بڕەداڕبەڕوو داپۆشراوەکاندا لێرمەنتۆڤ منداڵیی خۆی بەسەربردووە.

ئەم منداڵە لەناو جەرگەی ڕووسیادا گەورەبووە. لە دەووروپشتی خۆی گوێی بەزمانی شیرینو پاراوی دێهاتی تژی بووە، لەدابو نەریتی کۆیلایەتی، نەك هەر لە "تاراخان" بەڵکو لەو شوێنو ناوچانەی تریش، کە لەگەڵ کەسو کاریدا سەری لێ دەدان- شارەزا بووبوو. ئەو گۆرانییانەی دەربارەی ستیپان ڕازین، حیکایەتی جوڵانەوەی ڕاپەڕینی تازەی جوتیاران بە ڕابەرایەتی پۆگاچۆڤا- هەر زوو هەستی شارەزا بوونی مێژوویان لای لێرمەنتۆڤ بزواند.

لە "تاراخان" باسی ڕاپەڕینەکەی ١٤ دیسەمبەری ١٨٢٥ و گۆڕەپانی سیناتاسکا {ئێستا پێی دەڵێن گۆڕەپانی دیسەمبەرییەکان}- بیست. دوایش زانی براکانی داپیرە ئێلیزابیتای دۆستو هاوڕێی نزیکی دوو ڕابەری دیسەمبەری — ڕیلێڤو پێستل بوون.

ژیانی خێزانیی دایكو باوکی لێرمەنتۆڤ زۆر لەبارو تەبا نەبوو. تەمەنی سێ ساڵان بوو کە دایکی لەدەستداو کەوتە بەردەستی داپیرەی. ناکۆکی ژیانی خێزانەکەی، مردنی دایکی ئاسەوارێکی قووڵیان لە یادیدا بەجێ هێشتبوو. لە دواییدا جارجار لە بەرهەمەکانیدا، باسی ئەم خەمو پەژارانەی دەکرد. لە دەفتەرو دەسنووسی (ستانسۆڤ) (هۆنراوەیەك کێشێکی هەبێو ناوەڕۆکی کۆپلەکانی جیاواز بێت) ١٨٣١ دا دەڵێ:

من کوڕی ئازارم،
باوکم تا دوادوایی، نەیدەزانی ئۆقرەو ئارام چییە....
دایکم لەناو فرمێسکا کوژایەوە،
تەنیا منیان لێ بەجێ مام،

ئەندامێکی بێکەڵکی سەر خوانی خەڵك،
چڵێکی سەوزو تەڕی دارێکی وشك بوو...

داپیرە ئێلیزابێتای داناو بەدەسەڵات، هەرچەندە لەگەڵ زاواکەشیدا (واتە باوکی لێرمەنتۆڤ) بەینیان باش نەبوو، بەڵام هەموو هێزو توانای خۆی بۆ پەروەردەکردنی کچەزاکەی خستبووە کار. بۆئەوەی تەندروستی لێرمەنتۆڤ چاكو بەهێز بێت، سێ جار لە ساڵانی ١٨٢٥,١٨٢٠,١٨١٨ دا، دەیبردە قەفقازی ئاوو هەوا سازگار بۆ "گەریاچە ڤۆدسك" (ئێستا پیتیگۆڕسکی پێ دەڵێن)... بە سواری ئەسپ سەفەری دوور بەناوجەرگەی هەموو ڕووسیادا، سرووشتی بەشکۆی قەفقاز، نزیکی لە ئاگری شەڕی ئەو ساڵانەی قەفقازەوە، ڕازی ئەو هێرشانەی چەرکەسو چیچێنەکان دەیانبردە سەر ئێستگەو مەخفەری کازاکەکان، بەسەرهاتی بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشانەو دیلە قەفقازییەکان-هەموو ئەم بابەتانە جێپەنجەیان بە شیعرو چیرۆکە شیعرییە سەرەتاییەکانی لێرمەنتۆڤەوە دیارە، لە ساڵی ١٨٣٢ دا نووسیوویەتی: "شاخە شینەکانی قەفقاز، سڵاوتان لێ دەکەم! ئێوە منداڵیتان لاواندوومەتەوە، ئێوە منتان بە زنجیرە کێوییەکان هەڵگرتووە، بەهەور داتان پۆشیوم، منتان بەئاسمان ڕاهێناوە، هەتا ئێستاش هەر خەون بە ئێوەو ئاسمانەوە دەبینم"...

لە پەنسیۆناتی زانکۆی مۆسکۆدا بە شێوەیەکی تەواو هەموو بەهرەو توانای لێرمەنتۆڤ دەرکەوت. ئەمە یەکێك بوو لە خوێندنگا هەرە چاکەکانی ڕووسیای کۆتایی سەدەی هەژدەیەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم. بایەخێکی زۆریان بە فێربوونی زمانەکانو، مێژوو، ئەدەب دەدا. لێرمەنتۆڤ بەشداریی کۆبوونەوەی ئەو کۆمەڵە ئەدەبییەی دەکرد، کە شاعیرو وەرگێڕی ناسراو س. ئی. رایچ سەرۆکی بوو.

لێرمەنتۆڤ تەنیا خوی نەدابووە ئەدەب، بەڵکو لە مەیانەکانی تری هونەردا، سەرکەوتنی بەدیدەهێنا، خەریکی مۆسیقا بوو، کەمانی لێ دەدا، وێنەی دەکێشاو بووبووە نیگارکێشێکی چاك. ئەو تابلۆیانەی دیمەنی سروشتی قەفقازن – بەتایبەتیش دیمەنی ئەلبورز – جێگایەکی دیاری لە هونەری دیمەنی سروشت کێشانی ڕووسیدا - هەیە.

هەر لە شیعرەکانی سەردەمی لاویدا، باسی یاخی گەریو هەوڵی هاوبەشی کردنو گۆڕینی ژیانی دەوروپشتی - دەکات. ئەم تینویەتیو خەبات کردنە لە ساڵەکانی زانکۆداو لەکاتی پەیوەندیو دۆستایەتیدا لەگەڵ قوتابیانی مۆسکۆدا، بە کاریگەریی شیعرە پڕ لە گیانی ئازادیخوازەکانی بایرۆنو شانۆگەرییە ڕۆمانتیکیەکانی شیللەر بە تەمسیلی هونەرمەندی مەزنی مۆسکۆ پ.س. موچاڵەڤ – زیاد دەبێتو پەرەدەسێنێ لە شیعرێکیدا لێرمەنتۆڤ بەسەر سوڕمانەوە دەڵێت: "ژیان ئەوەندە پڕە لە وەڕسی کەچی هیچ خەباتێك نییە!"..

من کە دەبێ هەموو ڕۆژێ بکەومە کارکردن،
حەزم دەکرد هیچ ڕۆژێ بە زایەنەدەمو
نەمری بەکەم
وەکو سێبەری پاڵەوانێکی گەورە بمو
نەزانم مانوویەتی دەرچوون چییە.
لە بیرمدا هەموو وەختێ شتێ دەگا، تاو دەسێنێ،
حەزو بێ ئارامی بەبێ وچان سنگم دادەگرن،
ئێ چییە؟! ژینم ئەوەندە کورتە،
هەر لەوە دەترسم فریای هیچ نەکەوم،

تینویەتیی هەستیو ئازارێکی بەهێز و گەورە،
لە {ناخی} مندا هەن،
ئەم تینویەتیو شەیدای چوونە ناو ژیانەو هەوڵی گۆڕینی ، لای ڕووسە پێشڕەوو هەڵکەوتووەکانی ساڵانی سی زۆر باوی هەبوو. لێرمەنتۆڤ باسی ئەو شتانەی دەکرد، کە بیلینسکیو گیرتسنو باکۆنییان بێئارام کردبوو. بیلینسکی کە لە "خەونی ئەدەبی" دا دەڵێ: "ژیان واتە کارکردن، کار کردن واتە خەبات".

لاوانی پێشڕەوی سەرەتای سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، تینووی ئەوە بوون لە پێناوی بەرژەوەندی میللەتدا، کاری زۆر گەورە ئەنجام بدەن بەڵام لە جموجۆڵیان خستبوون. لاوان لە گفتوگۆو ڕاوێژە فەلسەفییەکانیاندا، بەدوای چارەسەری گیرو گرفتەکانی کۆمەڵو ژیانی شەخسیدا دەگەڕان، بەڵام ڕاستی دۆزینەوەو خزمەتکردن لەو سەردەمەدا، تەنانەت لای یەکێکی وەکو (گیرتسن)یش شێوازو شەقڵێکی تەماوی هەبوو. هەر خۆی لە دواییدا لە "خەمی عەقڵ"دا دەنووسێت: "بەڕاستی بیرو باوەڕی ئێمە چی بوو؟!ئاسان نییە لەمە بدوێم، بیرو باوەڕمان تەماوی بوو، باوەڕمان بە دیسەمبەرییەکانو شۆڕشی فەرەنسا هەبوو. دوایی بە سین سیمۆنیزم و ئەو شۆڕشە، بە دەستورو کۆماری، بە خوێندنەوەی کتێبی سیاسیو لە کۆمەڵێکدا هێز کۆکردنەوە ـ هەبوو. زیاد لە هەموو شتێکیش ڕقمان لە زۆرداریو لە هەڵسو کەوتیو کارەکانی دەوڵەت دەبووەوە".

لێرمەنتۆڤیش لەبەر قەناعەت بە ئێستا نەبوون، وەك شاعیرە دیسەمبەرییەکان بۆ هەڵگوزتنی وێنەو پاڵەوان، پەنای بردۆتە بەر مێژووی کۆنی ڕووسیا. لە ساڵی ١٨٣٠-١٨٣١ دا، چیرۆکە شیعری "دوا کوڕی ئازاد"ی

نووسی. بۆ ئەم بەرهەمەی "ڤادیم"ی وەك ڕەمزێك هەڵبژارد. ڤادیم ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییە بوو کە لە دژی ئەمیری (نۆڤ گۆڕەد) تێکۆشابوو، لەو ڕێیەدا سەری خۆی دانابوو. لەم شیعرەدا هەندێ هێمای بۆ دیسەمبەرییە دورخراوەکان تێدایە. ئەو قسانەی شاعیر بە زمانی ڤادیمەوە دەیانکات، پڕن لەهاوارو بانگی خەبات لە دژی چەوسانەوە. ڕووی دەمی ڤادیم لەهاوڕێ سلاڤییەکانییەتی:

تۆ بڵێی ئێمە هەر گۆرانی بڵێین،
یان بە دەردێکی بێدەرمانەوە،
ئاوا سەیری نیشتیمانەکەمان بکەین؟!

لێرمەنتۆڤ لە پەنسیۆناتی زانکۆی مۆسکۆدا چاوی کرابۆوە دوایی لەوێ بووبووە قوتابی. چوارساڵیش لەسەر یەك (١٨٢٩-١٨٣٢) لەگەڵ نەنکیدا لە "سیریدنیکۆڤ" ولە مەرسەمەکەی دیمیتری ئالیکسێڤیچ ستولپینی ئامۆزای نەنکیدا، لە کەناری مۆسکۆدا بەسەر دەبات، ئەم کابرایە هەر دوای سەرکوت کردنی دیسەمبەرییەکان دەمرێت.

لە ماڵەکەیدا کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە، کە لێرمەنتۆڤ نەك هەر بەرهەمی ئەدەبی کلاسیکی جیهانی، بەڵکو چاکترین بەرهەمو دیوانە شیعری دێسەمبەرییەکانیشی تێدا دۆزیوەتەوە. جگە لەمانەش ئەم کتێبخانەیە گۆڤارە بەنرخەکانی سەرەتای بیستەکانی وەکو "ئەستێرەی قوتبی" ك.ف.ریلیفو ا.ا بیستوژیفو "mnemozum" ڤ.ف.ئۆدوێفسکیو ڤ.ك.کیوخیلبێکر، هەروەها دەستنووسی "خەمی عەقل"، دەفتەرو شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی سەردەمی لاویی پوشکینو شاعیرە ئازادیخوازەکانی تریشی تێدا بووە.

نووسینی ناو ئەو دەفتەرانەی هی سەردەمی لاوی لێرمەنتۆڤن، نیشانەی ئەوەن کە زۆرو هەموو بابەتێکی خوێندۆتەوە. لەو ساڵانەدا نەك هەر بە ڕووسی بەڵکو بە ئەڵمانیو فەرەنسیو ئینگلیزیش خوێندوویەتییەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی دراماکانی شیللەرو شکسپیرو بەرهەمەکانی واڵترسکۆتو تۆماس مۆڕوبایرۆندا، بەردەوام خەریکی خوێندنەوەو فێربوونی ئەدەبی ڕووسیش بوو، هەروەك جارانیشو سەردەمی "تاراخان" گوێی بۆ گۆرانیی جوتیارەکانی دەورووبەری مۆسکۆ شل دەکرد، هەر لەو ساڵانەدا هەستی بە شاعیرییەتی خۆی کردبوو، لە دڵیدا هەستی بە هێزێکی لەبن نەهاتو دەکرد، کە شیاوی لەقەبی شاعیرییەت بوو. هەستی بە ئەرکی شاعیرییەتی خۆی بەرانبەر بە چارەنووسی "ئینسانی نەوەی داهاتوو"ەکەی (بایرۆن) دەکرد. بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی دەدا "بگاتە ئاستی بایرۆن" ئەوەندەی ئەوی لێ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە شاعیرێکی سەربەخۆو کوڕی واقیعی ڕووسیا دەزانی:

نەء! من (بایرۆن) نیم، یەکێکی دیم،
هێشتا سەرباشقەیەکی نەناسراوم،
وەك ئەو چۆن گەڕیدە بوو جیهان ڕاوی دەنا،
منیش ئاوا بەڵام بە گیانێکی ڕووسانەوە...

لە سەرەتای سییەکاندا، لە ڕۆژئاوای ڕووسیادا هەندێ ڕووداوی پڕ لە نیگەرانی ڕوویاندابوو. هاوینی ساڵی ١٩٣٠ لە "پۆڤلژ"ەوە درمی کۆلێرا خۆی گەیاندبووە شاری مۆسکۆ. قەدەغە کردنو تەریك کردن (عزل) پەیدا بووبوو. دەستەڵاتو زوڵم زۆری دەوڵەت جوتیارەکانی هەراسان کردبوو، وا هەست دەکرا، کە شۆڕشێکی جوتیارانەی تر، لە وێنەی ئەوەی (پۆگا چۆڤا) ڕابەری

دەکرد_ بەڕێوە بێت. ئەم بارە کۆمەڵایەتیو سیاسییە ئاڵۆزە نەك هەر سەرنجی ڕاکێشابوو، بەڵکو لە بەرهەمەکانیشیدا ڕەنگی دابۆوە.

سەرەتای ئابی ١٨٣٠ هەواڵی شۆڕشی پاریس گەیشتبووە مۆسکۆ، کۆڕو پشتماڵەی ئەریستۆکراتو بیرۆکراتو ئەریستۆکراتە ناودارەکان، تاقمی هەمە چیزەی لاوان ـ هەندێکیان بەبێ ئارامیو ترسەوە هەندێکی تریان بە چاوی پڕ لە هیواوە چاودێریی ڕووداوەکانیان دەکرد. لێرمەنتۆڤیش بە شیعری "٣٠ تەمووز- پاریس ساڵی ١٨٣٠" ئاوڕی لەم شۆڕشە داوەتەوەو ڕووی دەمی کردۆتە کارلی دەیەم، کە بۆ ئینگلتەرا هەڵاتبوو، دەڵێ:

تۆ دەتتوانی ببیتە چاکترین پاشا،<br>
تۆ نەتویستو وات دەزانی،<br>
میللەت ئاگرت پێوە دەنێت،<br>
بەڵام تۆ فەرەنسایییەکان ناناسی!<br>
لە دنیادا دادگای پاشاکان هەیە،<br>
لەوێ بانگی مەرگی تۆ دەدەن،<br>
بەسەرەلەقێو لە کاتی ڕەوەکەتا<br>
تۆ تاجەکەت لێ کەوت...!

جەمو جۆڵی جوتیارەکانی ڕووسیاو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی ڕۆژئاوا، لە بەرهەمەکانی لێرمەنتۆڤدا موژدەی نزیکیی شۆڕشێکی میللیان بەبای گوێدا دەدا، لە شیعری "پێشبینی"دا لێرمەنتۆڤ باسی ڕووخانی قەیسەرییەت دەکات:

ساڵێك دێت، ساڵی ڕەشی ڕووسیا،<br>
کاتێ، کە تاجی سەری قەیسەرەکان دەکەوێت،

ڕەشەخەڵکەکەش خۆشەویستی جارانیان بۆیان نامێنێت،
خۆراکی زۆرکەس، دەبێتە مردنو خوێن..

جوڵانەوەی ئازادیخوازیی ڕووسیا، لە قۆناغی یەکەمیدا خانەدانە ڕۆشنبیرەکان ڕابەری بوون. لای دێسەمبەرییەکان، پوشکین، گیرتسنی لاوو ئاگارێڤ، شۆڕشی میللی وەك ئاگرێکی لەخۆوە کەوتووەوە، وەك "یاخیبوونێکی بێهودەو بێبەزەیی" خۆی دەنواند. ئاواتی زریانی شۆڕشێکی ڕامالەرو پاك کەرەوە، لە دڵی خانەدانە پێشرەوەکانیشدا جۆشی سەندبوو، بەڵام ئەمانیش ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو، شۆڕشەکە بە شێوەیەکی فراوان بکەوێتەوەو هەموو شتێ ڕابماڵێت. لەم پەیوەندییە دوو لایەنەی شۆڕشی داهاتوودا، ئەم شاعیرە لاوە زۆرجار با دەداتەوە سەر بیری ئەنجامدانی کاری گەورەی میللی، لە پێناوی میللەتدا سەربەستیو شادیی، خۆی تەنانەت ژیان بەخت کردن.

لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا ڕەنگە من لەناو بچم،
یا لە غەریبیدا ژیانی بێ بەرهەمو وزرم بەسەربەرم.

لێرمەنتۆڤ لە شیعری "بە ئەندرێی شێنێ وە" دا، ئەم دوو دێڕەی نووسیوە. هەرچەندە (شێنێ) شیعری وای نییە. بەدوای پوشکیندا، لێرمەنتۆڤ زۆر خنە دەدانە شیعری (شێنی)، بۆ ئەوەی وێنەی ئەو شاعیرە ئازادە بکێشێت، کە "سنگی دەردەپەڕانو بەرەو پێشەوە دەچوو و خۆی دەکردە قوربانی"...

باسی پێشبینی مەرگی تراژیدیایی، یان لە وڵاتی خۆ ئاوارە بوونو غەریبی، لە سێدارە دران، لە بەرهەمەکانی لێرمەنتۆڤدا، بە شێوەیەکی توندو تۆڵ بە شیعری بابەتی خۆشەویستیەوە بەستراون، بە بێوەفایی ئەو کچەوە،

کە وەك پێویست بووە، شاعیری خۆش نەویستووەو نەیتوانیوە لە ڕێزو جێگای شاعیر بەچاکی بگات، ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی لەو شیعرەدا دەردەکەوێت، کە لێرمەنتۆڤ بۆ ناتالیا فیودۆرڤنا ئیڤانۆڤای نووسیوە:

کاتێ هاوڕێکەت بە بێ ئارامیی پێغەمبەرێکەوە،

متمانەی بەتۆ کردو کۆمەڵێ هەستو نەستی خۆی لا درکانیت،

تۆ نەتدەزانی کە ئەو گیانە بێگوناهە،

مردنی ناهەموار بانگی دەکات...

نەتدەزانی، ئەو سەرەی تۆ خۆشت دەویست،

لە سنگی تۆوە بۆ سەر پەتی سێدارە دەچێت،

ئەم بابەتە لە هەستو هۆشی لێرمەنتۆڤدا ڕەگی داکوتابوو. بەڵگەش بۆ ئەم ڕایە ئەوەیە، لە ساڵی ١٨٩٣دا، بە شێوەیەکی نوێو دوای دەستکاری لە شیعرێکی تریدا بەناونیشانی" بەبێ ئارامییە پێغەمبەرانەکەم پێمەکەنەو لاڤرتیت نەیەت..!" دووبارە دەبێتەوە. ئەم بێ ئارامیو بەگەرمی بیرکردنەوەی شاعیرە لە چارەنووسی خۆی، لە واقیعی ڕووسیا، زۆر ئاشکراو دیارە. هەروەها لە بەرهەمەکانیدا پەیوەندیی هەستی خۆشەویستیو باری ژیانی خۆی لەگەڵ بیری فەلسەفیو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەشێوەیەکی ئۆرگانی تێهەڵکێش دەکات. لەم ڕووەشەوە شیعرەکانی لێرمەنتۆڤ بەراییو سەرەتان بۆ شیعرەکانی نیکراسۆڤو لە پێشییەوەن.

دەتوانین شیعرەکانی لێرمەنتۆڤ ناوبنێین ڕۆژ ژمێری لیریکی... کە بەچاکی دەیخوێنینەوە، دەبینین زۆر بە زوویی بەهرەو لێهاتویی پێگەیشتووەو هەڵکەوتووە. کاتێ کە لە پانسیۆن بوو، ڕەنگە بە کاریگەریی تیاترەکانی مۆسکۆوە بێت، بیری نووسینی چەند شانۆگەرییەکی لا گەڵاڵە

بووه. دواییش شیعرێکی تراژیدی: "ئیسپانییەکان" دوو دراماشی: "خەڵك و ئارەزوو"، "کابرایەکی سەیر"ی نووسیوە. ئەم دوو شانۆگەرییە باسی ژیانی کۆیلایەتی ڕووسیان.

دووای دوو سێ ساڵ لێرمەنتۆڤ واز لە پەخشانی درامی دێنێت و دەست دەداتە نووسینی ڕۆمانێکی مێژوویی "ڤادیم"، لەم بەرهەمەیدا کەمێك ڕۆمانی "کچە ئەفسەرەکە"ی پوشکین کاری تێکردووە.

دوای ئەوەی لە زانکۆی مۆسکۆ لەگەڵ هەندێ لە پرۆفیسۆرە کۆنە پەرستەکاندا، تووشی دەمەقاڵەو گێرمەو کێشە دەبێت، دڵی هەڵدەکەنرێت و لە ئابی ١٨٣٢دا، لەگەڵ ئی.ئا ئاریسنۆڤا-نەنکیدا دەچنە پیتەربورگ. لێرمەنتۆڤ دوای ژیانی باوکشاییەتی مۆسکۆ، تەنتەنەی ئیمپراتۆریی پیتەربۆرگی، بە بەندیخانەی ئازارو ئەشکەنجە دەهاتە پێش چاو.لەزانکۆی پیتەربۆرگ ڕازی نەبوون ئەو دوو ساڵەی لێرمەنتۆڤ لە مۆسکۆ خوێندبووی بۆی حساب بکەن، نەچوو بە عەقڵیشیدا لەسەرەوە دەست پێ بکاتەوە، بۆیە چووە قوتابخانەیەکی سوپایی. ئەم لاوە خوێندەوارە ئازادە، کە بە هەست و سۆزی ئافرەت }مەبەست زیاتر لە نەنکیەتی{ دەورە درابوو، لە پڕدا خۆی لە سەربازگەیەکی نێکۆلایدا دییەوە، کە هەر زۆر لە کولتوورو ژیانی ڕۆشنبیرییەوە دووربوو، هەرچەندە لێرمەنتۆڤ لە ژیانێکی زۆر سەختدا دەژیا، بەڵام بە ئێواران دوای ئەوەی ژووری پۆلەکان چۆڵ دەبوون، ئەو خەریکی تەواوکردنی چیرۆکە شیعر (پۆیەما)ی (دیمۆن) دەبوو، کە هەر لە پەنسیۆنی مۆسکۆوە دەستی پێ کردبوو. هەروەها کاری لە پۆیەمایەکی تر "حاجی ئابریك"دا دەکرد، هەرزوو ن.دی. یوریڤی خزمی دووری لێرمەنتۆڤ،

ئەم پۆیەمەی دا بە ئۆ.یی.سینکۆفسکی- سەر نووسەری گۆڤاری "کتێبخانە بۆ خوێندنەوە"و لە ژمارەی ئابی ١٨٣٥دا بەبێ ناوی دانەر بڵاوبوویەوە.

کاتێ لێرمەنتۆڤ قوتابخانەی سوپایی تەواوکرد، لە کەرتێکی سوارەی سووپاییدا دانرا. خەریکی نووسینی چوارەم دراما "دەمامك پۆشین" بوو. لێرمەنتۆڤ فریای ئەوە نەکەوت، نە بە چاپکراوی‌و نەلەسەر شانۆش بیبینێت. پاڵەوانەکانی ئەو درامایانەی لێرمەنتۆڤ بە لاوی نووسیبوونی، بە هوشیارییەوە هەموو دەگوژران‌و تیا دەچوون، دەیانزانی هێزی ئەوان توانای ڕەتاندنی ناعەدالەتی‌و ژینی سەختی دەوروبەریان نییە. بەڵام باوەڕیان بە چاکە هەبوو، بیرو ئایدیای بەرزیان ڕێنوێنیان بوو. بەبێ ئەم ئایدیالە ناتوانین چ نرخێك بۆ دراماکانی شیللەریش دابنێین. ئەوە شتێکی ترە کە ئاربینی پاڵەوانی "دەمامك پۆشین" دەزانێت دەبێت لەگەڵ خراپەدا بجەنگێت، بەڵام لەلایەکی تریشەوە تووشی دوودڵی‌و نائومێدی دەبێت. ئەو تۆڵەی خۆی دەسێنێتەوە بەڵام نەك لەو کۆمەڵەی سەرچاوەی ئەم خراپەو هەڵخەڵەتاندنەیە بەڵکو لەو کەسەی بۆتە قوربانیی ئەم خراپی‌و هەڵخەڵەتاندنانە.

لێرمەنتۆڤ کاتێ خەریکی نووسینی "دەمامك پۆشین" بوو، بیری ڕۆمانێکی تری بۆ دێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەوە هەڵقولاوە، ڕۆمانی "شازادە لیگۆڤسکایا" یەکێك لە کەسایەتییەکانی ئەم بەرهەمە تەواونەکراوە ناوی (پێچۆرین)ە، دوایی هەندێ لە خەسڵەت‌و هەڵس‌وکەوتەکانی لە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی "پاڵەوانی ئەم سەردەمەمان" دا خۆی دەنوێنێ - باوەڕێکی بەهێز ، بیری ئازاد، توانای بڕیاردان، نواندنێکی بەجۆش، هۆش‌و ئەقڵێکی بەرزو هێمن، لەگەڵ (پێچۆرین)دا لە ڕۆمانی "شازادە لیگۆڤسکایا" دا،

کراسینسك هەیە، کە نموونەی خانەدانێکی دەستکورتەو ناچار بووە، لە یەکێ لە پرۆژەکانی دایکیدا کار بکات. نووسەر بەبێ بەزەیی عاتیفیو بە ڕێزەوە سەیری کراسینسك دەکات. ئەم وێنەیە لای لێرمەنتۆڤ پێش ئەوانەی "پالتۆ"کەی گۆگۆل؟ "خەڵکی هەژار"و "زەلیلو سوکی پێکراوەکان" ی دیستویێفسکی لەدایك بووە.

کاتێ "حاجی ئابریك" چاپ بوو، بووە جێگەی ڕەزامەندی زۆر لە خوێنەرانی، بەڵام ناوبانگێکی گەورەی بۆ لێرمەنتۆڤ پەیدا نەکرد. بەهەرەو لێهاتوویی لێرمەنتۆڤ دوای نووسینی شیعری "مەرگی شاعیر" مەرگی پوشکین بەیەکجاری دەرکەوتو دەنگێکی گەورەی دایەوە. ئێوارەی ٢٧ کانوونی دووەمی ١٨٣٧، بەهەموو پیتەربورگدا هەواڵ بڵاوبوویەوە، کە پوشکین لە دوئێلدا لەگەڵ (دانتیس)دا زامدار بووەو مەترسی مردنی لێ دەکرێت. لەم کاتەدا لێرمەنتۆڤ نەخۆشبوو، دکتۆر ن.ف.ئاریندت تیماری دەکرد. هەمان دکتۆر سەری لە پوشکینیش دابوو، هەرئەمیش مەسەلەی ئازاری سەرە مەرگو گیانەڵاوی پوشکینی پێ ڕاگەیاندبوو، پێشی وتبوو هیچ هیوایەکی چاکبوونەوەی پوشکین نییە. ٢٩ کانونی دووەم، سەعات دوو و چلو پێنج دەقیقەی پاش نیوەڕۆ، پوشکین کۆچی دوایی کرد.

بە تەئسیری قسەو گفتوگۆو ڕاوێژی خەڵك دەربارەی دوئێلەکەو مردنی پوشکین لێرمەنتۆڤ شیعری (مەرگی شاعیر)ی نووسی. لەسەرەتادا بەم وشانە کۆتاییان دەهات: "زاری چووەتە کلیلە".

کاتێ لە کۆڕو کۆمەڵی ناو کۆشکدا، دەنگی لەسەرکردنەوەی دانتیس بەرزبۆوە. لێرمەنتۆڤ شانزە دێڕی تری خستە سەر شیعرەکەیو بە ئاشکرا

نیشانی دا کێ هاندەرو پشتگیری ئەو پیاوکوژەیە ، کە شاعیرە گەورەکەی ڕووسیای کوشتووە.

شیعری "مەرگی شاعیر" دەربڕی راستەقینەو ڕاستەوخۆی خەمو نارەزایی میللەت بوو. لەسەر جامخانەوە دیواری کتێبخانەو دوکانەکان نووسرابۆوە. ڕەخنەگری بەناوبانگ ڤ.ڤ.ستاسۆڤ نوسیویەتی: "ڕەنگە هیچ وەختێك شیعر لە ڕووسیادا ئاوا ئیقلیم گیرو ئەو تەئسیرە گەورەو گرانەی نەبووبێت". هەروەها أ.ب.سۆلۆگۆبی نووسەر، ئاوەها ئەم شیعرە دەنرخێنێت: "مردنی پوشکین هەواڵی بە هەموو ڕووسیا گەیاند شاعیرێکی نوێ-لێرمەنتۆڤ سەری هەڵداوە. ئەم شیعرە بووە یەکەمین بەرهەمی سەرنج ڕاکێش دەربارەی ئەو ڕووداوە خەمناکەی هەموو ڕۆشنبیریی ڕووسیای هەژاند. ئەو شیعرانەی ژوکۆڤسکیو تووتچیڤو شاعیرە ڕووسەکانی تر دەربارەی پوشکین نووسینیان دەنگێکی ئەوتۆیان نەدایەوە، بێگومان وەك چریکەکەی لێرمەنتۆڤ "ئەی تۆقە بەخیلە ڕاوەستاوەکەی بەردەمی عەرش!" نەبوون.

لە تۆڵەی شیعری "مەرگی شاعیر"دا، لێرمەنتۆڤیان بۆ یەکێ لە کەرتە سوپاییەکانی "نیژگۆڕەد" بۆ "قەفقازی بەهیلاك دەر" ڕەوانە کرد. هێشتا لێرمەنتۆڤ لە "ستافر پۆل" بوو، لە (پیتەر بورگ) لە بەرگی شەشەمی گۆڤاری "هاوچەرخ"دا، کە پوشکین دامەزرێنەری بوو- شیعری "بۆرۆدینۆ" بەناوی م.لێرمەنتۆڤەوە بڵاوکرایەوە.

ئەمە ڕازی هێمنو لەسەرخۆی سەربازێکی تۆپچیی ڕووسە، لە شەڕێکی پاڵەوانانەدا، دژی هێزی لەشکری ناپلیۆن. یەکەمین بەرهەمێکە، لە ئەدەبی ڕووسیدا، کە تێیدا دەنگی جەنگاوەرێکی شەڕ بەرزدەبێتەوە. بەڕای بیلینسکی لە هیچ یەکێك لەو شیعرانەی سەدەی هەژدەیەمدا، کە بۆ سەرلەشکرە

ناوادارەکان نووسراون، وەك ئەم شیعرە وردی‌و پڕبەپڕیی واقیع‌و لەگەڵ مێژوودا گونجان نەبووە، هەروا بیلینسکی دەڵێ: "لەم شیعرەدا دەنگی سکاڵا لە دەست نەوەی ئێستا کە خەودەبیاتەوەو هیچی لەدەست نایەت، دەنگی خۆبەستنەوە بە ڕابردووی پڕ لە شانازی‌و کاری مەزنەوە بەرزدەبێتەوە".

شاعیر ماوەی ئاوارەیی یەکەمی لە قەفقاز، بە هاتووچۆو ئەمسەرو ئەو سەرەوە بەسەر دەبرد. وەکو ئەوەی ئیلهام‌و هیوایەکی پێ ببەخشێت. پەیوەندی‌و دۆستایەتیی سرووشت هێزێکی لەبن نەهاتوویان دەبەخشیە هێزو گیانی. لەم تاقیکردنەوە ناچارییەدا لێرمەنتۆڤ هێمنی‌و هارمۆنیایەکی دۆزیبووەوە، بەخەیاڵیدا نەدەهات لە ژیان‌و دنیای ڕۆژانەی پایتەختیشیدا وە دەستی بکەوێت، لێرمەنتۆڤ لەم ڕووەوە نامەیەکی بە فەرەنسی بۆ س.أ.کرایڤسکی هاوڕێی، ئەو کەسەی کە لە سەر بڵاوکردنەوەی "مەرگی شاعیر" تووشی سزاو ئازار بووبوو، نووسیوەو تیایدا دەڵێ: من بای کەژم دەوێ، زام‌و خەم بۆ شەیتان! دڵ لێ دەدا، سنگ بە گراوەیی هەناسە دەدا، لەم ساتانەدا هیچی ترم ناوێ، هەر ئەوەندەم دەوێ دانیشم‌و تێر سەرنج لەم ژیانە تەواوە بدەم".

لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٣٧دا، لە ستاڤراپۆل لێرمەنتۆڤ چاوی بە شاعیری دیکابری (دیسەمبەری) ئەلیکساندەر ئیڤانوڤیچ ئۆدۆیڤسکی کەوت. ئەم شاعیرە لە سیبریاوە بۆ ئەو بەتالیۆنە گوێزرابۆوە، کە لێرمەنتۆڤی بۆ نێردرابوو. ئۆدۆیڤسکی لە ڕۆژی ڕاپەڕینەکەدا لە گۆڕەپانی سیناتسکی بوو.

لێرمەنتۆڤ لە ڕێگەی ئەمەوە زۆر شتی دەربارەی ڕیلیف، گریبا یێدەڤ، برایانی بیستۆژیف، کەزۆر هاوڕێی ئۆدۆیڤسکی بوون- زانی. ئەم ئۆدۆیڤسکییە

وەڵامی شیعرەکەی پوشکین- "بۆ سیبریا"ی بەم چەند دێرە بەناوبانگە داوەتەوە:

کارە پڕ لە خەمەکەی ئێمە هەروا بێهودە ناڕوات،
لە بڵێسەوە ئاگر دەکەوێتەوە-
میللەتە ڕۆشنبیرو {چاوکراوەکەمان}
لە ژێر ئاڵای پیرۆزدا ڕادەپەڕێ.

دوای دووساڵ بەیەکەوە لە قەفقازدا گەڕان، چوونە بەتالیۆن بۆ گورجستان، لێرمەنتۆڤ لە پیتەربورگ بوو زانی، کەئۆدۆیڤسکی لە کەناری دەریای ڕەشدا بە دەردی گرانی لەرزو تا مردووە، لێرمەنتۆڤ شیعرێکی پێشکەش کردووە- ئاوا دەست پێدەکات:

من دەمناسی، پێکەوە دەسووڕاینەوە،
لەو کەژانەی ڕۆژهەڵاتدا، دەردی غەریبایەتیشمان
هەر بە شەریکی بەشدەکرد،
بۆ دەشتەکانی لای خۆمان گەڕامەوە،
ڕۆژگاری نەهامەتییەو
دیسانەوە دەورەی یاسای چەپگەردە...
چاوەڕێی ساتە شیرینەکانی نەکرد:
لەژێر چادرە سەفەرییە شڕەکەیدا،
نەخۆشی زۆری بۆ هێنا،
پۆلی باڵداری
ئیلهامی تەماوی‌و کاڵی،
هیوای ناکام داخی، تاڵی،

لەگەڵ خۆیدا بردە ژێرگڵ..

لێرمەنتۆڤ دوای ئەوەی ماوەیەکی کەم، لە بەشە سۆپاییەکانی دەوری "نۆڤ گۆرەد" مایەوە، بەهاری ساڵی ١٨٣٨ گەڕایەوە پایتەخت، بۆ ئەو شوێنە سوپاییەی کە سەرەتا لێی بوو، سەربازگەکەی لە "تسارسکۆیەسیلۆ" بوو، خزمەتی سوپایی نەیهێشت شاعیر هەموو وەختی بۆ کاری ئەدەبی تەرخان بکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەماوەی ئەم دووساڵەدا، کە لە پیتەر بورگ بوو، تا بەهاری ١٨٤٠ گەورەترین‌و بەنرخترین بەرهەمەکانی خۆی نووسی، لەم ماوەیەدا شاعیر لە هاوڕێکانی پوشکینەوە لە ژوکۆڤسکی‌و پیلینتیڤ، ڤیازیمسکی، لە خێزانی کارامزین نزیك بووبووەوە.

کانوونی دووەمی ١٨٣٩ أ.أ.کرایڤسکی، کە یارمەتی پوشکینی لە دەرکردنی گۆڤاری "هاوچەرخ" دا دابوو، ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤاری "یادداشتەکانی نیشتمان"ی وەرگرتبوو، توانی چاکترین قەڵەمەکانی ئەو سەردەمە لەخۆی کۆبکاتەوەو هاریکاریبکەن، لەوانە: ڤ.گ.بیلینسکی، کە لە مۆسکۆوە بۆ ئەم مەبەستە هاتە پیتەربورگ. جگە لەم بەشانەی "پاڵەوانی ئەم سەردەمە": "بێلا" "فاتالیست"، "تامان"، لە هەموو ژمارەیەکیدا شیعرێکی لێرمەنتۆڤ بڵاودەکرایەوە. لە "یادداشتەکانی نیشتمان"دا، هەموو ئەو وتارانەش بڵاودەکرانەوە، وا بیلینسکی دەربارەی شیعرەکانی لێرمەنتۆڤ دەینووسین.

لە کۆمەڵگای پیتەربورگدا، ئەمە سەردەمی گەشە سەندنی بەرهەم‌و سەرکەوتنی گەورەی لێرمەنتۆڤ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لێرمەنتۆڤ زۆر چاك دەیزانی‌و لای ڕوون بوو، ئەم برەو و بایەخ پێ دانەی تا سەر نابێت‌و درەنگ یان زوو، لەگەڵ دەستەو دایەرەی پیتەربورگدا، کە بێگانە بوون پێی، پێکدا هەڵدەشاخێن‌و ئەمەش کاردەکاتە سەر چارەنووسی. یەکسەر دوای گەڕانەوەی

بۆ پایتەخت. نامەیەکی بە فەرەنسی بۆ م.أ.لۆپوخینای کچە هاوڕێی نووسیوە، تێیدا دەڵێ: "مانگێکی ڕەبەق من مۆدە بووم، ئاژنیمیانەوە پارچە پارچەیان کردم. ئەمە بەلای کەمەوە بە ئاشکرا دەڵێم: هەموو ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی من لە شیعرەکانمدا ئابڕووم بردوون، بە ڕووخۆشیو تەڵەکەبازییەوە دەورەیان لێ داوم...... " هەر لەم نامەیەدا دووایی لێرمەنتۆڤ دەنووسێت: "سوودم لەم تاقیکردنەوەیە تازەیە وەرگرتووەو دژی ئەو دەستەو دایەرەیە، چەکێکی باشی داوەتە دەستم ئەگەر هەر بە بۆختانو درۆ بکەونە دوام "دەشزانم ئەمە هەر ڕوو دەدات"، بەلای کەمەوە من چەکی تۆڵە سەندنەوەم پێ دەبێت، بێگومان لەهیچ جێگەیەك ئەمەندە شتی تووڕەهاتو پێکەنین هاوەر نەبووە".

لێرمەنتۆڤ بەهەڵەدا نەچوو بوو. لە سەرەتای شوباتدا داوی دۆئێلێکیان لەگەڵ کوڕی باڵیۆزی فەرەنسا (دی بارانت)دا بۆ نایەوە. ئەم دۆئێلە لە ١٨ شوباتدا، لەسەر "چۆڕنەیاڕیکا- ڕووباری ڕەش" ڕوویدا. شەڕەکە بە خێر گەڕا، بەڵام لێرمەنتۆڤیان گرتو دادگای سوپاییان بۆ دانا. لە بەندیخانەدا چاوەڕێی چارەنووسی خۆی دەکرد. هەر لەم کاتانەشدا زۆری دەنووسی لەوانە شیعری "شۆڕەسواری دیل"، "کچە دراوسێ"، "ڕۆژنامە نووس، خوێنەرو نووسەر"، زۆریشی دەخوێندەوە، بەتایبەتی بەرهەمەکانی أ.شێنێ، هنری هاینە، ئۆ.باربێ.

بیلینسکی توانی چاوی بە لێرمەنتۆڤی بەندکراو بکەوێت، وەك خۆی دەڵێ: بۆ یەکەمجار بۆی لوا گفتوگۆ لەگەڵ ئەو شاعیرەدا بکات، کە زۆر لەمێژ بوو دەیناسی، دوای چەند ڕۆژێك ڕەخنەگر نامەیەکی ناردە مۆسکۆ، کەبۆ ڤ.پ. بۆتکینی نووسیبوو: "چ گیانێکی بەهێزو گەورەی هەیە! بەچ

بڕوایەکەوە سەیری هونەر دەکات، ئەی چ چێژێکی قوڵو پاکی بۆ جوانی هەیە!"... هەر لەم ڕۆژانەدا ڕۆمانی "پاڵەوانی ئەم سەردەمەمان" دەرچوو، ئەمە یەکەمین پەخشانە ڕۆمانی نەفسیو واقیعیی ڕووسی بوو. لەم ڕۆمانەدا وەك بیلینسکی دەڵێت، لێرمەنتۆڤ توانیویەتی: "چارەسەری زۆر لە مەسەلە گرنگەکانی سەردەم بکات".

ئەو گفتوگۆ دوورودرێژەی نێوان بیلینسکیو لێرمەنتۆڤ، کارێکی زۆری کردبووە سەر بیلینسکیو ئەمەش لەو وتارەیدا بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، کە دەربارەی "پاڵەوانی ئەم سەردەمەمان" نووسیویەتی و لە ژمارە حوزەیرانو تەمووزی "یادداشتەکانی نیشتمان"دا بڵاویکردۆتەوە. بیلینسکی بۆ یەکەمین جار لە ڕەخنەی ڕووسیدا، بە شێوەیەکی زۆر چاك لە ناکۆکیی شەخسیەتی پێچۆرین دەگاتو ئاوا باسی دەکات: "ئەم ئینسانە بێ موبالات نییە، بە بێ سەروبەری خەمی خۆی هەڵناگرێ، بەشێوەیەکی کێوی ژیان ڕاو دەنێت، لە هەمووشوێنێکدا بەدوایدا دەگەڕێت، زۆر بەداخەوە، خۆی لەم سەرلێ شێوانەی خۆی تاوانبار دەکات. بە ڕاشکاوی و بە ئاشکرایی پرسیارە دەروونیەکانی هاوار دەکەن، بێ ئارامی دەکەن، ئازاری دەدەن، بۆ بەرپەرچەرج دانەوەیان ئەو بەدوای وەڵامیاندا دەگەڕێت: گوێ بۆ هەموو لێدانێکی دڵی خۆی شل دەکات، هەموو بیرێکی خۆی تەتەڵەدەکات. ئەو خۆی کردۆتە شتێکی سەیرو سەرنجی لێ دەدا، هەوڵیش دەدا تا بتوانێت لەگەڵ بیرو ڕاکەی خۆی ڕاستگۆ بێت. نەك هەر بەو پەڕی ڕاشکاوییەوە پێ لە کەمو کورتییەکانی خۆی بنێت، بەڵکو ئەگەر بە درۆ و خەیاڵپڵاو پاساوی هەندێ لە کردەوەو هەڵسو کەوتی خۆشی دابێت- دان بە وانەشدا بنێت".

ڕەخنەی کۆنەپەرستانە، (پێچۆرین) یان نەچوو بەدڵداو لە بەرانیەریدا ماکسیم ماکسیموڤیچ }پاڵەوانێکی تری ڕۆمانەکەیان{ قووت کردەوە. ئەم پاڵەوانە پیاوچاکە قەفقازییە، بێگومان پاڵەوانێکی ئیجابییە. ئەم شەخسیەتە دیموکراتە، سەرچاوەی خۆی لە (سیمۆن فێرین)ی پاسەوانی ئێستگەی شەمەندەفەر- یەکێ لە پاڵەوانەکانی پوشکینەوە هەلگرتووە، هەمان وێنە لە یەکێك لە ڕۆمانەکانی دیستۆیڤسکیدا بە شێوەیەکی پەرە پێدراو سەرهەڵدەداتەوە . بەڵام لای خوێنەری ئیمڕۆ ئاشکرایە پاڵەوانێکی بیرتەسکی وەك ماکسیم ماکسیموڤیچ دوورە لە گیانی یاخی بوونو ناڕەزایی بەرامبەر بە ناهەمواریيەتیو دەردیسەری کۆیلایەتی- دەربڕینەوە. لە قەفقاز بێ قڕەو مشە سەرە گوریسێکی خزمەتی سوپایی گرتووەو نقەی لێوە نایەت. نەك هەر ناقایل نییە بەڵکو بەتەواویش لە تراژیدیای خەڵکە پێشڕەوو هەرە چاکەکەی سەردەمی خۆی نەگەیشتووە.

ئەم بێدەنگیو سەر شۆڕییە پتر لە هەموو شتێك بووە جێگەی خۆشنوودیی قەیسەر نیکۆلای یەکەمو زۆری لا پەسەند بوو، بۆیە هەر دووای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە واتە "پاڵەوانی ئەم....." دەربارەی ماکسیم ماکسیمۆڤیچ بۆ ژنەکەی نووسیووە: "لەم بەرهەمەدا {ماکسیم ماکسیمۆڤیچ} وەك هیوایەك دەردەکەوێ، کە تاکو ئێستا نەهاتۆتە دی".لەو ماوەیەدا لێرمەنتۆڤ بۆ جاری دووەم بۆ قەفقاز دوور خرابوویەوە، وەك ئەفسەرێکی بەتالیۆنی پیادەی "تینگینسك" هاوبەشیی ئەو شەڕانەی کردبوو، کە دژی شاخنشینەکان کرابوون، قەیسەر بەم شێوەیە ڕووی دەمی کردۆتە شاعیرە غەزەبلێگیراوەکە: "بەخێرچی بەڕێز لێرمەنتۆڤ! گەر دەگونجێ، با کەللەی خۆت لەو مەڵبەندە پاکبکەیتەوە، لەوێ کە دەتوانی دەوری

کاپتینەکەی خۆتی تێدا ببینی.، ئەگەر سەرجەم تواناو وزەی ئەوەت هەیە ببێتە ئەو".

ئەم ئەفسەرە دلێرە لە سەردەمی شەڕەکانی ناوچەی چیچێندا بەشداریکردووە، زۆر پیاوانە لەبەر مەترسیو ناڕەحەتیی شەڕدا خۆی ڕاگرتووە. بەڵام ئەو هەموو خوێنە بەناهەق ڕژاوەو قوربانیانەی سیاسەتی جەنگی ناهەمواری نێکۆلاشی لە قەفقازدا- بینیوە. لێرمەنتۆڤ دانەری "بۆرۆدین"- کە یەکێکە لەو هەرە شیعرە چاکانەی بۆ شەڕی نیشتمانی نووسراون. زۆر بە وردیو سەرکەوتوویی شەڕی خوێناوی سەر "ڤالیریك"- ڕووباری مەرگی بۆ ڤ.أ. لۆپوخینای دڵداری نووسیووە. شاعیر بە شانازییەوە پاڵەوانێتی سەربازە ڕووسەکانی نرخاندووە، بەڵام هەمیشە لە بیری تراژیدیای شەڕو کوێرەوەری جەنگدا بووە، ئەو جەنگەی هێشتا مرۆڤایەتی نەیتوانیوە لەدەستی ڕزگار ببێت:

دارستانێکی کەنار، وەکو لەناو تەمدابێـت،
لەناو دووکەڵدا شینایی بارووت بەرزبووەوە،
لەو دوورەوە زنجیرە چیایەکی پێچاو پێچ {دیارە}
کە هەمیشە سەرکەشو ئارامە،
شاخەکان هاتنەوەیەك،
"کازبیك"یش، لووتکە قووچەکەی بریسکاندەوە،
بە دڵێکی پڕ لە خەمی نهێنییەوە ئەمەم هات بەبیردا:
ئای کە ئەم ئینسانە گوناهە!
چی دەوێ؟! ئاسمانێکی ڕوونە،
لە ژێریدا جێگەی هەمووان دەبێتەوە،

بەڵام بەردەوامو بەخۆڕایی،
تەنیا ئەو خەریکی هەراو دوژمنایەتییە،
لە پێناوی چیدا؟!

لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤٠دا، لە پیتەر بورگ دیوانە بچکۆلەیەك بەناوی "شیعرەکانی م.لێرمەنتۆڤ"ەوە دەرچوو. ئەم شاعیرە ئەوەندە مامەڵەی لەگەڵ شیعرەکانی خۆیدا ڕەق بوو، تەنیا ٢٦ پارچە شیعرو دوو پۆیەمای بۆ ئەم دیوانە هەڵبژارد.

"متیسری"و "دووایین دەقی "دیمۆن" (دێو) لە ساڵی ١٨٣٩داو بە تەئسیری گەشتەکانی لێرمەنتۆڤ بە قەفقازدا، لەکاتی دوورخرانەوەی یەکەمیدا- تەواو کراون.بەڵام شاعیر لای وابوو، "دیمۆن" هێشتا پێویستی بە دەستکاری تریش هەیە. دەیویست جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر ئەم کارە پڕ لە بیرە قووڵەی، بەڵام فریای ئەمە هەر نەکەوت. سانسۆر بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدا "دیمۆن" لەم دیوانە بچکۆلەیەدا بڵاوبێتەوە.

بە پێچەوانەی ئاوارەیەکی وەك "دیمۆن"ەوە، کە لە خەڵوەتو تەنیایی سەرکەشانەی خۆیدا، هەستی نیشتمانپەروەرانەی کز بوو، لاوێکی ڕاستاڵ هەبوو کە "لە دیلییەتی کەنیسەوە، وەرزی کەژەکانی نیشتمانەکەی دەکاو بەرەو لایان تاو دەدات، تینووی ژیانەو ئامادەیە لە خەباتێکی ئازایانەدا سەربەستی شەخسی خۆی لە کیس بدات". ئەمە خۆشەویسترین پاڵەوانیلێرمەنتۆڤ بوو، هەڵگرو دەربڕی ئایدیالو بیروباوەڕی بەرزی ئەو بوو.

ئەم دیوانەی لێرمەنتۆڤ دەنگێکی چاکی دایەوەو دە وتاری لەسەر نووسرا. بەڵام تەنیا بیلینسکی بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە نووسی: "جگە لە پوشکین، کەسێکی تر ئاوا بەم جۆرە شیعرانەوە نەهاتۆتە مەیدانی بەهرەی خۆیەوە".

ڕەخنەگر بۆ یەکەمین جار بایەخی کۆمەڵایەتیو مێژوویی شیعرەکانی لێرمەنتۆڤی نیشان داو بەخەڵکی ناساند. ئاماژەی دەوڵەمەندیو یەکیەتی ناوەڕۆكو هەمەجۆریی ژانرەکانی شیعری لێرمەنتۆڤی- کرد.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٤١دا لێرمەنتۆڤ توانی مۆڵەتێکی پشوودان وەربگرێتو بۆ دواجار بێتە پیتەربورگ. کاتێ گەڕایەوە ناو ژیانی ئەدەبیی پایتەخت، بڕیاریدا سەرو مڕ خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکات، بە خەیاڵیدا هات خۆی هەوڵی دەرکردنی گۆڤارێك بدات. ویستی واز لە خزمەتی سوپایی بهێنێتو خۆی خانە نشین بکات. بەڵام ئەم هیوایەی نەهاتەدیو نیکۆلای یەکەم لێی خۆش نەبوو فەرمانی دا، کە بگەڕێتەوە بۆ قەفقاز. لە کاتی دوا سەفەریدا بۆ قەفقاز، ڕۆژی ١٣ مارتی ١٨٤١ نووسەرو مۆسیقار ڤ.ف.ئودۆیفسکی دەفتەرێکی نایابی بۆ شیعر تیا نووسینەوە بە دیاری دا بە لێرمەنتۆڤ. بە ڕێگاوە کۆمەڵێ شیعری زۆر بەرزی لەم دەفتەرەدا نووسیوە، زۆربەیان دوای مەرگی خۆی لەچاپ دراون: "دەمەتەقێ"، "تەمارا"، "ژوان"، "گەڵای داربەڕوو لە چڵی خۆی جیابۆوە..." ، "بەتەنیا دێمەوە سەر ڕێگا...".

لە ڕێگادا بەبێ گوێدانە فرمانی سەرکردایەتی، لێرمەنتۆڤ بای دایەوە بۆ "پیتی گۆڕسك" لەوێ ڕێگەیان دا ماوەیەك بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بە ئاوی سازگاری ئەم ناوچەیە چارەسەری تەندروستی خۆی بکات. لە ناو "کۆمەڵی ئاوی" دا، لێرمەنتۆڤ کۆنە ئاشنایەکی خۆی ن.س.مارتینۆڤی دییەوە. بە ڕوواڵەت پەیوەندییەکی دۆستایەتی لەنێوانیاندا هەبوو، بەڵام لە دڵەوە مارتینۆڤ ئیرەیی بە لێرمەنتۆڤ دەبردو حەزی لێ نەدەکرد، لێرمەنتۆڤ زیرەکانە هەستی بەم هەڵوێستەی مارتینۆڤ کردبوو. ١٣ تەمووز میوانی ماڵی "ڤێزریلین" بوونو بەیەکتریدا هەڵشاخان. بۆ گاڵتە لێرمەنتۆڤ شیعرو

کاریکاتێرێکی مارتینۆڤی دروست کردبوو. مارتینۆڤ ڕقی هەڵستابوو داوای لێکردبوو بێتە مەیدانی دوئێلەوە لەگەڵی. ئەم دوئێلە ١٥ی تەمووزی ١٨٤١، لە لاپاڵی شاخی "ماشوك" دا ڕوویداو بە کوژرانی تراژیدی شاعیر کۆتایی هات.

١٧ی تەمووز لە گۆڕستانی "پیتی گۆرسك"، بە قەڵەباڵغییەکی گەورەو ڕێزێکی زۆرەوە، لێرمەنتۆڤیان بەخاك سپارد، لە نیسانی ساڵی داهاتوودا، لاشەکەیان بۆ "تاراخان" گواستەوەو لەوێ لە گۆڕستانی تایبەتی بنەماڵەی ئارسینیڤاندا ناشتیان.

لێرمەنتۆڤ هێشتا تەمەنی نەبووبوو بە بیستو حەوت ساڵ، کە مەرگ ژیانی فڕاند. بەهرەی زۆر زوو گەشایەوەو بەڵێنی گەورە گەورەی دەدا. بیلینسکی دەیوتو دەیسەلماند کە: "ئێمە بە مردنی لێرمەنتۆڤ شاعیرێکمان لە دەست چوو، کە بە ناوەڕۆك پێش پوشکین دەکەوتو لێی تێدەپەڕاند (خەتی دەدا). هەروەها دەیوت: زۆر نابات ناوی لێرمەنتۆڤ میللییەت پەیدا دەکات" دەنگە پڕ لە هارمۆنییەکانی شیعری ئەو بە هەرچوار لادا بڵاودەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زاری خەڵك، بیرەکانی دەربارەی واقیعو ژیانن".

هەموو بەرهەمەکانی لێرمەنتۆڤ تەنانەت شیعرە دڵدارییەکانیشی بەڵگەی مێژووین، پۆیەماو دراماکانی، بەتایبەتی پەخشانەکانی یادداشتێکی هونەریی سەردەمی ئەون. هەموو وشەکانی لێرمەنتۆڤ ڕاستنو لە ئەندێشەو ئازارەوە هەڵقوڵاون. بیلینسکی دەڵێ: "ڕێبازی ئەو، بیری ئەو وەکو شەخسیەتی وابوونو لێی دانەبڕاوبوون، تەنانەت کاتێ هەستێکی ڕەسەنو بیرێکی بەرزی بە ئەوپەڕی باوەڕ بە خۆ بوونەوە دەردەبڕی، وات دەزانی، کە شتێکی تایبەتی ئەوتۆی نەوتووە".

هەروەك بەرهەمەكانی پوشكین هینەكانی لێرمەنتۆڤیش سەردەمێكی زۆر تەئسیر دەكەنە نەك هەر ئەدەبی ئێمە بەڵكو بۆ سەر بابەتەكانی تری هونەر، بۆ سەر مۆسیقا، ڕەسم، شانۆ سینەماشمان، بەرهەمەكانی لێرمەنتۆڤ دەوڵەمەندن بە فۆلكلۆری میللەتانی قەفقازو پشت قەفقاز، بۆیە كاریانكردۆتە سەر ئەدەبی میللەتانی تری وڵاتی ئێمە.

هەموو كاتێ كە دەگەڕێینەوە سەر بەرهەمەكانی ئەم شاعیرە مەزنە، لە هەموو وشەیەكیدا، دیسانەوە ئاشنای داهێنانی ئەو دەبین، بە گیانی دەوڵەمەندو مۆسیقای زمانی ڕووسی شاد دەبین، دەبینە خاوەنی ئەم گەنجینەو گەوهەرەو زاناترو بەهێزتر دەبین، لە بەرهەمەكانیدا ئێمە نەك هەر گیانی نارەزایی‌و یاخیبوون لە دژی واقیعی كۆیلایەتی، بەڵكو باوەڕی مەردانەی ئەو بە داهاتووی ڕووناك، خۆشەویستیی گەرم‌و گوڕی شاعیر بۆ میللەت‌و سرووشتی وڵاتەكەی دەنرخێنین. لێرمەنتۆڤ لەو كەسانەیە كە ئێمە هەتاهەتایە سوپاس گوزارینی، هەموو كاتێك لەیادمانەو زۆر بە گەرمی خۆشماندەوێ‌و لامان نەمرە.

ڤ.مانۆیلۆڤ

شایانی باسە، ڤ.مانۆیلۆڤ، لەم پێشەکییەدا کە بۆ هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی نووسیوە، ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەکردووە، کە لێی وەرگرتوون، تەنیا ناوی دانەرەکانی باس کردووە. مەبەستم ئەوەیە پەراوێزی بۆ نەکردوون، هەروەها بە چاکم زانی بۆ تەواوکردنی ئەم وتارە، بێجگە لە نموونە شیعرییەکانی ناو وتارەکە، هەندێ هۆنراوەی تری لێرمەنتۆڤ بکەم بە کوردی.

هەوڵیشم داوە، وەرگێڕانی کوت‌و متی دەق نەبێ.. ئەمانەش ئەو چەند شیعرەن کە کردوومن بە کوردی‌و لە لاپەڕەکانی دواتردا دێن..

من لەسەرجەمی بەرهەمەکانییەوە کە چوار بەرگن وەرم گرتوون‌و کردوومن بە کوردی.

## زیندانی

زیندانم بخەنە سەر پشت،
ڕۆژی ڕووناک،
چاوڕەشەکەم،
ئەسپە ڕەشیشم بدەنێ!
بەگەرمەوە. من لە پێشدا،
چاوڕەشەکەی خۆم ماچ دەکەم،
خۆم دەهاوەمە سەر ئەسپەکەم،

وەکو زریان،
بەرەو دەشتەکان باڵدەگرم

****

بەڵام }چی بکەم{ دەلاقەکەی زیندان بەرزە،
دەرگاکەشی بە کلۆمی گەورەو گران داخراوە،
لە هەرێمی بەشکۆی خۆیدا،
چاوڕەشیش هەر ئێجگار دوورە،
ئەو ئەسپە چاکە ڕەسەنەش،
لە مەڵبەندی ڕازاوەو پێدەشتی شینا،
تەنیاو ئازاد، بەبێ لغاو، بە دەماخە،
یەرغەو ڕمبازی خۆی دەکاو
کلکی دەدا بەدەم باوە..

****

منیش تەنیام، چ نییە دڵم خۆش بکات!
چوار دەوریشم هەرتەنیا دیواری ڕووتە،
چرای گڕ بە ئاستەم تیاماو، کز دەسووتێ
لەو دیو دەرگاکەشەوە، هەر ترپەی پێی وەردیانە،
لە خامۆشی نیوە شەودا، بە ئارامی دێتو دەچێت*..
.١٨٩٧

*لێرمەنتۆف لەسەر شیعری "مەرگی شاعیر" گیراودو خراوەتە بەندیخانە. لەو ماوەیەدا ئەم شیعری "زیندانی"یەی نووسیووە.

## دێمە سەر ڕێگا

-١-

بە تەنیا {ملی ڕێ دەگرم}
لەناو تەمدا، بەردە ڕێیەو بریسکەی دێ،
شەو ئارامە، ساراکانیش گوێیان بۆ خووا شل کردووە،
ئەستێرەش لەگەڵ یەك دەدوێن..

-٢-

لە ئاسماندا تا چاوهەڵخەی هەر تەدارەك‌و جوانییە،
زەوی نووستووی ناو شینێکی ورشەداری ئاسمانییە،
ئەی من بۆ وا هەراسان‌و دەردەدارم؟!
چاوەڕوانی شتێ دەکەم؟!
ئاواتەخوازی هیچێك هەم؟!

-٣-

ئیدی لە ژین چاوەڕێی هیچ شتێك ناکەم،
تۆسقاڵێکیش من دەربەستی ڕابردوو نیم،
وێڵم‌و وێڵی دوای ئازادی‌و ئاسایشم،
دەمویست خۆم لەبیربکەم و بنووم،

-٤-

بەس نەك خەوی ساردی ناو گۆڕ!
بۆ ئەوەی هەتاهەتایە چاوێ لێك نێم.
تا لە سنگما هێزی ژیان وەنەوز بدات،

هەتا هەناسەم ئاسوودە،

لە سینەوە بەرزبێتەوە..

-٥-

بۆ ئەوەی شەو بە درێژایی،

ڕۆژ سەرانسەر،

دەنگێ بەسۆز گۆرانیی عەشقم بۆ بڵێو بملاوێنێ،

{پیرە} داربەڕووی بەردەمم هەردەم سەوز بێ،

بشنێتەوەو هەر خشەی بێ..

سەر بە ئاستەم دانەوێنێ..

::::::::::::::::

لەدوورەوە لەبنارە غەریبو گەرمەکانەوە،

بەرەو باکوور بەهەڵەداوان تاودەدەم،

هۆ "کازبیك" هۆ، پاسەوانەکەی ڕۆژهەڵات،

گەڕیدەمو من سڵاوی گەرمو گوڕم بۆ هێناوی

★★★

لووتکەکانت لە ئەبەدەوە هەر سپین.

تەوێڵیشت چرچو لۆچن،

نە بێزاریو نە مینجە مینجی سەرکەشانەی مرۆڤیش،

دنیای بەرزت زویرناکەن!

★★★

زناری تۆ، دڵێ دێنێ، کە پڕە لە نزای بێدەنگ،

بەسەر دەشتی سەر بە ئەستێرە گیراوتا،
بۆ عەرشە ئەبەدییەکەی خودای دەبات،

***

نزاکەی من بۆ ڕۆژێکە ئێجگار فێنك،
تا لە دۆڵە گەرمەکانتا،
تا لە ڕێگە پڕ لە تەپو تۆزەکانتا،
تا لەم چۆڵە خەمناکەدا،
نیوەڕوانێ، لەسەر بەردێ،
ماندوویەتیم بدەم بە با

***

نزا دەکەم کە باو بۆران،
بە ناڵەناڵ بە تەدارەکی شەڕەوە،
لە شیوە تاریکەکانی "دەریاڵە"دا
لەگەڵ ئەسپە ماندووەکەما گیرم نەدەن

***

خۆزگەیەکی تریشم هەیە بێتە دی،
خۆ ناوێرم بیدرکێنم، دڵم دەلەرزێ،
بڵێی ئاخۆ لەو ڕۆژەوە کەوتوومەتە دەربەدەری،
لە نیشتمان بەیەکجاری منیان هەر لەبیر کردبێ؟!
یا وەك جاران باوەشم بۆ دەگرنەوە؟
بە ڕووی خۆش‌و بە گەرمی دێن بە پیرمەوە؟
ئاخۆ هاوڕێ‌و براکانم،

ستەمدیدەی ساڵەهای ساڵ دەناسنەوە؟!
یاخود بەناو گۆڕە ساردو سڕەکانا،
هەنگاو دەنێم بەسەر لاشەی مردووەکانما،
ئەوانەی هاوڕێی لاویم بوون،
بەسەر لاشەی لاوچاكو نەبەردەکانا

**

ئەگەر وایە بە زریانت،
بەبێ سێو دوو "کازبیك"* لەشم داپۆشە
لاشەی ئاوارەی هەردانت،
بەبێ ئەفسوس بە با بدەو بورووژێنە!

١٨٣٧

❖ *کازبیک شاخێکە لە ناوچەی قەفقاز, لێرمەنتۆڤ کە لەوێوە لە کاتی تەواوبوونی ئاوارەیی دووەمیدا گەڕاوەتەوە بۆ پیتەربورگ, ئەم شیعرەی نووسیوە,

زۆر دەمێك بوو، بە نیانی،
زۆر بە بێئارامییەوە،
بە هەستێکی شێتانەو یاخییانەوە،
ئەوان شەیدای یەکتر بووبوون،
بەڵام وەکو دوژمنی خوێنەخۆی یەك بن، هەردووك خۆیان،
لە ژوانو لە سکاڵای دڵ بۆ یەکتری هەڵڕێژان دەدزییەوە..
کەمدوو بوون لەگەڵ یەکتردا، ساردو سڕ بوو گفتوگۆیان،
بە دوودڵیو ئازارێکی سەرکەشەوە،
لە یەکتری جوێبوونەوە..
هەر لە خەونا جارجار سیمای شیرینی یەکیان دەبینی..
مردن هاتو لەناو گۆڕدا ژوان سازبوو،
بەڵام لەم دنیا نوێیەدا،
یەکترییان نەناسییەوە..

١٨٤١

❖ لێرمەنتۆڤ ئەم شیعرەی شاعیری ئەڵمانی هنری هاینەی بە دەستکارییەکی زۆرەوە کردووە بە ڕووسی. ئەم دوو دێڕەشی هەر بە ئەڵمانی لە سەرەوە نووسیوە: "ئەوان یەکیان زۆر خۆش دەویست, بەڵام کەسیان نەیدەویست, ئەم ڕازە لای ئەوی تر بدرکێنێ".

## بۆ ئا.ئۆ.سمیرنۆڤا

به دڵی ساکاری نەفامێکەوە،
ئاواتم بوو، لە نزیکترەوە بتناسم،
بەڵام ئێستا ئەو ئومێدە شیرینانەم
بەجارێ لەدەست دا..
ئای کە دیار نیت، قسەم لایە پێتی بڵێم!
لەبەردەمتا، حەزم لێیە گوێت بۆ شل کەم،
بە تووڕەییو بێدەنگی تۆ تیلەی چاوتم تێ دەگری،
لە داخانا منیش ورتەم لێوە نایەت،
ئەی چار چییە؟!
توانام نییە، بێ وتەو بە ڕازی شیرین،
دڵت بەرم،
گەر هەموو شتێ سەرجەم تەمو خەمی نەهێنایە،
ئای کە گاڵتە ئامێز دەبوو!...

١٨٤٠

## بۆ یادی ئا.یێ. ئۆدۆیڤسکی

بۆ ئەوانە، بۆ ئەو ئاواتانە خولقابوو،
بۆ شیعرو بۆ کامەرانی..
زۆر شەیدا بوو،
هەر زوو کراسی منداڵی دڕاند،
دڵیشی هاویشتە دەریای پڕ ژاوەژاوی ژینەوە،
نە جیهان بەزەیی پێدا هاتەوەو نە خوداش پاراستی،
بەڵام هەتا دوا هەناسەش،
لەناو هەراوهوریای سەختدا،
چ لەناو خەڵك و
چ لە دەشتە چۆڵەکاندا
ئاگری هێمنی هەست
لە دەروونیا نەکوژایەوە..
بریسکەی لازوردیی چاوی،
تریقەی منداڵانە،
گفتوگۆ و ڕازی پاراوی،
باوەڕی بەرزی بە خەڵك و
ژیانێکی دی، تا سەر پاراست*...

١٨٣٩

*ئەمە کۆپلێتێکە لە شیعرێکی درێژ. لێرمەنتۆڤ دەربارەی مەرگی ئۆدۆیڤسکیی هاوڕێی نووسیویەتی. شایانی باسە, لە وتارەکەدا کۆپلێتێکی هەمان شیعر هەیە.

# مەرگی شاعیر

شاعیرەکەی –کۆیلەی شەرەف-
بوختانو درۆی هەڵبەستراو لەناوی برد،
تینووی تۆڵەسەندنەوەبوو، بە سنگی بە گوللەوە،
بە سەربەرزی کۆچیکرد،
گیانی شاعیر، بەرگەی ئەتکی
وردە دڵیەشانی نەگرت،
دژی بیرو ڕای دنیای خوا پێداوان،
وەکو جاران بە تەنیا ڕاوەستاو کوژرا،
کوژرا، ئیتر بانگو شیوەنی بۆچییە؟!
مەتحی پڕوپوچو کۆرسی }ئایینی{ بێ مانا،
لیوەلەرەی درۆو بەتاڵ، ئەم پاساودانەی بۆ چییە؟!
بڕیاری چارەنووس ئەنجامدرا،
ئێوە نەبوون، هەر یەکەمجار ناحەزانە،
بەهرەی ئازاد،توانای گەورەیتان ڕاودەنا،
بۆ لاقرتیو گاڵتەکردن،
فووتان دەکرد لەو ئاگرە هەر بەئاستەم داگیرساوە؟!
چی تێدایە؟! ڕابوێرنو پێبکەنن،
{شاعیر} یارای ئازاری بەندو باوی ئەم دواییەی نەبوو:
وەکو مۆمی بلیمەتییەکی غەریب کوژایەوە،
ئیکلیلی تەدارەك ئاسا، ئەو هەڵوەری!
قاتڵەکەی بە خوێنساردی،

دەستی وەشاند، ئامان نییە!
دڵی بۆشی ئەو زۆر بەئارامی لێی دەدا،
دەستی بە دەمانچەکەیەوە نەلەرزی،
ئا ئەم بەڵای ناگەهانە سەیرە چی بوو؟
لە دوورەوە، وەکو سەدان ڕاکردووی تر،
کە وێڵی دوای پلەو پایەو کامەرانین،
چارەنووس فرێی دایە ناومان،
ئەو بە زەردەی پڕ تەوسەوە،
سووکایەتی بە {خۆمان}و
خاكو زمان، دابو نەریتی نامۆمان بە ئەو- دەکرد...
توانای نەبوو، کە بەزەیی بە بەخ، بە شانازی ئێمەدا بێتەوە،
توانای نەبوو، کە لەو ساتە خوێناوییەدا تێ بگات،
دەستی بۆ کام {تاوان}بەرز کردۆتەوە*،
وەك نێچیری ئیرەییەکی کەڕ،
کۆچیکردو چووە ژێر گڵ،
وەك ئەو گۆرانیبێژە نەناسراوە، بەڵام ژیکەلەو ئازیزەی،
کە خۆی بە هێزێکی سیحرئامێزەوە،
بەدڵ گۆرانی پیادا دەگوت،
هەر وەك ئەویش بوو بە قوربانیی بەڵای دەستی بێبەزەیی**

---

* مەبەست لە دانتێسی زڕکوڕی باڵیۆزی هۆڵەندییە, کە پوشکینی لەدوئێلدا کوشت.

** ئەمە ئاماژەیە بۆ شوێنێکی ڕۆمانە شیعرییەکەی پوشکین" یەڤگێنی ئەنێگین" کە باسی ڤلادیمێر لینسکی دەکات, کە داوای دوئێلی لە ئەنێگین کردو بەکوشت چوو.

بۆ لە خۆشیو ئاسوودەیی هاوڕێیەتی ساکاردوە،
خۆی هاویشتە ئەو دنیایەی*** کە بۆ دڵی ئازادو حەزی ئاگرین،
تەنگو پڕ لە ئیرەییە،
بۆچی دەستی دایە دەس بوختانکارە هیچو پووچەکانەوە،
بۆ باوەڕی بەقسەو ناز، بە ستایشی درۆ کرد؟
ئەوێك هەر بە لاوی لەخەڵك گەیشتبوو.

*** مەبەست لە دەستو دایەرەی قەیسەرە.

ئیکلیلەکەی لەوەو پێشیان لێ داماڵی،
ئیکلیلێکی لە غار بەڵام دڕکاوییان کردە ملی،*
بۆیە دڕکی نهێنی سیمای پیرۆزی
زۆر بەسەختی ئازاردەدا..
چپو هوڕی بوختانی نەزانان،
دوا ساتەکانی ژیانیان تاڵ کردبوو..
ئەو کۆچیکرد- بە خۆڕایی تینووی تۆڵە سەندنەوە بوو،
مرد بە خەمی نهێنیی هیوا بێئاکامەکانییەوە،
ئیتر دەنگی گۆرانییە شیرینەکانی نایەت، کپ بوون،
ئیتر قەت سەدایان نایەت،
مەنزڵەکەی گۆرانیبێژ تەنگو تارە،**
زاریشی چووەتە کلیلە،
هۆ ئەی نەوە بەفیزو کەشو فشەکەی،
بە خوێڕییەتی باوکە ناودارەکانتانەوە بەناوبانگ!
ئەی ئەوانەی {لەدڵدا} هەر هێشتا کۆیلەن،
پێتان ناوە بەسەر پرزۆڵەی لەت لەتبووی {ژینی} نەوە زیزەکاندا،
ئەوانەی بەخت یاریان نەبووە،

*لێرەدا ئیکلیلەکەی پووشکین، بەوەی مەسیح دەچوێنێ.
**مەبەست لە تابووتەکەی پوشکینە.

هۆ ئەی تۆقە بەخیلە ڕاوەستاوەکەی بەردەمی عەرش!
ئەی جەلادانی بەهرەو ئازادیو بەخ!
لە سای سێبەری یاسادا خۆتان مت کردووە،
لە بەردەم ئێوەدا، ڕاستی، دادگا هەموو لاڵو بێدەنگن!
بۆ شەڕواڵ پیسو مفتەخۆر،
دادگایەکی تر هەیە یەزدانییە،
دادگایەکی قورسو سەخت بەڕێوەیە،
گوێی لە زڕەی ئاڵتوونی نییە، باکی پێی نییە،
ئەو هەر پێشتر بە هەموو بیروکارو کەینو بەینێ دەزانێ،
ئەوسا، پەنا بۆ بەندو باوو بوختانو بردن،
دادتان نادات...
بێهودەیەو سەرلەنوێ بەهاناتانەوە نایەت،
هەرچی خوێنی ڕەشتان هەیە،
ناتوانێ خوێنی پاکی شاعیرە دڵسۆزەکەمان بشواتەوە*.

*بە شایەتی زۆر لە شارەزایانو لێرمەنتۆڤ ناسان, ئەم شانزە دێڕەی کۆتایی شیعرەکە, دواتر نووسراون. وەڵامێکی توندە بۆ هەڵوێستی لایەنگرانی دامو دەزگای قەیسەر لە (دانتێس), بەمەبەستی ئەوەی پوشکین لەبەر چاوی خەڵک ڕەش بکەن. - وەک وتمان- جۆرج شارل دانتێس (١٨١٢-١٨٩٥) یەکێک بووە لە شاپەرستە فەرەنساییەکان دووای ڕووداوەکانی ١٨٣٣ هەڵاتووە بۆ

ڕووسیا, زڕکوڕی باڵیوزی هۆڵەندا بووە, ئەم دانتیسە زۆر جار لە سەماگاو لە ئاهەنگی ئەریستۆکراتەکانی ناو کۆشکدا, دەورو خولی ناتالیای ژنی پووشکینی دەدا, کە یەکێک بووە لە هەرە ژنە جوانەکانی ئەو ڕۆژگارەی ڕووسیا... قەیسەرو دەستـو دایەرەکەشی دەستیان هەبووە لەمەداو, ئازاری پوشکینیان زۆر داوە. دوای دەمەقاڵەیەک, پووشکین لە وزەیدا نامێنێو داوا لە دانتێس دەکا بێتە مەیدانی دوئێلی.. ڕۆژی ٢٧ کانونیدووەمی ١٨٣٧ دوئێلەکە سازدەبێو پوشکین لەناودەچێت, لە ژێر فشارو ڕقو تووڕەیی خەڵکی ڕووسیادا دانتێس ڕەوانەی فەرەنسا دەکرێتەوە. شایانی باسە بۆ پەندکوێرکردنی ئەم قسەو قسەڵۆکە دانتێس خوشکی ژنەکەی پوشکینی هێناوە, بەلام هەر دانەکەوتووەو دوای مردنی پوشکین ویستوویەتی ناتالیا بهێنێ, بەلام بەرەکەت دا! شووی پێ نەکردووە, دەڵێن پوشکین داوای لە ناتالیا کردووە, کە شوی پێ نەکات.

# لایلایەی کازاکانە

ڕۆڵە شەنگەکەم، بۆ خۆت تێر بنوو،
باوکەکەم لایە!
مانگی ڕوون هێمن،
بەسەر بێشکەتدا بۆ خۆی دەڕوانێ،
رازت بۆ دەکەم،
گۆرانییەکت من بۆ دەسترم....
وەنەوزان بدەو چاوان لێك بنێ!
باوکەکەم لایە،
ڕۆڵە لایلایە
بەسەر زناردا "تیریك***" دەرژێو پەخشدەبێتەوە،
شەپۆلێکی لێڵ هاتو هاژەی دێ!
چچێنیەکی*** گوندەو جەربەزەش،
لەو کەنارەدا خەنجەر تیژ دەکاو
سکە خشەی دێ.
هیچ خەمت نەبێ!
جەنگاوەرێکی لە شەڕدا قاڵبووی کۆنە باوکی تۆ
دڵ لەدڵ مەدە و
مەلۆتکەم بنوو! باوکەکەم لایە!
ڕۆڵەم لایلایە
بۆ خۆت دەزانی، کە ڕۆژگارێ دێ،

ژیان تاڵدەبێ،
تۆ چەك هەڵدەگریو پێ دەنێیتە ناو ئاوزەنگییەوە،
سەرزینی جەنگیت لە شاڵ بۆ دەدرووم،
بنوو کۆرپەکەم! باوکەکەم لایە!
بەسیماو باڵا پاڵەوانانەو
دڵ کازاکانە تۆ گەورە دەبی،
ڕەوانەت دەکەم،
تۆش دەستت بۆ من هەڵدەتەکێنی،
ئەو شەوە بێدەنگ فرمێسکی سوێرت بۆ هەڵدەڕێژم،
فریشتەم بنوو، خەونت شیرین بێو خەوی خێرت بێ!
باوکەکەم لایە!
بەبێ ئارامی چاوەڕێتدەکەم،
سوێمدەبێتەوە هێندەت بیر دەکەم!
ڕۆژ تا ئێوارە {دەم بە نزاوە}
نوێژت بۆ دەکەم،
بە درێژایی شەو دڵەڕاوکەمە
غایلەت دەکەم!
وام بە بیردا دێ، لەهەندەراندا،
غەریبی دەکەی!
هەتا پەژارەو مەراق نازانی،
بنوو کۆرپەکەم{هەتا بەیانی}
باوکەکەم لایە!

بۆ ڕێ ئەیکۆنەی**** پیرۆزتە دەمێ،

تۆش لەبەردەمتا،

دایبنێ کاتێ، کە بۆ نوێژ کردن ڕوودەکەیتە خوا!

کە بۆ شەڕێکی قورس و سەخت دەچی،

دایکت بێتە یاد!

کۆرپە شەنگەکەم دەلایە لایە،

بۆخۆت تێر بنوو،

باوکەکەم لایە!

*کازاک: ڕووسی باشوری ڕووسیاو سەر ڕووباری ڤۆلگان، بە ئازایەتیو سەرسەختی بەناوبانگن، وەختی خۆی زۆریان پاسەوان و سەبازی تایبەتی قەیسەرەکان بوون.

**تیریک: ڕوبارێکە لە باکووری قەفقازەوە دێ و دەڕژێتە دەریای قەزوێن.

***چچێن: میللەتێکی قەفقازی چیاین، بە ئازایەتی بەناوبانگن، شەڕیان لەپێناو پاراستنی داب و نەریت و کولتووری نەتەوەییاندا زۆرکردووەو دەیکەن.

****ئەیکۆنە: وێنەی ئایینی پیرۆزی گاورانە.

## گۆڕی جەنگاوەرێك

زۆر لەمێژە، بەیەکجاریو بۆ هەمیشە،
پێڵووی نووستنی لێك ناوە،
{خۆڵی} گرد بەسەر گۆڕیا بێژراوە،
بە هەرێزو شینایی دەوری گیراوە

****

مووی سپی ئەو پیرەپیاوە،
لەگەڵ خاکدا ئامێتە بوو،
لە کۆڕی مەیو ئاهەنگدا،
ئای جاران چۆن بەسەر شانیا ئاڵۆز دەبوو!

****

مووی سەری هێندە سپی بوو،
دەتوت کەفی شەپۆلی دەم زنارە،
ئەو زارەی وا گەرموگوڕی گفتوگۆ بوو،
ساردو سڕی یەکەم جارە خستویەتی لەدەمو دوو،

****

کەخۆی دەکرد بەناو دوژمنیا بە تەنیا،
لە ترساندا ڕوویان سپی هەڵدەگەڕا،
کەچی ئێستا ڕووخساری خۆی،
سپییە وەك هی دوژمنەکانی و ئەوسا...

****

خاکی شێدار گەرچی سنگی داپۆشیوە،

بۆی نەبووە بە {سەنگێکی} قورس،
بەسەر ڕوویدا ئێستا کرمیش،
دێتو دەچێ بێ سامو ترس،

****

گوایە بۆ ئەوە ژیاو شمشێری هەلگرت،
تا لە ساتی ئێوارەیەکی عەدەمدا،
هەڵۆی بەرزە فڕی سارا،
بفڕێ بەسەر گردی گۆڕستانەکەیدا

****

هەرچەندە گۆرانیبێژی خاکی نیشتمان
زۆر جار پێیدا هەلگوتووە،
گۆرانی هەر گۆرانییەو ژینیش ژیان،
ئەو بۆ ئەبەد چاوی لێکناوەو نووستووە

ئۆکتۆبەری ١٨٣٠

سەرجەمی بەرهەمەکان, ب ا, لینیگراد, ١٩٧٩
ل ١٦٢-١٦١

## مردن

ئاگری زەردەی ئێواران وا دەسووتێ،
من بێدەنگ لە پەنجەرەوە تێی دەڕوانم،
ڕەنگە سبەش بەسەرمەوە پزیسکەی بێ،
با لە لاشەی ساردی نەبزووتووی بێگیانم،
هەر مەراقێ دڵی چۆڵمی داگرتووە،
هەرچەندە دوورە، بیرم وا لای دەزگیرانم،
فرمێسکی ئەو، کە دەمرم داخی گرانم،
ناکەوێتە سەر لاشەی زەردبووی بێگیانم،
نە هاوڕێیەك، نە برایەك دێتو زاری
ماڵئاوایی بنێتە سەر گۆناکانم،
دەستی سۆزی بەبەزەیی غەریبەیەك
لەناو گڵدا هەڵدەبەستێ گۆڕستانم،
لە تاریکی نەبڕاوەدا گیان دەخنکێ
هۆ شەنگەکەم، ئاخ هەڵکێشەو }گوێت لەمن بێ{!
کەس نەبووە وا بە دڵی پاك، بە جۆشی پڕ لە کڵپەوە
هێندەی من تۆی خۆشویستبێ

١٨٣٠

هەمان سەرچاوە, ل١٦٣

## ئێوارەی پاش باران

من دەڕوانمە پەنجەرەو دەکوژێتەوە قوببەی ئاسمان،
دوایین تیشکی ماڵئاوایی، لە چاوانی فریودراودا،
لەسەر ستونو گومەزو دوکەڵکێشو چلیپاکان،
بریسکەی دێ.. هەوری تاریی ئاقارە ئاگرینەکان،
ئەڵقەی داوەو بووە بە ماری پێچخواردووی ئاسمان،
کزە کزی با بە پەلە، بەنێو باغچەدا ڕادەکا،
لاسکی تەڕی گژوگیا دەهێنێو دەبا
هەر گوڵووکێ لەنێویاندا دڵەکەی منی بردووە،
گەوهەرێکەو وا پێ دەچێ ڕۆژهەڵاتی جێهێشتووە،
شەونمی سەری دەلەرزێ، بەلارەوە ملی ناوە،
دەڵێی کچەو خەمی سەختی چارەنووس گیری هێناوە،
{بزەو} شادیی دڵو گیانی بەیەکجاری لە دەست داوە،
هەرچەند فرمێسك لە چاوانی ئاگرینییەوە دادەکا،
بە هەموو ئەمانەشەوە هەر جوانیی خۆی دێ بەیادا...

١٨٩١

هەمان سەرچاوە, ل ٩٤

ئەم وەرگێڕانە لە "پەیڤ"- ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٨٣, لە لەندەن, بە پڕ لە هەڵەی چاپەوە بڵاوبۆتەوە.

# دەربارەی دۆخی ئێستای سیمبۆلیزمی ڕووسی

**نووسینی ئەلیکساندەر بلۆك**

ئەرکی ڕاستەوخۆی هونەرمەند ئەوەیە: پیشانبدات نەك بسەلمێنێ بەڵام کاتێ دەست بە وەڵامدانەوەی وتارەکەی ڤ . ئی. ئیڤانۆڤ دەکەم[1]، لە ئەرکی ڕاستەوخۆی هونەرمەندێك لادەدەم.

باری ئێستەی وشەی هونەریی ڕووسی، بە ئاشکرا دەریدەخات کە ئێمەی ڕەمزییەکانی ڕووسیا، بەشێکی زۆری ڕێگای خۆمان بڕیوەو ڕووبەڕووی هەندێ ئەرك‌و کاری نوێ بووینەتەوە. لە ساتێکی ڕاگوزاری‌و وێنەی ئەو ڕۆژانەی ئێمەی تێدا دەژین، زۆر ئاشکراو دیارە، کە ئێمە هانا بۆ یادگارەکانی خۆمان دەبەین‌و بەهۆی جەمسەرو تاڵە دەزوویانەوە، پێش هەمووکەسیش بۆ خۆمان تا خەڵکی تر، بڕیاردەدەین‌و ئاماژەی ئەوە دەکەین کە بنەچەو بنەمای ئێمە کێیەو لە چ وڵاتێکەوە هاتووین. لە کەناری زەریای ژیان‌و هونەرەوە سواری کەشتی بووین‌و گەلێکیش لێی دوور کەوتووینەتەوە بەڵام هێشتا ئەو کەنارە بەتەواوەتی جیاناکەینەوە، وا خەیاڵمان هێزو بڕوای داهێنانمان بەرەو لای بە کێشمان دەکا: چەند کەسێکی کەمین‌و بە دوژمنیش ئابڵووقەدراوین. لەم ساتی گەورەی نیوەڕۆیەدا ڕوونتر یەکتری دەناسین، دەستی تەزیوی یەکدی دەگوشین‌و ئاڵای نیشتمانمان هەڵدەکەین.

(فێتە) واتەنی مەسەلەکە ئەوەیە، هەموو هونەرمەندێ مەبەستییەتی ﴿بەگیان‌و بێ وشە بدوێ﴾.، لەبەجێ هێنانی ئەم ئەرکە گرانەدا، کە

گرتوومەتە ئەستۆی خۆم، نیازمە باسی ئەو ڕێگایە بکەم وا بڕیومانەو پێشبینی داهاتووش بکەم، هەر بۆیە بێ ئەوەی خۆم بمەوێ، زمانێکی تایبەتی هەڵدەبژێرم. لەبەرئەوەی بیروڕا بنەڕەتییەکانی، میتۆدو پێناسە گونجاوەکەی ڤ. ئیڤانۆڤم بەدڵە، بۆیە زمانی خۆم ناودەنێم زمانی بە وێنەوە ڕوون کراوە "ئیلۆسترەیشن". کتومت ئامانجی من ئەوە نییە ئەو شتانەی ڤ. ئی. ئیڤانۆڤ دەیانڵێ بخەمە ڕوو، زاراوەکانی لێك بدەمەوە، هەروەها ئەو "ئیلۆسترەیشن"ـە، کە بۆ ڕازاندنەوەی دەقەکەی ئەو بەکارم هێناوە، پیشان بدەم. چونکە منیش لەو کەسانەم، وا لایان ڕوونە، چ واقیعێك لە پشتی وشەکانییەوە خۆی حەشارداوە. لەیەکەمجاردا بە شێوەیەکی ئەبستراکت (تجریدی) داواتان لێ دەکەم قسەکانم بەو گیانەوە وەرگرن، کە ئەرکە دەوریان هەیە. هەروەك دەلیلەکەی (بیدیکەر)[٢]، ئەوەی گەڕۆك لەبەر پێویستی بەکاری دێنێ. ڕونتر ناتوانم بدوێم. ئەوانەی قیبلەنوماکەمان بە تەماوی‌و نادیار دەزانن، وڵاتەکەشمانیان لا هەروەهایە. کەسێ بیەوێ تێبگا، تێ دەگا. من جارێك ڕابردووەکەم سەلماندووە و پەیوەندیی ناوەوەی ڕووداوەکانم گونجاند، بۆیە ئیتر لەم بارەیەوە بە باشی دەزانم بێدەنگ بم.

پێش ئەوەی باس لە تێزو ئەنتیتێزی سیمبۆلیزمی ڕووسی بکەم، دەمەوێ تێبینییەکی تر بخەمە ڕوو: بێگومان لێرەدا مەبەستم لە مێژووی ڕەمزییەت نییە، چونکە ناتوانرێت کرۆنۆلۆگیای ئەوە بە تەواوەتی دیاری بکرێت، بەتایبەتیش کاتێ باسی ئەو ڕووداوانە دەکرێت، کە لە جیهانی واقیعدا ڕوویان داوەو ڕوودەدەن. ئەمە تێزەکەیە: "تۆ لەودنیا سیحراوییەدا ئازادی!"، ئەو دنیایە هی تۆیە، چیت دەوێ دایبهێنە!، " تێبگە، تێبگە هەموو نهێنییەکان لای خۆمانن، شەوەزەنگ‌و بەرەبەیانیش!" (برووسۆڤ) "من -

خودای دنیای نهێنیم، هەموو دنیا تەنیا لە خەونەکانی مندایە (سۆلۆگۆب) " بە تەنیا تۆ خاوەنی کلوور (خەزنە)کەی، بەڵام لە تەنیشت تۆوە کەسانی تریش هەن ئاگایان لێیەتی (یان وا دەردەکەوێ دەزانن، ئەمە گیروگرفت نییە!)". ئا لێرەوە ئێمە چەند کەسێکی سیمبۆلیستی ئاگادارین.

لەوساتەوە کە لە گیانی هەندێ کەسدا ئەم بیرانە چەکەرە دەکەن، سیمبۆلیزم لە دایك دەبیَو قوتابخانەکە دروست دەبێ. ئەمە ـ نۆلاویەتییە، تازەخوازیی منداڵانەی هەوەڵ دۆزینەوەیە. لێرەدا کەس نازانێ هێشتا ئەوی تر لە کام دنیایەدایە، تەنانەت ئەمە دەربارەی خۆشی نازانێت، هەموو هەر چاو دادەگرنو لەسەر ئەوە ڕێکن، کە جیاوازی لەنێوان ئەم جیهانانەو "ئەوانێکی تردا" هەیە...

ئەو هێزانەی دۆستن بۆ "ئەو دنیایەی تر، بۆ ئەو جیهانە نەدۆزراوە و نەبینراوە خەبات دەکەن".

دڵێکی جەربەزەو ناشی دەچپێنێ: "تۆ لە دنیا ئەفسوناوییەکاندا سەربەستی!" کەچی تیغی شمشێری نهێنی ئاراستەی دڵەکان کراوە. سیمبۆلیست هەر لەسەرەتاوە خاوەن (تیۆرگ)٣ پەرجوو (موعجیزە)یە: هەلگری ئەو زانیارییە نهێنیانەیە، کەوا کاری نهێنیشیان بەدوادا دێ. بە چاوێکیشەوە وەك بەخۆیدا بڕوانێ- سەیری ئەم نهێنییەی کە دەبێتە هی هەموو جیهان ـ دەکات. ئەم کلوورێکی تێدا دەبینێ کە لە نیوەشەوێکی حوزەیراندا گوڵی وەنەوشەی پێوە دەپشکوێو دەیەوێ لەو نیوەشەوەدا "گوڵووکی شین"٤ بچنێ.

لە ئاسۆی ئاسمانیی نیگای تیشکداری کەسێکدا پەرجوو پەیدادەبێ، ئەم نیگایە وەك شمشێر وایە، بە هەموو جیهانەکاندا "بە دەریاو ڕووبار، بە

دارستانی دوورو لووتکەی بەفرینی شاخەکاندا"[٥] ڕۆدەچێ، بەناو هەموو ئەم جیهانانەشدا لە سەرەتادا ـ تەنیا بریسکەی زەردەخەنەی هێمنانەی کەسێکی ـ دەگاتە لا.

بە ڕۆژ وەنەوز دەدەی یا کە نیوە شەوێ،
بێداردەبیتەوە،
کەسێ لێرەیە، ئێمە هەردووکمانین، ـ
یەکسەر نیگای لازووردیی چاوێك،
لە شەوێکی تاریکدا، یان بە ڕۆژ،
بە قووڵی دەڕوانێتە گیانت،
سەهۆڵ دەتوێتەوە،
باهۆزەکانی دڵ ئارامدەبنەوە،
گوڵاڵان دەپشکوێنو دەکرێنەوە،
تەنیا ناوی کچێکی تیشکدار هەیە،
تۆ پەی پێ دەبەی؟!
(ڤ. سۆڵەڤیۆڤ )

ئەو دنیایانەی کە نیگایان لە تیشکی لازوردیی شمشێرە، زیاتر پڕبانگو هاوار دەبنو لەقووڵاییانەوە دەنگە پڕ هەراو مۆسیقاییەکان دێ، بانگ، چپە، تەنانەت وشەش! لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەنگ دەگرنە خۆ (لێرەدا بۆ یەکەمجار زانیارییەکی تەواو دەربارەی گوڵ پەیدا دەبێت)، لە کۆتاییدا دەبیتە خاوەنی ئەو گوڵەی (هەرچەندە ڕەنگە وەك من ناوی دەبەم وانەبێ) بەڵام حەز دەکەم پێی بڵێم ئەرخەوانی ـ سۆسەنی.

شمشێری زێرین بە ناخی دنیای ئەرخەوانی ـ سۆسەنیدا ڕۆدەچێ، بە شێوەیەکی چاو بە شەوارەخەر گڕی تێبەردەبێو دڵی پەرجوو دەسمێ. ڕووخسار دەچێتە ناو گوڵە باخە ئاسمانییەکانەوە، دەنگەکە دەناسرێتەوەو، گفتوگۆیەك دێتە ئاراوە، لە بەرهەمەکەی ڤ.سۆلۆڤیۆڤ ـ "سێ ژوان" دەچێ، کە تیایدا دەڵێ: "سێ جار نەبوو کە تۆ خۆت دایە دەست نیگایەکی زیندووەوە، ڕوخساری تۆ وەدەرکەوت، بەڵام هەر دەمەوێ بتبینم". دەنگەکە دەڵێت "تەنانەت لە (میسر)یش بێت". ئەمەیە کۆتایی تێزەکەو ئیتر سیحری گۆڕانەکە دەست پێدەکات.

ئەوساتە گۆڕانی سیماکە بە ڕوونی دەردەکەوێ، وەکو ئەوەی هەست بکرێ کەسێك کۆمەڵێ دەستی زۆری هەبن و لە تاریکییەتی ئەرخەوانی ـ سۆسەنیدا، دەستەکانی لە شانی خۆی بکەون ـ تاریکییەك، کە لە ئاڵتوون هەڵدەکێشرێو پێشبینی ناشتنێکی گەورە دەکرێ ـ پەرجوو وەڵامی هاوارەکە دەداتەوە:

لەو شەوە ئاڵتونییە ئەرخەوانییەدا
دیارە ئیتر پێکەوە نابین،
لە نێوانی گوڵەباخە ئاسمانییەکاندا،
شتێکی زریان ئامێز هەیە،
کە لە نیگاکانی تۆدا بەدیم کردووە[٦]

زریان ئەوەتا هاتووە بە ڕووی سیما پڕ تیشکەکەدا، وا کەوتۆتە بڵاوبوونەوەو درەوشانەوە، واتە ـ ناوە، پەی پێبراوەکە. ڕەچاوی هەموو شتێ کراوە، تەنیا: خاڵی مردووی تەدارەك نەبێ. ئەمە ئاڵۆزترین ساتی تێز بە ئەنتیتێز بوونە و پێشتر لە ئەنجامی تاقیکردنەوەو کارامەیی گلێر بووەوە، دروست بووە کە دەتوانم واهیمەی دەست تێوەردانی کەسێکی نامو (لای من

نەناسراوی) بە بەڵگە بۆ بهێنمەوە. هەر لە سەرەتاوە هەست دەکرێ، هەموو تابلۆی ژانەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە "ئەنتی تێز" ەوە تا "گۆڕانی ڕووخسار" دەگۆڕێ، ئەم ڕووداوانەش بەڵگەو گەواهی ئەمەن.

چۆن بتوانی پەرجوو بگێڕیتەوە بۆ ڕوونیی بەیانیان. کە لە ناکاودا هەنگاو بەسەر دەزووی زێڕینی پەرجووە پشکووتووەکەدا دەنێ‌و تیغی شمشێرە پڕ تیشکەکە دەبریسکێتەوەو لەناو دڵدا هەستی پێدەکرێ. ئەو جیهانانەی تیشکی زێڕینیان تێدا بڵاودەبێتەوە نرخی ئەرخەوان لەدەست دەدەن، هەروەك لە نێوانی بەستێکی ڕووخاوەوە تاریکییەکی شینی ئەرخەوانی (چاکترین نیگاری ئەم گوڵانە ـ لای فرۆبیلە)، بە هاوئاهەنگی دەنگی دڕاوی کەمان‌و گۆرانیی قەرەچانەوە هەڵدەچێ. ئەگەر من تابلۆی ژانی ئەم ساتەم بکێشایە ئاوەها دەبوو: لە تاریکیی سۆسەنی دنیایەکی چۆڵدا، تابووتێکی گەورەی سپی جۆلانە دەکات، بووکە شوشەیەکی بێگیانی لەسەر ڕاکشاوە، ڕووخساری بە شێوەیەکی تەماوی، سیمای ئەو کەسەت وەبیردێنێتەوە، کەلەناو گوڵە باخە ئاسمانییەکاندا دیار بوو.

ئەم چرکەیە پێویستی بە بیری تیژی ڕوون‌و بریسکانەوە و ژانی جۆراوجۆری تایبەتی دانسقە هەیە. لە تاریکیی سۆسەنیی جیهانە (شەپۆل دەرەکەدا) ـ هەرچەندەش یاساکان بەجۆرێکی ترن ـ بەڵام بە پێچەوانەی جارانەوە هاو ئاهەنگییەکی تەواو هەیە، چونکە شێرە زێرینەکە نییە. ئێستا لەسەر بناغەی دەنگی گوێ کەرکەری ئۆرکستراکە، لە هەموو شتێ بەرزتر ئەم پەڵمەی گریانە بە جۆشە دێ: "جیهان زۆر شەنگە، جیهان ئەفسووناوییەو تۆ ئازادی!"[٧].

هەست کردن بەم هەموو شتە ـ تەنیا یەکێ نییە، پڕە لە (دیمۆن"دیۆ" بە شێوەیەکی تر "دوومان"ی پێ دەڵێن)، لە مانەیان خواستی داهێنەری تووڕەی، بە ئارەزووی خۆی کۆمەڵێ پیلانگێڕی بەردەوام پێکەوە دەنێ و بەردەوام دەشیان گۆڕێ. لە هەموو چرکەیەکدا بەیارمەتی ئەم پیلانە بەشیکی گیانی خۆی لە خۆشی دەشارێتەوە. بە هۆی ئەم تۆڕی هەڵخەڵەتاندنە بزێوانەوە، هەتا ئەو تاریکییە سۆسەنییەی دەوروپشتی سیحراویتر بی، ئەو چاکتر (دیمۆن)ەکانی دەکاتە چەکی دەستی، دوومانەکانیشی بەیەکەوە گری دەدا. هەموویان لەسەر خواستی ئەو لە دنیا سۆسەنییەکەدا بەهادارترین شتی بۆ دێنن، ئەو شتانەی نایەوێن: یەکێ پەڵە هەورێکی بۆ دێنێ، یەکێکی تر هاڵاوی دەریا، سێیەم یاقووتیکی جەمەستی، چوارەم کوەسارەیەکی پیرۆز، چاوێکی باڵدار. ئەم بەرێزە هەموویان فڕێدەداتە تەنووری داهێنانی هونەریی خۆیەوە لە کۆتاییدا بە هۆی هیزو خواستییەوە شتە ئاواتییەکەی- بووکەشوشە جوانەکەی خۆی، بۆ سەیرو ڕابواردن بەدەست دێنێ.

ئاوەها ئەو دنیا ئەفسوناوییەی من دەمویست هاتە کایەوەو بووە مەیدانی شەخسیی خۆم: "شانۆی ئەنەتۆمی من" یان شانۆی کۆمیدیم. لەوێ خۆم و بووکڵە جوانەکەم دەوردەبینین (هۆ مرۆڤ!) شمشێری ئاڵتوونی ون بوو، دنیا سۆسەنییەکان لەناو دڵما بریسکانەوە، زەریا ـ دڵی منە، هەموو شتێکی سیحراوییە، ژیانم بۆ لێك جوێ نابێتەوە، خەو و مردنی ئەم دنیایەو ئەوانی تریش (بۆ ساتێ ڕاوەستە!) ئاشکراتر بلێم، من ژیانی شەخسیی خۆمم کردۆتە هونەر (ئەو تەقلیدەی بە شێوەیەکی ڕوون بە هونەری وێرانکارانەی ئەوروپادا تێدەپەڕێ). ژیان بۆتە هونەر، پتەو و کارامە بووم، لە کۆتاییدا ئەو

شتە لەبەردەمما قووتبۆتەوە. کەمن خۆم ناوم لێناوە: "ئافرەتە نەناسراوەکە" - بووکە شوشە جوانەکە، تارماییە شینەکە، پەرجووی ئەم دنیایەیە. ئەمە تاجی ئەنتیتێزە.

ماوەیەکی زۆر شادییەکی باڵدارو دڵ فێنککەرەوە بە دەوری ئەم داهێنراوەدا پەیدا دەکا، کەمانەکانیش بە زمانی خۆیان وەسپی دەکەن.

ئافرەتە نەناسراوەکە، بە تەنیا ئافرەتێکی کراسی ئاودامانی ڕەش لەبەر نییە، کە شەپکەکەی پەڕێکی وشتر مەلی پێوە بێت. ئەمە تافی شەیتانانەی گەلێ لە دنیاکانە. زۆر زۆریش شینو سۆسەنییە. ئەگەر تواناو کەرەسەکەی (ڤرۆبیل)م هەبووایە، (دیمۆن)ێکم دروست دەکرد، بەڵام هەرکەسەو ئەوە دروست دەکات (دەرۆستی دێت)و بۆی دیاریکراوە.

ئەوەی بەم شێوەیەو لە ئەنجامی توانای ئازادیی هونەرمەندەوە بەیارمەتی هەندێ لە (دیمۆن)ە گچکەکان دروست بووە. ئەو (دیمۆنانەی) لەبەردەستی هەموو هونەرمەندێکدا دەست لەسەر سینە ئامادەن، نە بەراییان هەیەو نەکۆتایی - ئەویش (واتە بەرهەمەکە) نە زیندووەو نەمردوو.

ئەستێرەکان پزیسکیان لێ دەبێتەوە،
شین... شین نیگایەکی شین،
لە نێوان زەویو ئاسماندا
بڵێسەی ئاگرێکی بەرزبووەوەیە....

**"زەویی بەفر گرتوو"**

لەوێ لەشەوی ساردی پڕ دەنگو لوورەدا،
لە دەشتی ئەستێرەکاندا ئەڵقەیەکم دۆزییەوە،
ئەوەتا ڕووخسار لە نەخشو نیگارەکانەوە دروست دەبێ

سیما دەڕسکێ
گۆرانییە زریانییەکان مەلە دەکەن،
(شەپۆل دەدەن)،
ئەستێرە پرشنگدارە پزیسکدارەکانیش
قەلەندەرانە وێڵن
دەفی فڕیوی زریان،
بە زەنگڵەکانی، بەبێ ئارامییەوە دەزرنگێتەوە،
"شادیی بیکێشە"

ئەمە هونەر داهێنانە. بۆ من ئەمە بەڵگەی بەدیهاتووە.من لەبەردەمی ئەو هونەرەدا خۆم دامهێناوە، دەوەستم نازانم چی بکەم! ڕونتر بڵێم، ئەوەی دامهێناوە لەگەڵمدا دەژی نەزیندووە، نەمردووشە، تارماییەکی شینە. بە ڕوونی "لە نێو هەردوو برۆی هەوردا تررووسکاییەك" دەبینم. شەرابی "ئیرۆس" ی ڤ.ئیڤانۆڤ، بە ئاشکرا سەدەفی (ڤرۆبیل ـ "دیمۆن"، "شاژنی قوو") لێك جیادەکەمەوە یان گوێم لە خشەی شاڵی "ئافرەتە نەناسراوەکە"یە بەڵام هەموو تاپۆو تارمایین.

لەم بارو زروفەدا مەسەلەی بەلەعنەت کردنی هونەر ـ "گەڕانەوە بۆ ژیان"، "خزمەتی کۆمەڵ کردن" کەنیسە، "میللەتو ڕۆشنبیران" دێتە ئاراوە.

لەچوارچێوەی سیمبۆلیزمدا زۆر ئاساییە. گەڕانە بەدوای شمشێرە زێڕینە ونبووەکەدا، کە دیسانەوە ئاودیوی دەبێتو جیهانە سۆسەنییە ژاوەژاوکەرەکان ڕێکدەخاو هێوردەکاتەوە.

نرخی ئەم گەڕانو پەیجۆرە لەوەدایە، کە بەتایبەتی واقیعییەتی "ئەو دنیایانە" بە ئاشکرا دەدۆزێتەوە، لێرەدا بەچاکی ئەوە دەسەلێنرێت، کە هەموو ئەو جیهانانەی ئێمە دیومانەو ئەو ڕووداوانەی تیایاندا ڕوویانداوە، بەهیچ شێوەیەك گەوهەری "بۆچوونەکانی ئێمە نین"، بە واتایەکی تر "تێز" و "ئەنتی تێز" مانایەکی خۆیی وەك یەکیان نییە. بۆ نموونە لە کاتی ئەم پەیجۆرەدا گەوهەری شۆڕشی ڕووسی دەنرخێنرێ، واتە: هەموو هۆ مێژوویو ئابوریو...هتد، کە بووەتە نیوە واقیعێكو هەندێ لە هۆکانی زۆر بەرز هەڵدەسەنگێندرێنو دەسەلێنرێن. بە پێچەوانەی ئەو بیرو ڕا ساکارەوە، کە دەڵێ: "گوایە شۆڕش ئێمەی داگیر کردووە!" ئێمە دژی ئەم ڕایەین: شۆڕش نەك تەنیا لەم ڕووەوە بەڵکو لە دنیای تریشدا ڕووی داوە، شۆڕش دەرکەوتنی ڕەشبوونی زێرو تەدارەکی تاریکیو ڕوونی سۆسەنییە. مەبەست لەم ڕووداوانەیە، کە لە گیانی خۆماندا ڕوویانداوە شایەتی حاڵیان بووین. هەروەك لەناخی ئێمەدا ئاوەهاش لە ڕووسیادا شتێك ڕوویداوە، وەك لەبەردەمی گیانی میللیدا، ئاوەهاش لە بەردەمی ئێمەدا تارماییەکی شین قووت بووەوە. ڕووسیا لەبەر ئەم تیشکە نوێیە میللییەدا (کەزۆر جوانیش نییە بەڵام بە شێوەیەکی تەقلیدی بە (نیکراسۆف)ەوە بەستراوە) بووە گیانی ئێمەش.

ئا لەم ساتانەدا مەسەلەکە وا کەوتۆتەوە: بە یاخیبوونی دنیا سۆسەنییەکان هێوردەبێتەوە. ئەو کەسانەی وەسپکەری تارماییەکەن، لە کۆتاییدا سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەوانە گوایە دەتوانن بەکوڵ بگرین، لەگەڵ ئەو بڕوایەدا کە پیرۆزیان دەکات بگرین... هاواری بەرزی بە تەدارەکیان لە سەرەتادا دەبێتە گریان (گیانی جیهانی (یەزدان) لە

دەشتەکاندا بێئارامی دەنێتەوە. نزیکەی هەمووی هێوردەبێتەوە. تارماییە سۆسەنییەکە دەڕەوێتەوە، دەشتێکی کاکی بەکاکی دەردەکەوێ، خامە گیانی چۆڵ کردووە. دەشتێکی دووروچۆڵ بەسەریشییەوە دوا وریاکردنەوە ـ ئەستێرەیەکی کلکدار؟ـ . لە هەوایەکی بزێودا بۆنی چوالەبادەم دێ (بە واتایەکی تر، لەم بارەیەوە بڕوانەرە، شانۆگەرییەکەی من "گۆرانیی چارەنووس"))

ئەو واقیعەی باسم لێوە کردووە، تەنیا شتێکە کە بیری ژیانم دەداتێ، دنیاو هونەرم دەداتێ، ئەو دنیایانە هەن یان نین؟ لای ئەوانەی دەڵێن نەء ! ئێمە دەبینە (دژەهونەر) دەربڕینی هەستو ژانێکی نادیار، بۆیەشە ئێستە باسی مردن دەکەین، چونکە ماندووبووین.

سەبارەت بەخۆم دەتوانم بڵێم، ئەگەر هەرکاتێك وابووبێتم، ئێستە بەتەواوەتی تاقەتی ئەوەم نەماوە، شتێ کە لەخۆم دوور ترو بەرزترە، بەکەسێ بسەلمێنم. ڕێگاش بەخۆم دەدەم کە بە دڵسۆزییەوە داوا لە ڕەخنەگرانو خەڵکیش بکەم وەختی خۆیان بە تێنەگەیشتن لە شیعرەکانی منەوە بە فیڕۆ نەدەن.چونکە خۆم لەم وتارەدا باسی ئەو شتانەم کردووە. کە لە شیعرەکانمدا بەڕوونیو فراوانتر باسم کردوون، ئەوانەشی کە حەزدەکەن لە نزیکەوە لەو ژانو هەستە دەربڕاوە بگەن دەتوانم هەر ڕووبەڕووی شیعرەکانمیان بکەمەوەو ڕەوانەی لای ئەوانیان بکەم.

ئەگەر وایە واتە ئەگەر ئەم دنیایانە هەن، دەبێ دەربڕینیش هەبێ، یا هەبوایە، (نابێ ئەوەش نەزانم)، کە سەیردەبوو ئەگەر ئێمەیان لە بارو زروفێکی تردا ببینیایە، پێشنیارمان بۆ دەکەن: گۆرانی بڵێن، ڕابوێرنو باس لە ژیان بکەن، بەڵام ڕووخسارمان هەڵپروکاوو تێکچووی تاریك و ڕوونە

سۆسەنییەکەیە. ئەوانەشی وەك "پەیامبەری خەوو مردن" ناومان دەبەن دەشێ پرسیاریان لێ بکرێ، ئەوان لە سەردەمی "تێز"و "ئەنتی تێز"ەکەدا لەکوێ بوون؟! یان هێشتا لەدایك نەبووبوون، یا گومان لەهیچ ناکەن؟! ئەم ڕووانگەی بینینەیان هەبوو یان نە، ئەوان سیمبۆلیستن یان نا؟!

دەبێ بە سیمبۆلیست لەدایك ببیت، لێرەوەیە ئەو لاوەکییەتیو نەزاندوویەتییەی بەناو (ریالیست)ەکان ئەوانەی بە هەموو توانایانەوە دەیانەوێ ببنە سیمبۆلیست لێی دەدوێن ، ئەم هەوڵدانەیان چەنێ ئاشکراو دیارە، هێندەش گوناحانەیە! خۆری ڕیالیزمی سادە و ساکارانە ئاوابووەو لە چوارچێوەی سیمبۆلیزمدا نەبێ، چ بیرو داهێنانێك لە وزەدا نییە. هەرلەمەشەوەیە کە تەنانەت نووسەرە خاوەن بەهرەکانیش ئەگەر بە "ئاگروگیان"ی سیمبۆلیزم تەعمید نەکرێن هیچیان لەدەست نایەت.

بە دالغەو خەیاڵپلاو نابی بە هونەرمەند، ئەگەر هونەرمەندی ڕاستەقینە بی، ئەوا دەبێ زریانی دنیای هونەر دابین بکەی، ئەو دنیایەی کە لەمە ناچێت، بەلام زۆر بەهێز کاری تێدەکات. لەو دنیایانەدا هۆو ئەنجام، ڕۆژگارو شوێن لەشی بەردارو گیانی بێبەر نییە، ئەو دنیایانە لە ژمارە نایەن. (ڤرۆبیل) چل سەری (دیمۆن)ی دەبینی، لە ڕاستیشدا لە ژمارە نایەن.

هونەر واتە دۆزەخ. لەخۆیەوە نییە، کە (ڤ.برووسۆڤ) مۆچییاری هونەرمەندی ئاوا کردووە: "وەك (دانتی) دەبێ بلێسەی ئاگری ژێر زەمین گۆناکانت بسووتێنێ". دەبێ بە ئەڵقە لە ژمارە نەهاتووەکانی دۆزەخدا تێبپەڕێت، ئەو کەسەش لەناوناچێ، کە هاوڕێو مامۆستا (پیر)و خەونێکی ڕێنماییکەری هەیە، ئەو خەونەی بەرەو ئەوێت دەبا، بۆ ئەو شوێنەی کە تەنانەت (پیر)یش ناتوانێ لێوەی بچێتە ژوورەوە.

ئێمە لە قۆناغی ئەنتیتێزدا چیمان لێ بەسەر هات؟! بۆچی شمشێری ئالتونی ڕەش داگەڕا، بۆچی دنیا سۆسەنییە شینەکان تێکەڵی ئەم دنیایانە بوون. بۆ ئاژاوەی نایەوەو لە ژیان هونەری دروست کرد؟! بۆ لەناخی جۆلی خۆیەوە، ئەم تارماییە شینەی ڕەوانە کرد؟!

چی ڕوویدا؟! : "پێغەمبەر" بوون بە نیازبوون ببنە "شاعیر". بە زمانە توندو بەهێزەکەی "ڤ.سۆلۆفیۆڤ" ی مامۆستام ئاوا دەردەبڕدرێ:

خۆشیی گیان ـ بەدرۆو خەیاڵپلاوەوە،

زمانی کۆیلەیەتی ـ زمانی زیندووی خواکان،

ئیلهامی پیرۆزی هەراوهوریای کۆمیدی

ئەو ئاڵشتی کردو گێلەکانی هەڵخەڵەتاند

بەڵێ هەمووی وایە، ئێمە لەگەڵ دوومانەکانماندا پەیمانی هەڵخەڵەتاندنمان مۆرکرد، ئێمە بەهێزی توندی کۆیلانە دنیامان کردە شانۆیەکی کۆمیدی، سوێندمان بە (دیمۆن)ەکان خوارد ئەوانەی کەزۆر قۆزیش نین، بەڵام جوانن (دیارەلەهەمو شتێ لە جیهانیشدا جوانتر ئەوەیە: کۆیلەکان دەبەخشن‌و هیچیش بۆ خۆیان نابەن). لە کۆتاییدا ئێمە کلیلەکانمان هەڵخەڵەتاند، یان کاتێ بووین بە خاوەنی ئەو "ناوبانگە ئەدەبی"یە، کە خیانەتمان لە "ئیلهامی پیرۆز" کردو باوەڕمان بە تارمایی ئەو "ئەنتی‌تێز"ەی خۆمان دروستمان کردووە زیاتر لە واقیعی "تێز"ەکە کرد.

ئەوەی بەسەرمان هاتووە، یارای ڕاست کردنەوەیە یان نە؟! پرسیارێکی تریش لە گەوهەردا تێکەڵی ئەمە دەبێ: سیمبۆلیزمی ڕووسی دەبێ ببێ یان نە؟!.

ڕەشبینیو گەشبینی ساکارانە، تەنانەت باوەڕ پێهێنانیشیان،مانای لادانە لە پرسیارە قووت بووەوەکە. گوناهی ئێمە (شەخسیو بەکۆمەڵ) زۆر گەورەیە، هەر لەبەر ئەوەشە، لەم بارەی ئێستاماندا گەلێ ئەنجامی تاڵ هەن.

بەم جۆرە، یان بە شێوەیەکی تر دنیا سۆسەنییەکان (ڕژانە) گیانی (لێرمەنتۆڤ)ەوەو ویستی خۆی خستە بەر لوولەی دەمانچەوە، هەروەها (گۆگەل)یشیان گرتەوە، ئەویش خۆی سووتاندو کەوتە پەلەکوتەی بەر چنگی جاڵجاڵۆکەوە، لەمانەش دیارو ڕوونتر ئەوەیە خۆمان دیمان: تێکچوونی (ڤرۆبیل) و لەناوچوونی (کەمیسارۆ ژییەڤسکی)، بەخۆڕایی نەبوون.

لە تەنیشتمانەوە کارەساتی وا لە هونەرمەندەکان ڕوو دەدەن، چونکە هونەر دۆزەخێکی سەیرو بریسکەدارە، لە تاریکیی ئەم دۆزەخەوەیە، هونەرمەند وێنەکانی خۆی هەڵدەگۆزێ، (لیۆناردۆ) لە سەرەتادا، بۆئەوەی وێنەی (دیمۆن) و (مادۆنا) بنەخشێنێ، بنەمایەکی ڕەشی هەڵبژاردووە، (ڕامبرانت)یش لە سێبەرە ڕەشو سوورەکانەوە خۆی دەنەخشاند، بەڵام (کاڕریر) لە تۆڕداوی سەدیمی خۆڵەمێشییەوە. بەم پرسیارەش (ئەندرێ بێلی) سەرەتای چیرۆکە درێژە نایابەکەی خۆی (کۆترە زیوینە) کە دەست پێدەکات: " ئا ئاسمان هەوای زەرد هەڵگەڕاوی، هەر لە سەرەتاوە زەرد هەڵگەڕاوی، ئەی ئەگەر سەیر بکرێت، بەهەموو شێوەیەك هەواکەی ڕەشە؟ هۆو! تۆ مەترسە، خۆ لەهەوادا نیت!.."

بەڵام خۆ هەر لە هەوای ڕەشی دۆزەخدا هونەرمەند دەژیو دەکەوێتە بەدیکردنی دنیاکانی دی. کاتێ شمشێرە زێڕینەکە دەکوژێتەوە، ئەوەی کە دەستێکی نادیار - لە نێوانی ئاسمانە ڕەنگاوڕەنگەکانو هەوای خامۆشی دنیاکانی ترەوە - ئاراستەی دڵی ئەوی کردووە. ئەوساکە دنیاکان تێکەڵ

دەبن‌و لە نیوەشەوێکی کش‌وماتی هونەردا، هونەرمەندەکە کەللەیی دەبێ‌و لەناو دەچێ. بەڵام لە (تێز)دا، لەوێ. پێشبینی تاریك‌و ڕوونی (ئەنتی تێز) کراوە، پێشدان شمشێری زێڕین باسکراوە.

هەست بە تۆ دەکەم،
ساڵەکان بە تەنیشتمدا تێدەپەڕن،
هەمووی لە سیمایەکدا کۆبووەتەوە،
پەی بە تۆ دەبەم!
ئاگر لە هەموو ئەم ئاقارە کەوتووەتەوەو
ئێجگار ڕوونە...
بەبێ دەنگی چاوەڕوانم:
بەبێ ئارامی‌و سۆزی ئەڤینەوە،
ئەم ناوە گشت بووەتە پارچەیەك ئاگر،
(سەرهەڵدان)و دەرکەوتنیش نزیکە،
بەڵام بۆ من زۆر سامناکە:
تۆ ڕووخسات بگۆڕێ .. تۆ... و تاد

**"شیعر دەربارەی ئافرەتە شەنگەکە"**

ئێمە لەگەڵ بێهۆشییەتی دنیاکانی تردا ژیاین، بەناوەخت داوای پەڕجوومان دەکرد، گیانی میللەتیش بەهەمان حاڵدا تێدەپەڕی:داوای بەگران بەدیهاتووەکەی دەکرد، بەڵام دنیا سۆسەنییەکانی شۆڕش ئەم (ئاواتەیان) کردە سووتوو. لە گیاندا ئەو شتە هەیە لەناو ناچێ ـ لەوێ کە منداڵە. لە شوێنێك قەشەکە داوای نوێژی مردوو خوێندن لەسەر منداڵەکە ـ دەکات،

بەلام هەر ئەوەندە دەلێ: "تۆ قوربانییەکی گەورەت دا کە مندالە شادەکان لە مەملەکەتی تۆدا دەبن!".

لەسەرەتای لاویدا قوربانییەکی ڕاستەقینەمان دابوو. دەربارەی گیانی میللەتو هی خۆمان، کە پێکەوە بوونە سووتوو، دەبێ بە دەنگێکی ساکارو پیاوانە بلێین "زیندوو دەبێتەوە!". ڕەنگە ئێمە خۆمان لەناو بچین، بەلام کازیوەی یەکەم ئەڤین هەر دەمێنێ!.

وەکو ئەوە وابوو ئێمەیان لەسەر شاخێکی زۆربەرز دانابێ، لەوێوە دنیامان لە شینایییەکی نەبینراوی بەیانییەکی ئەرخەوانیدا دەدی. ئێمە خۆمان دایە دەست ئەو بەیانەی، کە لە شاژنێکی جوان دەچوو، بەلام وەکو شاکان زۆر قۆز نەبوو، لە سەرکەوتنی گەورە هەلاتین، لەمەوەبوو بەئاسانی شوێنمان کەوتن، لە نەزانینەوە گومان لە سیمبۆلیزم دەکرێ.

ئێمە "مرواری ئەڤین"مان لە جیهاندا تواندەوە، بەلام (کیلۆپاترا) شای شاژنان بوو، تائەو ساتەی جۆشو ئارەزوو خستییە سەر کەلکەلەی ئەوەی مار بەرداتە مەمکەکانی؟. یان بەبێ دەسەلاتی لەناوچوون، یان سەرکەوتنی پیاوانە. شمشێری ئالتوونی بۆ ئەوە درابوو کە بوەشێنرێ.

سەرکەوتنی پیاوانە دەبێ لە گوێڕایەلییەوە دەست پێ بکات. کاتێ لە لووتکەی شاخەکە دێینە خوارەوە، دەبێ وەکو زیندانییەکی بەندیخانەی "ریدینسك" بین:

هەرگیز نەمدەزانی، کە ڕەنگە
نیگا ئاوا نەتروکابێو
بە پارچەیەکی چوارگۆشەیی تەسکەوەو
بە ئەو (پەلەی) نیگارە شینەوە بنالێ،

کە ئێمەی زیندانی بە ئاسمانی ناو دەبەین،

(دەشتی) بەرینیشمان هەر ئەوەیە١٠......

ئەگەر سەرنج بدەین لەو ئاسمانە بۆشەدا ئاسەواری ئەو زێڕە دەبینین، کە سەروەختانێك کوژاوەتەوە؟ یان چارەنووسی ئێمەش ئەو لەناوچوونەیە، وا جاروبار هونەرمەندەکان بەترسەوە خەونیان پێوە بینیوە؟ ئەو لەناو چوونە بەهۆی "ڕووداوێکی کاریگەر"ەوەیە. وادیارە ئەو ڕێگا هەمووی بڕاوەو گشت گوناهەکان شۆراونەتەوەو بەخشراون، لە کاتێکدا لە ساتی چاوەڕوان نەکراودا، لە کۆلانێکی خامۆشدا، لە مالێکی نەناسراوەوە یەکسەر خشتێکی قورس بەسەرسەردا بەردەبێتەوە، بەم ڕووداوە لێریکییەوە لێرمەنتۆڤ ژیا:

ئەسپەکە لەشەڕدا وەك تیرئاغای هەلگرت و ڕزگاری کرد،

بەلام گوللەی ڕقاوی "ئەستینی"* یەك،

ئەوی بەناو تاریکیدا ڕاونا١١...

سەرئەنجامەکەی من ئەمەیە: ڕێگای سەرکەوتنی گەورە بەدیهێنان، ئەوەی بۆ کارەکەی ئێمە پێویستە - پێش هەموو شتێك - قوتابییەتیو خۆفێرکردنو قوولبوونەوەیە، چەسپاویی گۆشەنیگایەو بوونی خۆراکی گیانییە. پێویستە سەرلەنوێ لە جیهانەوە، لەو کۆرپەیەوە فێرببین، کە هێشتا لە گیانە سوتێنراوەکەدا دەژی.

هونەرمەند پێویستە لە کاتی هەلچونیشدا خۆگربێو بزانێ، کە تێکەلاوکردنی هونەرو ژیان چ نرخێکی هەیەو لە ژیانیشدا هەر مرۆڤە ساکارەکە بێ. ئێمە پێویستە وەك هونەرمەندی وێنەی (بێلینی) و (بیاتۆ) چاودێریکەری گفتوگۆ پیرۆزەکانو ونبوونی ئەنتی مەسیحەکان بین، زیارەت کردنی (سینیۆریلی)[١٢] مان لەیاد بێو لا بەنرخ بێ، کە لە هەلدێری تەمەندا،

لە بەردەلانی غەریبی "ئۆرڤیتۆ"دا، بەئارامەوە لەهاولاتییەکانی دەپاڕایەوە، ڕێگای پێ بدەن، خشتەی پارچە مۆسیقا تازەکەی خۆی بنوسێتەوە**.

*میللەتێکی قەفقازییە.

**ئە.بلۆک. هونەرو شۆڕش, مۆسکۆ, ١٩٧٩, ل١٦٧-١٧٧.

## ئافرەتە نەناسراوەکە*

**شیعری ئەلیکساندەر بلۆك**

بەسەر ڕیستۆرانەکانەوە،
بایەکی گەرمو کێوی هەیە،
گیانی بەهارەی خوێن جمێنەر،
بە هاواری سەرخۆشانەوە دنیای داگرتووە.

★ ★ ★

لەو دوورەوە، بەسەر تۆزی (بەرزەوەبووی) کۆلانەکانەوە،
لە وەڕسیی بەنگەلەکانی قەراخ شاردا،
کولێرەی زەرد**، بە ئاستەم دەدرەوشێتەوەو
گریانی منداڵێك دێ...

★ ★ ★

هەموو ئێوارەیەك لە دەری شار،
نوکتەبازە کارامەکان،
بە قەراخی کەناڵەکاندا،
بە شەبقەی لار دانراویانەوە،
لەگەڵ ئافرەتەکاندا پیاسەدەکەن...

★ ★ ★

لەسەر ڕووی زەریاچەکە، هاشەی سەوڵو
قریشکەی ژنانە دێ...
لە ئاسمانیشدا ئەو مانگەی شت نەماوە نەیبینێو

بەهەموو شت ڕاهاتووە،
بێهودە گلۆردەبێتەوە★★★...

★ ★ ★

هەمو ئێوارەیەك، وێنەی تاقانە هاوڕێکەم،
لە پێکەکەمدا وەدەردەکەوێ★★★★★
ئەویش خۆم ئاسا، بە پێکێکی تەڕو نهێنی،
داماوو کەڕ بووە...
لای مێزەکانی تەنیشتمەوە،
بۆیە خەواڵوەکان لارە لاریانە،
سەرخۆشەکانیش بە چاوی کەروێشکانەیانەوە،
هاوار دەکەن، "ڕاستی لە مەیدایە!"

★ ★ ★

هەموو ئێوارەیەك لە ساتێکی دیاریکراودا،
(یان هەر من خەودەبینم!)
بەژنێکی ژنانەی شاڵی ئاودامان پۆش،
لە تەمومژی ئەودیو پەنجەرەکەدا، دەکەوێتە جموجۆڵ،
بەناو سەرخۆشەکانداو بە هێواشیو
هەمیشە بێ هاوڕێو بەتەنیایەو هەنگاودەنێ،
گوڵاو و تەم لە هەناسەی هەڵدەستێ
بە تەنیا لە پاڵ پەنجەرەکەدا دادەنیشێ...
(بای) شاڵە نەرمو نیانەکەی هەڵدەکاو
باوەڕو (یادگارە) کۆنەکان دەورووژێنێ،

شەپکەکەی سەری پەڕی پرسەی پێوەیەو
دەستە باریکەکانی پڕن لە بازن...
بەندی خولیایەکم ـ بە نزیکییەکی سەیرەوە،
دەڕوانمە ئەودیو چارشێوی تەم،
کەنارێکی ئەفسووناویو
دوورییەکی دلگیر دەبینم...

★ ★ ★

نهێنییە کەرەکان بە من سپێردراون،
هەتاوی کەسێکی دیش،
هەموو دڵم بووە بە تیشكو
مەیی تەڕی تێزاوە...
پەڕی لاری وشترملیش
لە مێشکمدا دێتو دەچێ،
دوو چاوی شینو بێسنوورو قووڵیش،
لە کەنارە دوورەکاندا دەپشکوێن...
لە ناو دڵمدا کلوورێك هەیە
کلیلەکەشی تەنیا بە خۆمە،
ئەی هاواری غەریبی مەستانە، دەم خۆش!★★★★★
منیش دەزانم: "ڕاستی هەر لەمەیدایە!"

٢٤ نیسانی ١٩٠٦

* لێرەدا ئافرەتو مەی وەک دوو ڕەمز بەکارهاتوون.

** جۆرە نانێکی چوار گۆشەییی بووە, لەو سەردەمانەدا لە ڕووسیا هەبووە.

*** لێرەدا (بلۆک) ویستوویەتی مانگ وەک ڕووخساری کەسێکی لە هەموو شت بێزار بوو، نیشان بدا.

**** مەبەستی ڕەنگ دانەوەی وێنەکەی خۆیەتی لە پێکەکەدا.

***** ئەگەر کوتومت بیکەینە کوردی، دەبێ بڵێین: " ڕاست دەکەی!" شایانی باسە, ئەم شیعرە لە وتارەکەدا نییە, من خۆم خستمە سەری.. جاروبار - ئەوەندەی وەرگێڕان لەباریدا هەبێ - وردە دەستکارییەکی پێویستم کردووە. ئەو وشانەی ناو کەوانەکان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە نووسیومن.

"وەرگێڕ"

پەراوێزەکان:

١. شاعیرو زمانەوانو یەکێک لە ستوونەکانی سیمبۆلیزمی ڕووسی ڤ. ئیڤانۆڤ (١٨٦٦-١٩٤٩) لە وتارێکدا, لە کێشەو گیرو گرفتی سیمبۆلیزم (نەک هەر وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی, بەڵکو وەک جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیو فەلسەفی) دووا بوو. ئە. بلۆک تێزەکانی ڤ. ئیڤانۆڤی لە دەفتەرەکانیدا تۆمار کردبوو, بەتایبەتی ئەوەی دەڵێ: :سیمبۆلیزم سیحری هەندێ شتی هاوئاهەنگی لاویەتییە. ئێمە شتێکی دی: گەڕانێکی هوشیارانەی ناوەوەی سینتێزی ڕوانگەو بۆچوونی خۆمانمان دەوێ. سیمبۆلیزمی کۆن باوی نەماوە.

ئێمە دەچینە قۆناغی سێنتێسێکی سیمبۆلیزمەوە. قۆناغی کێشەی ڕۆژی حەشریش دەست پێدەکا. یان وشە جوان. بەڵام بێگیان دەبێ (یان دەبێتە ئاژاوەی ناوەوە) ـ یان زیندو و پراکتیکی دەبێ".

٢. بیدیکەر کارڵ: دانەری دەلیلێکە هەر بەناوی خۆشییەوە ناسراوە.

٣. تیۆرگ (وشەیەکی یۆنانییە) — پەرجوو بەدیهێنەر. سیمبۆلیستەکان ئەم وشەیان، لە شێوەی نووسینی خۆیاندا بۆ گیانی ئەفسوون ئامێزی هونەرمەند دەرخستن ـ بەکار دەهێنا.

٤. "گوڵووکی شین": وێنەیەکی ڕۆمانی "گێنویخ فۆن ئۆفتێر گیندن"ی نووسەری ڕۆمانتیکی ئەڵمانی بە ناوبانگ (نۆڤالیس)ە. گولووکی شین ڕەمزی نهێنیی جوانە.

٥. لە پۆیەمای "سێ ژوان"ی ڤ.س. سۆلۆڤیۆڤەوە وەرگیراوە، کە باسی ژیانی سۆفییانەی شاعیرو "کچە هاوڕێی ئەبەدی" دەکا.

٦. لە شیعرێکی ڤ.س.سۆڵۆڤیۆڤ "حوزەیرانە شەوێک لە سایما"وە، وەرگیراوە.

٧. لە وتاری "شیرینیو جوانی سیمبۆلیزم" ی ڤ. ئیڤانۆڤەوە وەرگیراوە.

٨. لە ئایاری ١٩١٠دا، دەبووایە ڕووداوێکی سروشتی گەردوونی ڕوویبدایە، ئەستێرەناسەکان، پێشبینی کارەساتێکی ناهەمواریان لەم بارەیەوە دەکرد.

٩. وا دەگێڕنەوە، کە کیلۆپاترا جوانی بێوێنەی مرواری لە شەربەتدا تواندۆتەوە. کاتێ لە شایەتیش کەوت، مەمکی خۆی نایە بەردەم مارێکی ژەهرکوشندەو بەوە لەناوچوو.

١٠. پارچە شیعرێکی نووسەرو شاعیری [illegible] نووسەری ئینگلیز ئۆسکار وایڵدە (١٨٥٦-١٩٠٠). ئە. بلۆک بە نموونە [illegible]

١١. بیللینی ژۆڤانی (١٤٣٠-١٥١٦)، فرابیا تۆجۆڤانی دا ڤیزۆلی (١٣٨٩-١٤٥٥)، سینۆریللی لوکا (١٤٥٠-١٥٢٣) نیگارکێشە ئیتاڵییەکانی سەرەتای ڕینیسانسن، ئەوانەی تابلۆی ئاینییان دەکێشا.

١٢. لە چامەی "دیمۆن"ی م.لێرمەنتۆڤەوە وەرگیراوە.

ئەم وتارە لە (ژمارە (٦)ی گۆڤاری "مامۆستای کورد"، بەهاری ١٩٨٨، ستۆکهۆڵم دا) بڵاو بۆتەوە.

# هێزی شانۆگەریی پشکنەر

نووسینی: یو.مان

(١)

شانۆگەریی ((پشکنەر)) لەو جۆرە بەرهەمانەیە ،کە یەکسەر و لەناکاو سەرنجی خوێنەرو بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ . دوای یەکەم ڕانانی ((پشکنەر )) لە ١٩/ ی ئەپریلی ١٨٣٦ دا (لەهۆڵی شانۆی ئەلیسکاندەری پیتەر بۆرگ)، کۆمەڵگای ڕووسی هێشتا فریای هاتنەوەسەرخۆ نەکەوتبوو، کە لە مۆسکۆش پێشکەشکرا. ڕۆژنامەی "مۆلْڤا" ("بانگەشە")ی مۆسکۆیی دەربارەی ئاوای نووسیووە: "سەیر بکەن! چۆن ئاپۆڕەی خەڵك بۆ ئەم کۆمیدیایە دەڕوا، چ قەڵەبالغییەکە لە دەوری شانۆکە، چ چاوەڕوانییەك لە ڕووخساردا بەدی دەکرێت".

هەر لەو ڕۆژانەشدا لە کتێبخانەکاندا یەکەمین چاپی "پشکنەر" کەوتە بەر دەستو یەکسەریش هەموو دانەکانی فرۆشران. وا دیار بوو، ئەوانەی لە ڕووسیادا ئاوەزای خوێندنەوەیان هەبوو، تەنیا بیریان لای "پشکنەر" بوو، خەریکی دەمەتەقێ بوون لەسەری. وەك دوایی ڕەخنەگری هونەری ڤ. ساتسۆڤ وەبیریدێتەوە، هەموو ڕووسیا تا ڕووخسارو ناو لەپ نیشتنە سەر ئارەق، تا چاو بریسکانەوەو رقێکی کەڕو تازە پەیدا بوو، تا ڕیسواکردنی (ئەو بارو زرووفە نالەبارە)، سەرگەرمی شەڕە دەنووك و لە "پشکنەر" دوانبوون.

"پشکنەر" هەر زوو لەوە دەرچوو تەنیا فاکتێکی ژیانی ئەدەبی بێ و بووە هی ژیانی کۆمەڵایەتیش.

لەناو ئەم بۆچوون و ڕایانەدا دەربارەی شانۆگەرییەکە ، سێ ڕای بنەڕەتەی هەبوون . هەندێکیان بە تۆمەتێکی بێچاووڕووی دژی باری ئەو کاتەی ڕووسیا و بە هەڵتەکێنەری ناوبانگ و شەخسییەتی خەڵکی کۆشك و فەرمانبەرە گەورەکانیان دەدایە قەڵەم ٠ ف ٠ فیگێل، کە فەرمانبەرێکی ناسراوی ئەو سەردەمە بووە ، نووسیویەتی:

نووسەری ((پشکنەر )) /-/ ئەمە ڕووسیای لاوە ، بەهەموو بێ شەرمی و چەقاوەسووییەکەوە ٠ هەندێکی تر شانۆ گەرییەکەیان بە کۆمیدیایەکی بێتاقەتیدەرکەر و مام ناوەند دەزانی ٠ لە کۆتاییشدا ڕەخنەی پێشڕەوانەی ڕووسی بە قەولی (گیرتسن) بە" دانپێدانانێکی سامناکی ڕووسیای ئێستە ، بە نارەزاییەکی دوای ئازاری تاڵ چەشتن و وەستان لە دژی ناڕەوایی و زوڵم و بابیهەوایی زۆردارانە دەنرخاند. "بیلینسکی دەربارەی دەیوت: ئەمە بەرهەمێکی هونەریی بەرزە ، چونکە شانۆیەکی لەمە چاکتر نییە ، هەمووی زۆر نایاب و ناوازەیە. بە شێوەیەکی هونەرمەندانە، لە بەشە جیاجیاکانی سەرجەمێکی کامڵ دروست کراوە".

(پشکنەر) چوارچێوەی ئەو بیروڕا باوانەی شکاند، کە دەربارەی کۆمیدیا هەبوون ٠ وا پێ دەچوو لە شانۆگەرییەکەی (گۆگەل)دا نهێنییەکی شاراوە هەبێ ٠ یەکەم و دوا خوێنەر و بینەریش هەستیان بەمە کردبوو ٠ هەندێکیان زۆر بە پەرۆشەوە دەیانپرسی: هێزی ئەفسووناویی (پشکنەر) چییەو بەچی لێك دەدرێتەوە؟؟ !! (*). ئاشکرابوو، کە پاڵەوانە خراپەکارو بەزۆر ئامادەکراوەکانی کۆمیدیای سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای نۆزدەیەم

لای (گۆگەل) بەرچاونەدەکەوتن. هەموو پاڵەوانەکانی (پشکنەر)، گۆگەل واتەنی" لە دڵەوە خراپ نین، بەڵام تەڵەکەبازن... کاتێك سەرجەمیش سەیرپاندەکەی، لەوە دەچن تۆزێ قەبەو گەورە کراوبێتن و کاریکاتۆری بن.. تا ئەو ڕادەیەی. ، ئەوانەی لە شانۆگەرییەکە دەچوونە دەرەوە ، لە خۆوە دەیانپرسی: تۆ بڵێی کەسانێکی وا لە دنیادا هەبن؟؟!!".

"ناکۆکییەکی" تری "پشکنەر"ی گۆگەل ئەوەیە تا ڤاڤا لەمرۆڤ هێنان، پێکەنینئاوەرە، لە ڕاستیشدا نووسەر هەروەك بەڵێنی بە (پووشکین) دابوو، هەموو نادگارە گاڵتە ئامێزەکانی خستبووە ڕوو، (شایانی باسە پووشکین هەوێنی ئەو شانۆگەرییەی دابووە گۆگەل).

بەڵام وەك شەپۆلێك کە بیەوێ لە ژێرەوە سەر هەڵبدا، لە "پشکنەر" دا ئەو هەستە ماندووکەرە، دڵ بێئارامکەرە لەدایکدەبێ هەرچەندە قووڵپیش دەداو بەرزتر دەبێتەوە، ئاسانتر پەی بە پێکەنینی کۆمیدیاکە دەبرێ. لە کۆتاییشدا لەدوا "پەردەی خەماموش"دا، وەك گەردلوێکی بەهێزو گەورە ئامبازی سەری پاڵەوانەکانو بینەرانیش دەبێ و بەسەریاندا دادەچۆڕێتەوە خوارەوە.

"پەردەی خامۆش" ی بەبایەخ، یەکێکە لە مەتەڵە نهێنیئامێزەکانی "پشکنەر". لە بنەڕەتەوە جیاوازی لەگەڵ ئەو هەموو شێوە ئەدەبییەدا هەبوو، کە لەو سەردەمەدا باو بوون. شانۆگەرییەك، کە بەوە دەستپێدەکات، وا فەرمەندار باسی دوو جرج دەکاو بە شێوەیەکی خەیاڵی زلو قەبەیان دەکاتو قەرەباڵغییەکی هاتو واتیش بۆ پێشوازیی پشکنەر دەسازێنیو... هتد... دەشیا بەوە کۆتایی پێ بێت، کە بە شێوەیەکی تراژیدی هەموو کەسانی گرووپەکە وڕو کاس بکات؟؟!!

پیوتەر پیترۆڤیچ، کە شەخسیەتێکی دواتری گۆگەل، هی "دۆزینەوەی پشکنەر"ـە، دەڵێ: "هەر ژاندارم، لە بەردەم دەرگاکاندا پەیدادەبێ، ئەو جەلادە سەروشكو کەللە ڕەقە، قسەو ویستی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ. ئەمە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سامناکە!! من بەڕێكو ڕەوانی دەیڵێم، کە هیچ تراژیدیایەك هەستی وا خەمناكو دڵتەنگکەری بە دەرووندا نەهێناوم، بۆیە دەکەومە گومانی ئەوەوە، ئاخۆ نووسەر مەبەستێکی دیاریکراوو تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە، لەدوا پەردەی کۆمیدیاکەدا ـ نەبووبێ؟؟!!"

بێگومان "گۆگەل ئەم مەبەستە تایبەتییە"ی چ لەدوا پەردەو چ لەسەرجەم کۆمیدیاکەدا هەبووە. بەڵام نابێ، کە کلیلەکەمان دەستکەوت، ئەم "مەبەستە" لە دەری شانۆگەرییەکەوە دیاریبکەین. دەبێ مەبەستی نووسەری شانۆگەرییەکە تەنیا لە کۆمیدیاکەدا، لە گۆڕانی هەڵسو کەوتو ڕووداوەکاندا، لە خەسیەتە تایبەتییەکانی بینای شانۆگەرییەکەدا بەدیبکەین.

(٢)

گۆگەل دوایی سەربوردی "داهێنانەکەی" باسکردووەو نووسیویەتی: "من بڕیارم دا، هەموو ئەو شتە بێ ماناو نالەبارانەی زانیومن، کۆبکەمەوەو لەیەك کاتدا گاڵتەو لاقرتی بەهەموویان بکەم. ئەمەیە سەرچاوەی نووسینی "پشکنەر". با سەرنج بدەینە ئەو ئەرکە فراوانەی دراماتوورگ "شانۆگەرینووس" خستۆیەتیە ئەستۆی خۆی: "بەیەکجار"و "لاقرتی بە هەمووان" بکات.

هونەرمەند هەمیشە گیانێکی فراوانو قووڵتر بەبەر شتە تایبەتەکانی ناو بەرهەمەکەیدا دەکات. ئەم بەر فراوان کردنو قووڵکردنەوەیەش لە "پشکنەر"دا دەگاتە پلەیەکی ئێجگار بەرز.

هەندێ لە هاوتەمەنەکانی گۆگەل وایان لێکدەدایەوە، کە بۆ چاوبەستەکی لە سانسۆر، ئەلیگۆریا (مەجاز)ی بەکارهێناوە، واتە، کە نووسیویەتی قەزا، مەبەستی لە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی، پیتەربۆرگە. هیچ لەوەناچێت چونکە گۆگەل لە بەرهەمەکانیدا ئەلیگۆریای بەکارنەدەهێناو ئەمە لەگەڵ ئامێری هونەری ئەودا ناگونجێت. هێزی شانۆگەرییەکە لە هێماو قسە بە توێکڵەکانیدا نییە، بەڵکو لە مەسەلەی کۆکردنەوەی دیاردەکانی ژیاندایە. نووسەر جارێك "شارۆچکە"کەی خۆی بە "ئەو شارە هەڵبژاردەیە ناوبرد، کە هەرچی لایەنی تاریك هەیە تێیدا کۆکردۆتەوە". بەتایبەتیش بایەخێکی زۆری بە چۆنێتی بنیاتنانی داوە. لەم شارەدا وەك لە دەوڵەتێکی گچکەدا، هەموو شتێك هەیە. لێرە دادوەری، زانیاریو پەروەردە، پۆستەخانە، نەخۆشخانە، دەزگا کۆمەڵایەتییە خێرومەندەکان، بێگومان پۆلیسیش.. گۆگەل زۆر لە چونییەتی پێکهێنانی ئەوسای قەزاکان لایداوە، هەندێ فەرمانو ئەرکی چونیەکی دابووە تەنیا کەسێ، هەندێ "جێگەو پایە"ی تازەی داهێنابوو، تا ئەو ڕادەیەی، کە بەنەزانو بێئاگای لە ژیانی ڕووسیدا بدەنە قەڵەم. بەڵام گۆگەل ئەم مافی هونەرمەندەی، لە پێناوی بەرفراوان کردنو قووڵیو گشتیەتی ئامانجەکانیدا بەکارهێنابوو.

شارەکەی گۆگەل تەریكو لاکەنارە، هەرەمیشە، وەك دەوڵەتۆکەیەك، لە لووتکەکەیدا فەرماندارێك دانیشتووە، شار کۆمەڵی ژنانی خۆی هەیە، هەروەها کەسانی دیاری وەك خاوەن موڵکان: بۆبچینسکیو دۆبچنسکیو هەواڵنێری خۆشی هەیە...

بەڵام لە بنەوە لەژێر پۆستاڵی فەرمانبەرو پۆلیسەکاندا ژیانی خەڵکی ساکار ڕێچکەی دەبەست. ئێمە ئەم ژیانە لە پشت پەردەوە زیاتر دەبینین تاکو خودی خۆی.

لە ڕووداوی چوارەمدا ئەوانەی فەرماندار، بە شێوەیەکی تەماوی‌و نادیار بە "بازرگان‌و هاوڵاتیان" ناویان دەباو دەتوانن بە بەرتیلدان خۆیان بپەرێننەوە، دێنە سەر شانۆکە، بەدوای ئەماندا کەسانێکی لەبەردەم دەزگاکانی دەوڵەتدا بێدەسەڵاتی وەك‌و ئاسنگەرو سەربازی یەك خەت‌و دووخەت‌و خەڵکی دی بەرێز دەڕۆن، وەك "تێبینییە"کەش دەڵێ، لەوێ باڵایەك بە پاڵتۆیەکی درێژەوەو بە ڕیشێکی نەتاشراوو لچێکی ئاوساوو ڕوومەتێکی هەڵپێچراوەوە دەردەکەوێ، دوا بەدوای ئەمیش لە دیمەنەکەدا هەندێکی تریش پیشان دەدرێن".

ئەگەر لەبەرئەوەش نەبووایە (خلیستاکۆڤ) ماندووی "پێشوازی لەخەڵك کردن" بووەو چیتر تاقەتی نەماوە، زۆر کەسی تریشمان لەوانەی کە دێنە دەزگاکانی دەوڵەت‌و "بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە" دەدی. گۆگەل ئەم "دیمەنە" کراوەیە لە قووڵایی ژیانی شاردا بەجێدەهێڵێ.

تا دوا دێڕی کۆمیدیایەکە، بەلای کەمەوە، تا دوا وەڵامی سەرنجی فەرماندار: "بەچی پێدەکەنن؟ بەخۆتان؟" تا "پەردە خامۆشەکە"، لە شانۆگەرییەکەدا چیی وای تێدا نییە، کە مەوداو بایەخێکی سیمبولی هەبێت. گۆگەل کوت‌و مت "ناوچەیی"یە، لەهەموو ڕوویەکەوە تەنیا پابەندی ڕووداوەکانی شارەکەیەتی. بەڵام قووڵایی دیمەنی ئەم ڕووداوانە بەرە بەرە بەرەو هەمە لایەنی‌و گشتییەتی دەچێت. وێنەیەك دروستدەبێ، تەنانەت سامناکتریشە لە گەورەترین ئەلیگۆریاش. بەهۆی لەهیچ کەم نەبوون‌و

ئۆرگانییەتەوە، شارەکەی گۆگەل بەتەواوەتی ژیانی سەربەخۆی خۆی دەژی. بۆتە مۆدێلێکی پەیوەندیدار لەگەڵ گەلێکی ترو، جاروبار لەتەك دیاردەی گەورەتردا.

ئێمە وتمان هاوتەمەنەکانی گۆگەل لەم شارەدا "پیتەر بۆرگ" یان دەبینی، هەندێ کەسیش بە قەزا یان ناحیەیان دەچواند ڤ. میرهۆڵدی دەرهێنەریش، کە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧، بە شێوەیەکی سەرکەوتوو و شۆڕەتدەرکەر شانۆگەرییەکەی دەرهێناوە، ناوەرۆکەکەی هێندە قووڵو فراوان کردبۆوە، تا هەموو ڕووسیای پێش شۆڕشی گرتبۆوە. لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووشەوە، لە هەندەران دەست درابووە ئەوەی کە "پشکنەر" بخرێتە سەر شانۆ، زۆرجار هەندێ لایەنی ئەم کۆمیدیایەو جارجارەش سەرجەمی بەرهەمەکەیان ڕێكو ڕەوان (لەگەڵ واقیعەکەی خۆیاندا) دەگونجاند.

وەکو ئەوەی ("پشکنەر" لە هەموو شوێنێو بۆ هەموو کەسێ دەست بدات) هەرکەسە بە ڕەنگدانەوەی ژیانی شاری خۆو وڵاتی خۆی بزانێ... هەموو ئەم بایەخ و مانایانە، بەهۆی قووڵیو، ڕەسەنییەتەوە لە شارەکەی گۆگەلدا جێگەیان بووبۆوە. ئێستە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین، کە مانای ئینسانیی فراوانی هەیە.

بۆیە دراماتوورگ لای وابوو، کۆمیدیاکەی، جێگەی ڕووداوەکانی ئیدیالین. هەرچەندە زۆر زەحمەتیشە شارەکەی گۆگەل لە چوارچێوەی گیانە نەتەوەییەکەی بەو لاوە، لە شوێنێکی تردا ببینین.

بەهۆی تایبەتییەتی هێزو توانای گەورەی داهێنانی گۆگەلەوە، ناوەرۆکی "پشکنەر" ئێجگار خەملاوو بەپێز بووە.

پێشتر کۆمیدیاگرافەکانی بەر لە گۆگەل لەبەرامبەر هەندێ پاڵەوانی ناپاك‌و بێنابڕوودا، ژیانێکی نموونەیی‌و پاکیان قووت دەکردەوە. جارو بار پاڵەوانی باش دژی هی خراپ دەوەستا، یان لە پشتی پەردەوە بوون‌و بە شێوەیەکی‌نهێنی هەستیان پێدەکرا. بەڵام گۆگەل هەموو ئەمانەی دایە دوواوەو پشتگوێیخستن. ئەگەر بشڵێین، تەنانەت پشتیکردۆتە پاڵەوانە ئیدیالییەکانیش هێشتا کەمە، چونکە ئەو لە پشتی پەردەشەوە دەرفەتی بوون‌و جم‌و جوڵی بۆ نەهێشتوونەتەوە.

لە "پشکنەر" دا، هەر چپەو هێمایەکیش نییە، بۆ ئەوەی لە شوێنێ، پەنایەکی دوور یان نزیکی ڕووسیای بەر فراواندا، ژیان بەجۆرە داب‌و یاسایەکی تر، بە شێوەیەکی تر بڕوا بەڕێوە. هەرچی لە شانۆگەرییەکەدا هەیە گشتییەو بۆ هەمووانە. فەرماندارو فەرمانبەرەکانیش دەزانن، کە "پشکنەر" بێـت، دەبێ بەرتیل بدەن‌و ماستاوو کلکە لەقێ بکەن، تۆز بهاوێژنە ناوچاوانەوە. ئەم جۆرە تەگبیرانە جارانیش لەکاتی هاتنی فەرمانبەری گەورەی دەوڵەتداو ئێستەش بەکەڵك دێن. دووریش نەبوو، "پشکنەر" بیانداتە دواوە و وەریاننەگرێ. بەڵام ئەگەر شتێکی وا لە یەکێك ڕوویبدایە، بە لێنەزان‌و لەکیسیخۆدەر ناودەبرا. (کێ چووزانێ پشکنەر چۆن بیر دەکاتەوەو چی بەخەیاڵیدا دێ؟! بۆ نمونە کاتێ فەرماندار نەیدەتوانی زمان لەگەڵ خلیستاکۆفدا بدۆزێتەوە، ڕەنگە وایزانیبێ با دەکاتە خۆی‌و دەیەوێت خۆی شیرینتر بکات). هیچ فەرمانبەرێك لاری لە ڕاست‌و دروستی‌و بەکاریی ئەم شێوازەی کاربەڕێوەبردنە (واتە: بەرتیلدان) نییە. تەنانەت بازرگان‌و فشە دەوڵەمەندەکانیش، ئەوانەی لە شانۆگەرییەکەدا وەکو دڵڕەنجاو و سکاڵاکەر دێنە پێش چاو قایلن پێی. بازرگانەکان سکاڵایان لای پشکنەر لەوە

نییە فەرماندار بەرتیلخۆرە (ئێمە هەموو کاتێ ئەرکی سەرشان جێبەجێ دەکەین)، ئەوان هاواریانە لەدەست چاوچنۆکیو پێ لێ هەڵبڕینی تەماعکارانەی لە ڕادەبەدەری.- "بەگوێرەی تاوان سزا نادات". لەبەر ئەوەی سەریان لەیاسا دەردەچێو لێی دەزانن، بەدیاریو دەهەنەکەوە هاتوونەتە خزمەت پشکنەر.

گۆگەل دواتر وتویەتی، شتی دژ بە ڕاستیو زوڵمو سەرلێشێواندنو ناهەمواری لە سووچو قوژبنی جیاجیای ڕووسیاوە ڕێچکەیان بەستووەو ڕژاونەتە شانۆگەری "پشکنەر"ەوە. بەڵام کۆبوونەوەی ئەم "شتە نائاساییانە" لە شانۆگەرییەکەدا، ئاسایی دەردەکەون.

بە کورتییەکەی، ئێمە دیسانەوە لووتمان دەتەقێتەوە بە لووتی مانا بەرفراوانە نائاساییەکەی گۆگەلداو سەرلەنوێ باوەڕمان دێتەوە سەر ئەوەی، کە شارەکەی بەردەممان ئاسایی نییەو خەیاڵی هونەرمەندێك دروستیکردووە.

(٢)

شارەکەی گۆگەل بەهۆی ئەم جۆرە ڕووداوە گرنگانەوە، ژیانێکی سەرقاڵو بێئارام دەباتە سەر. هەرە ڕووداوی گرنگیش چاوەڕوانیو پێشوازیو بەڕێکردنی پشکنەرە.

گۆگەل بە شێوەیەکی وریایانە لە دژی هی "گشتی" گرێیەکی تایبەتی بۆ شانۆگەرییەکە قووت کردۆتەوە.

نمونەی گرێ تایبەتییەکە – مەسەلەی خۆشەویستییە، کە مەبەستی سەرەکی هەندێ کەس دەگرێتەوە: دۆستە لاوەکان، هەروەها خزمو خزمەتکارەکانیان، کە یان یارمەتییان دەدەن یان دەبنە کۆسپی ژوانو بەیەك گەیشتنیان.

لەبەر ئەمە گۆگەل لای وابوو مەسەلەی خۆشەویستی "گرێیەکی گەورەیە لە گۆشەی دەوارەکەدا "بە وتەی گۆگەل: "پشکنەر" هەموو شتەکان لە تەوەرەیەکی گەورەدا، بە خۆیەوە گرێ دەدا.

ئەگەر وا نەبووایە، مەودای شانۆکە ئەوەندە هەراو نەدەبوو، نە خێزانە، نە کۆڕی هاوڕێیانە... شارێکە، شارێکی تەواوو چۆن شارێك؟! (بە خەیاڵی فراوانی هونەرمەندێك) ڕەنگرێژکراوەو لێکدراوە.

پیلانو هەراو هوریای خۆشەویستی لە "پشکنەر" دا ڕەگەزێکی زۆر کاریکاتۆریو گاڵتە ئامێزی هەیە. ئەمەش بە چاکی لە پەیوەندیی نێوان خلیستاکۆڤو ئانا ئەندرێیڤناو ماریا ئەنتۆنەڤنادا دەردەکەوێ. هەرچەندە ئەم مەسەلەیە ڕۆڵێکی وا کاریگەری نییە، چونکە هەمووان لە شانۆگەرییەکەدا تەنیا مەراقیان بیرکردنەوەیە لە پشکنەر.

هەموو پاڵەوانەکانی کۆمیدیاکەش پەیوەندیی بە پشکنەرەوە هەیە. هاتنی پشکنەر تەنانەت ئەوانەشی بێ ئارام کردووە، وا لە پشتی پەردەوەن. کەشو هەوای شانۆگەرییەکە بێسنوورو پڕ پزیسکەیە، هەست دەکرێ، کە شەپۆلی ڕووداوەکان بە هەموو لایەکدا بڵاودەبنەوەو لەسەر شانۆکە کامڵدەبن.

بیری پشکنینو پشکنەر لە ڕووی هونەرییەوە زۆر درەوشاوەیە. لە کاروباری بیرۆکراتیی دەوڵەتدا ـ پێش شۆڕش ـ هەڵسوکەوتی فەرمانبەرەکان هەر بۆ ناو بوو، بۆ ئەوە بوو لەبەردەم "دەسەڵاتی سەرەوەدا" خۆبنوێنن.

سەرانی دەزگا بەرزەکانیش، دەیانویست وای لەخەڵك بگەیەنن، کە ئاگایان لە هەموو شتو هەموو کەسێکە. ئەمەش فریودانی دوو سەرە بوو، کە زەمینەی بۆ چاوو ڕاوو هەڵەو خراپ حاڵی بوون دەڕەخساند. کەسانی شانۆگەری "پشکنەر" یش قوربانیی ئەم باروو زرووفە بوون.

بێجگە لەمەش مەسەلەکە خۆ خەڵەتاندن بوو، چونکە ـــوا باو بوو. گەلێ هیوای بەدینەهاتوو بە هاتنی پشکنەرەوە بەند بوو. دەسەڵاتی بەرزی دەوڵەتیش، بە خەیاڵی خۆی دەیویست مەکینەکەی تۆزێك چاکبکاو سنوورێك بۆ بەرتیلخواردنو ماڵی دەوڵەت دزین دابنێ. خەڵکی هەرەمەی دڵشکاوو زۆرلێکراویش، بەتەما بوون دەسەڵاتی سەرانی دەوڵەت لەم زوڵمی بێیاساییە ئازادیان بکەن.

گۆگەل دەربارەی ئەو هەستو بە پیرەوەچوونەی وا هاتنی پشکنەر دەیخولقاند، نووسیویەتی :" هەندێك هیوایان بە نەمانی فەرمانداری خراپو ڕاوو ڕووت هەبوو. هەندێکی تر لایان وابوو، سامو ترس فەرمانبەرو پیاوماقوڵانی کۆمەڵ دادەگرێ. هەندێکی تریش کە بە هێمنییەوە سەیری کاروباری دنیا دەکەن، سەرلووتیان دەخوراندو بە گیانی دوو زمانیو ترسێکی نهێنییەوە دەیانویست ئەو سەروو فەسالە ببینن، کە ئەو هە موو بێ ئارامییەی ناوەتەوە".

هاتنی پشکنەر تەنیا شتێکی لەگەڵ خۆی دەهێنا، ئەویش درۆکردنو یەکتری خەڵەتاندنی بەردەوام. فەرمانبەرەکانی شاریش هەروا دەکەن. هەندێ کاری ڕواڵەتی بەخەرج دەدەن، قامچی لەبەرچاو لادەبەن، یان ئەو شەقامانە پاکدەکەنەوە کە دەبێ "پشکنەر" پێیدا تێ بپەڕێ. خۆ بیریشیان بەلای ئەوەدا ناچێ شتی گەوهەری بگۆڕن. "فەرماندار ڕوونی دەکاتەوە دەڵێ: دەربارەی فەرمانی ناوخۆیی، یان ئەوەی لە نامەکەی ئەندرێی ئیڤانۆڤیچدا بە تاوان ناوبراوە ناتوانم هیچ بڵێم. بەڵێ!! زۆر سەیرە بڵێی مرۆڤێك هەبێتو هیچ تاوانێکیشی نەبێت... مەسەلەی تاوان کردن فەرمانی یەزدانەو بەدەست کەسی تر نییە... "

ڕاستییەکەی فەرمانەکانی فەرماندار ئەمجارەیان هیچیان لێ هەڵنەسووڕا، نەك لەبەر ئەوەی تاکتیك"ەکەی ڕاست نەبوو، نە! لەبەر ئەوەی کابرای بە پشکنەریان دەزانی هەو نەبوو.

ئاشکرایە بیری کۆمیدیاکە لە چوارچێوەی ژیانی ڕووسیا ئاودیو بوو بوو. لە هەچ شوێنێکیش کە پەیوەندی نێو خەڵك لەسەر بناغەیەکی بیرۆکراتی دامەزرابێت، بیرێکی زیندوو پێویست بوو. هەر لەمەشەوەیە، نوکتەیەکی جیهانی دەربارەی پشکنەرە وەهمییەکە دروست بوو بوو. نووسەرانی جیهانیو ڕووسیش ئەم مۆتیفی "پشکنین"ەیان گەڵاڵە کردبوو. بەڵام گۆگەل شێوازێکی تەواوی وای دابوویەو بە شێوەیەکی هێندە بەرفراوانو هەمەلایەنەو قووڵ داڕشتبوو، کە هەقییەتی گەر داهێنانی "مەسەلەی پشکنەر" لە مەیدانی ئەدەبدا بەناوی ئەوەوە تۆمار بکەین.

گۆگەل دەریخست، کە "مەسەلەی پشکنەر" ژیانی زۆر کەس بەتایبەتی ئەوانەی لە بنەوەن، یان ئەوانەشی لە پەیژەی پلەو پایەدا لە سەرەوەن دەگرێتەوە. واتە، ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی دەرخست، وا خەڵکی کۆمەڵ بە یەکترەوە دەبەستێتەوە. بۆ کەسانی کۆمیدیاکە، هاتنی پشکنەر لەوە دەرچوو بوو، تەنیا کارێکی ئیداری بێتو پەیوەندی بەخزماتییەوە هەبێت... بە قسەی فەرماندار خۆی: "مەسەلەی ژیانو مافی مرۆڤە"، لە چرکەیەکی سام گرتندا ئەم ڕاستییەی وەبیردێتەوە، کەبۆ هەر یەکێ لەمانە... مەسەلەی کارو وەزیفەو بەرژەوەندیو... ... "ژنو منداڵە..." و هتد...

لەم هەلو مەرجەشدا تەبیەتی هەریەکە زۆر بە قووڵیو هەمە لایەنە دەردەکەوێ. هەرچەندە بیچمی پاڵەوانەکانی گۆگەل زۆر ئاشنان، بەڵام بەتەنیا لایەنێك یان چەند لایەنێك ناتوانین شەخسییەتیان دیاریبکەین. بۆ

نموونە چی دەربارەی سکڤۆزنیک- دوموخانۆڤسکی بڵێین؟! ج کارمیە؟ فێڵبازە، ساختەچییە، نەزاندووە، خوێڕییە؟! ئەمانە هەموویانە... لەهەمان کاتدا دەتوانین چەندین سیفەتی تریشیان تێدا بدۆزینەوە. شەخسیەتی فەرماندار وەك هەموو پاڵەوانەکانی تری شانۆگەرییەکە، ناچێتە قاڵبی هیچ یەکێ لە ڕۆڵی پاڵەوانە کۆمیدییەکانی ئەو سەردەمەوە. شەخسیەتی فەرماندار کۆمیدییە؟!! سەرجەم- ئا. بەڵام لەهەمان کاتدا سیماو ڕەنگو بۆیەکی ناکۆمیدیشی پێوە دیارە. (شیپکین) لەم ڕۆڵی فەرمانداریەدا بە ڕای هاوچەرخەکانی "توانیبووی یەك دوو ئاهو هەناسەی تراژیدی بخاتە دەورەکەیەوە" — شانۆگەرییەکەش کەرەسەی ئەم مەسەلەیەی بۆ ڕەخساندبوو. "ئاوا دێتە گۆ: "ژنو منداڵەکانم.. ماڵم کاول مەکەن!".

ئەم قسانەی بە چاوێکی پڕ لە فرمێسكو دەنگێکی خەمناكو ڕوویەکی نیگەرانەوە دەوت... ئەم کابرا ساختەچییە، لەم ساتەدا جێگەی بەزەیی بوو و زۆر گوناح دەهاتە پێش چاو.

هەڵەش دەبێ، ئەگەر تەنیا بیر بۆ ئەوە بچێت، کە هەموو پاڵەوانەکان هەر لەبەر بەرژەوەندی ڕووت، وا بێدار بوونەتەوە کەوتوونەتە هەلەکە سەما. پێشتر گۆگەل ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە هەندێ لە خەڵکەکە، وەکو بڵێی ، هەر لە ڕووی "ئیستاتیکی"یەوە سەرقاڵنو تەنیا دەیانەوێت ئەو فەرمانبەرە ببینن، کە لە "سەرەوە" نێردراوە.

بۆ نموونە، کاتێ بۆبچینسکی داوا لە خلیستاکۆڤ دەکات، کە لە "پیتەر بورگ" بە هەموو فەرمانبەرە جیاجیاکانو سیناتۆرەکانو ئەدمیراڵەکان بڵێ: لەو شارە پیاوی وەك پێۆتەر ئیڤانۆڤیچ دەژی..."

"ئەوەی بۆ تەماعو بەژەوەندی نەبوو. بۆبچینسکی لە بەردەم خۆیدا "گەورە پیاوێکی دەدی، کە نوێنەری چینە دەسەڵاتدارەکانی سەرەوە بوو، نوێنەری شوێنێ بوو، کە هەم سزاو هەم پاداشتیشی لێوە دەهات. خلیستاکۆفی وا لەبەر چاو شیرین بوو بوو، کە هەموو شتێکی شیاوو شیعریی تێدا کۆبووبۆوە. "نزمترین داوا"ی بۆبچینسکی هەوڵدانە بۆ نزیك بوونەوە، لەم لێرەواری "شیعر"ە، بۆ ئەوەی وەك گۆگەل لە شوێنێکی تردا وتی، کە باسی مانای ناوی "بوون" بێ لەم دنیایەدا.

ئێمە پێکەنینمان بە هەڵەو زەللەی وێنەی ئەم داوایەی بۆبچینسکی دێ، بەڵام نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ، ئەمە نیشانەی ساچاندنی کۆمیدیانەی ژانو ئەندێشەیەکی قووڵو بەرزترە. دووبارەی دەکەمەوە هەڵو مەرجی "پشکنەر"ەکەی گۆگەل، (بە شکاندنەوەیەکی کۆمیدی) قووڵایی دەروونی مرۆڤ، تانو پۆی هەستو هۆشی دەربڕیوە. پیشانی داوە، چۆن لە واقیعی سەردەمی گۆگەلدا باوەڕی مرۆڤایەتی بەربادبووە.

(٤)

دیارترین وێنەی کۆمیدیاکەی خلیستاکۆڤە، کە ئەم هەموو ڕووداوە سەیرانەی لە ژێر سەردایە. گۆگەل (بەهۆی باسکردنەکەی "ئۆسیپ"ەوە، لەکاتی دەرکەوتنی خلیستاکۆڤدا) یەکسەر لە بینەری دەگەیەنێ، کە پشکنەر نییە. بەڵام چی پەیوەندی بەم شەخسیەتەوەو بە ئەرکی "پشکنین"ەکەوە هەیە زوو دەرناکەوێ.

شتێکی وا باوبوو، تائیستەش باسی لێوە دەکرێ، کە گوایە خلیستاکۆڤ، سەریەشە بۆ فەرمانبەرەکان دروست دەکاتو بۆ بەدیهێنانی مەبەستی خۆی فریویاندەدا.

میرهۆڵدی دەرهێنەر، لەگەڵ ئەو هەموو تێگەیشتنە قووڵەیشیدا لەبەرهەمەکەی گۆگەل، کاتێ دەیویست ئەم کۆمیدیایە بخاتە سەر شانۆ، لای وابوو، خلیستاکۆڤ مرۆڤێکی "زۆر کۆڵنەدەرو چیرە درێژە" و بە پاڵەوانەکانی شانۆگەرییەکی تری گۆگەل "یاریکەران"، کە کەڵەکچیو ساختەچین دەچوێنێ.میر هۆڵد دەڵێ:

"ماوەیەك لەمەوبەر کە جارێکی تر "یاریکەران"م خوێندەوە، تێگەیشتم چۆنیەتیی دەورەکان لەوێوە دیاریکراون. لەم بەرهەمەدا تەنیا مەبەست هەڵخەڵەتاندنی یەکترە، کۆمەڵێ دەستبڕو ساختەچی دەستەیەکیان پێکەوە ناوەو هەر ئەوە نییە فابریکەیەکیش بۆ دەست بڕین بخەنە کار، لای خلیستاکۆڤیش هەمان مەسەلەو دەورە. ئەی بۆ پێشتر دەستی نەدایە ئەم کارە؟؟ لەبەر ئەوەی چونکە یەکەم تازە هاتبوو، دووەم — یەکسەر عارەبانەیەکی دەستکەوتو ناشبێ دابەزێو بێتە خوارەوە، دیارە مەبەستیشیەتی بزانێ کێ لەکوێ دەژیو ئەدرێسەکان بدۆزێتەوە... هتد، هەر لەجێدا عەرەبانەیەکیان گرت بە پشکنەریان زانی، هەرچەندە خۆیشی ئەم هەلەی بەکارنەهێنا" ... شانۆگەرییەکە بەم گیانە تازەیەوە بەڕێوە دەچێ. میرهۆڵد لەم ڕوانگەیەوە — بە ئاگا یان بێئاگا- لە بیرەکەی گۆگەل لایداوە. لە قوماردا خلیستاکۆڤ دەیباتەوە، خراپ نییە ئەگەر لەم حاڵەتەدا فڕوفێڵێکیش بکات بەڵام زۆری ناکات. لەم دیدەنی شارەیدا هیچ خەمو دڵەڕاوکەیەك نییە، تەنانەت ئەوەندەشی لێ نایە، کە چاودێرییەکی ئاسایی بکاو گوێ قوڵاخ بێ، داوی هەڵخەڵەتاندنی فەرمانبەرەکانیش نانێتەوە، چونکە ئاوەزای ئەوەندە زۆڵیەتیشی نییە. نازانێ ئەو پایەی خۆی بەکاربهێنێ، لەبەرئەوەی نازانێ چ هێزو بایەخێکی هەیە. (تەنها لە کاتی

ڕۆیشتندا خلیستاکۆڤ بە شێوەیەکی تەماوی هۆشی بۆ لای ئەوە دەچێ، کە ئەویان بە فەرمانبەرێکی دەوڵەت زانیوە، بەڵام کام؟ دەرکی پێناکاتو نازانێ). هەرچیش لە شانۆگەرییەکەدا لێی ڕوودەدات، هەر لە خۆیەوە وەك ئەوە وایە بەلایدا تێبپەڕێ، هیچ خواستێکی ئەوی تێدا نییە.

گۆگەل نوسیویەتی: "خلیستاکۆڤ خۆی کابرایەکی بوودەڵەو هیچو پووچە. تەنانەت خەڵکی هیچ لەبارانەبووش ئەو بە بۆشو بەتاڵ ناودەبەن. خۆشی قەت، بەخەیاڵیدا نەدەهات، لە ژیاندا کارێکی ئەوتۆ بکات، سەرنجی کەسێ ڕابکێشێ. بەڵام هێزی ترسو سامە گشتییەکە پاڵەوانێکی کۆمیدی چاکی لێ گووراندبوو.. ئەو سامەی ڕەشایی بە بەرچاوی هەمووان‌دا هێنابوو، دەرفەتێکی چاکی بۆ ڕۆڵە کۆمیدییەکەی ئەو ڕەخساندبوو". ئەو پەیوەندییە ڕزیوو گەندەڵەی، کە خەڵکی بەیەکەوە گرێدابوو، خلیستاکۆڤی کردبوو بەو پیاوە گەورە دیارە. بێگومان سیفەتی خلیستاکۆف خۆشی تۆزە دەورێکی هەبوو. کاتێ کە مرۆڤ دەتۆقێنرێ، (لەم حاڵەتەیشدا نەك تەنیا کەسێ، بەڵکو شارەکە تۆقێنراوە) ئەمە کاریگەرترین شتە. خەڵکی وا لێ دەکات بەر بۆ سامێکی بێئامان بەرەڵابکەنو ترس بخەنە دڵی خۆیانەوەو بیمێکی گشتیش بهێننە ئاراوە. کابرایەکی خوێڕیی بەر پێی خۆ نەبینی وەك خلیستاکۆڤ ئەمە ساز دەکات. خۆیشی ئاگای لێی نییە، بۆیە زۆر بەچاکیو ئاسایی ئەم ڕۆڵە دەبینێ، کە هەلو مەرجەکە داوای لێ دەکات.

خودی "خلیستاکۆڤ" زۆر بۆ ئەم "ڕۆڵە" دەگونجا. لە دەزگای ئیداری "پیتەر بۆرگ"دا ئەزمونێکی دوورو درێژی هەبوو و کەرەسەیەکی چاکی خڕکردبۆوە، بۆئەوەی بتوانێ وەکو فەرمانبەری گەورە هەڵسو کەوت بکا. "وردەکاریو هەموو لایەنەکانی ئەم مەسەلەیە شارەزا بووبوو، تەنانەت فێری

بە کەش و فش ڕۆیشتنی سەر شەقامی "نێڤسکی"ش بوو بوو. خلیستاکۆڤ لە دەروونی خۆیدا بەنهێنی نەیدەتوانی هەست بەم تاقیکردنەوە ڕۆژانەیەوە نەکات و خەون بەوەوە نەبینێ، کە بیخاتە گەڕو ئاوا هەڵس و کەوت بکا، بەڵام ئەوەندە بە گێژی و بێ مەبەست و بە شێوەیەکی منداڵانەی واوە ئەنجامی دەدا، کە نەیدەهێشت ببێتە ڕاستەقینەو لە واقیعدا ئەنجامێ بدا بەدەستەوە. بارو زروفی ئەو شارەی خلیستاکۆڤی تێکەوتبوو، مەیدانێکی فراوانی بۆ "ڕۆڵ"ەکەی ڕەخساندبوو. ئەو نەیدەویست کەس فریو بدات، بەڵام بە ڕوویەکی خۆشیشەوە دیارییەکانی وەردەگرت و پێشی وابوو ئەم ڕێز لێنانەی هەقی ڕەوای خۆیەتی.

گۆگەل نووسیویەتی: "خلیستاکۆڤ فوو ناکاتە خوێ، درۆزن پیشەش نییە، بەس! خۆی بیری دەچێ کە درۆ دەکات و دوایش خۆی باوەڕ بە درۆکانی خۆی دەکات".

فەرماندار ڕەچاوی حاڵەتێکی لەم بابەتەی نەکردووە. تاکتیکەکەی ئەو بۆ ئەوە بوو، کە ئەمە پشکنەری ڕاستەقینەیە.

بێگومان ئەگەر بیزانییایە پشکنەرێکی وەهمییە، دەیدایە بەر قەپ. باش شارەزای ئەوەبوو کە چاری زۆڵییەتی هەر بە زۆڵییەتی دەکرێ. بەڵام دڵپاکییەکەو ساکارییەکەی خلیستاکۆڤ ئەوی لە خشتە برد بوو. هەر بەڕاستیش بۆ دەبێ خلیستاکۆڤ پشکنەر نەبێ، کابرایەکی گەورەو فەرمانبەرێکی بە دەستەڵات نەبێ؟؟!! لە "لووت"دا ڕووداوێکی زۆر نائاسایی تر دەشیا ڕووی بدایە، ڕاکردنی لووتی (کەڤالیۆڤ)و بوونی بە ڕاوێژکاری سەرژمێر. بێگومان ئەمە شتێکی "نەشیاوە"، بەڵام وەك نووسەر بە پێکەنین و باوەڕەوە دەیوت: "لە هەموو ئەم هەرایەدا جۆرە شتێك هەیە، جا

هەرکەس چی دەڵێ با بیڵێ، ڕووداوی لەم بابەتە لە دنیادا هەرچەندە کەمە، بەڵام هەیەو ڕوودەدا.

لەم دنیایەدا کە بەشێوەیەکی سەیرو سەمەرەو پەی پێنەبراو "چارەنووس لەگەڵماندا یاری دەکا" ڕێی تێدەچێ کە شتی پێچەوانەی داب‌و یاساش ڕووبدەن. بێ ئامانجی‌و ئاژاوە دەبێتە "ڕاستی". (گێرتسن) واتەنی: "بینۆگەو ئامانجێکی دیاریکراویش نییە، کەچی هەر بیچمی وەکو خلیستاکۆفە، لە هەموو سەردەم‌و ڕۆژگارێکدا، هەر لە کاتب ناحییەوە تاکو قەیسەر دووبارەدەبنەوە".

گاڵتەو لا قرتیەکەی گۆگەل زۆرتریش دەبێ. ئێمە دەزانین هەڵس‌و کەوت لەگەڵ پشکنەردا، چەنێ لەسەر خەڵك کەوتووە. هەموو ڕێزیان دەگرت‌و لەبەردەمیا دەنووشتانەوە، دیاری‌و بەرتیلیان بۆ دێنا، سکاڵایان لێ دەکردو داوای جێبەجێکردنی کاری گرنگیان لێ دەکرد. هەموو شار بێئارام‌و سەر قاڵی ژیانێکی سەمەرەو سەرنج ڕاکێش بوو. دەریشکەوت ئەم هەراو هورییایە بێ بناغەو بێ بنەما بوو و هەمووی بە خۆڕایی ڕۆیشت. خۆزگە، سەد خۆزگە، کەسێکیش هەبووایە خۆی بە پشکنەر لەقەڵەم بدایە، بەڵام خلیستاکۆڤ لە هەمووی بێخەبەر بوو لە هیچی نەدەگەیشت. بریسکەو درەوشانەوەو ڕوونیی فانتازییای ئەمە، دەیدا لە ژیانی "شارە بنیات نراو"ەکەی گۆگەل.

ڕەخنەگری هەڵکەوتوو بە تەمەن منداڵتری هاوچەرخی گۆگەل – ئاپۆلۆن گریگۆرێیڤ وتوویەتی: "شەخسیەتەکانی "پشکنەر" لە ژیانێکی "تراویلکەیی"دا دەژین، کە لە ئەنجامدا دەربڕی واقیعی تا ڕادەیەکی خەیاڵی، گەندەڵ‌و بۆگەن بووی ژیانی ڕووسیان. "شێوازی بێ ناوەڕۆك‌و، جەم‌و جوڵی

بێ ئامانج، ڕووکەشیی مەبەستو مەرام، بۆشیی هەموو ئەمانە، تابلۆیەکی تاریکو سامناك بوون" ..... دوا دیمەنی ئەم "تابلۆ تاریکە سامناکە"ش پەردەی خامۆش بوو.

(٥)

"پەردەی خامۆش"ی شانۆگەرییەکە لە خۆیەوە وەك گرمەی هەورێك لە ئاسمانێکی سامالّدا پەیدا دەبێ. لەگەلّ ئەوەشدا بە لۆگیکی هونەری کۆمیدییەوە ئامادەکراوە، بەلاّم هەموو خەلکی شار دەبوایە، سام، نیگەرانی، هیوا، شادیی بێسنووری ئەو چەند سەعاتەی چاوەڕوانیو دیتنی پشکنەریان بچەشتایەو بژیانایەو هەستیان پێ بکردایە.

گۆڕان لە حالّەتێکەوە بۆ یەکێکی دی بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر ڕووی دەدا. هێشتا هۆش فریای گۆڕانەکە نەکەوتبوو ڕووداوەکان پێکدا هەلّدەپرژانو لە یەکتری دەئالاّن". نازانی لە مێشکدا چ هەرایەکە! فەرماندار دەلّێ: هەر دەلّێی لەسەر بورجی زەنگێگ وەستاوی، یان دەیانەوێ ملت بە پەتدا بکەنو هەلّتبواسن".

لە پڕدا یەکەم زللە. "ئەو فەرمانبەرەی ئێمە بە پشکنەرمان زانی، خۆی نەبوو". گۆڕانەکە هێندە خێرایە، هێشتا هۆش لەسەر زیادکردنی بۆچوونو خەیالّەکانی پێشوو بەردەوامە، فەرماندار بە بەرپرسی پۆستەخانە دەلّێ: زاتی ئەوەی کرد، ئیمزای "نامەیەکی وا تایبەتی بکات". ئانا ئەندرییڤنا بەسەرسوڕمانێکەوە دەلّێ: "هەرگیز ناشێو ناکرێ ئەمە وابێ!" خۆ "پشکنەر" "ماشای دیاری کرد". لێرەدا بە بێهودەیی دەیانویست خۆ هەلّخەلّەتێنن چاو لەم ڕاستییە بپۆشن. لە هەوادا بۆنی نەهامەتیو تێکشکانێکی گەورە دەهات بەلاّم هەر بەوەندەشەوە ناوەستێ. لەکاتی یەکەم

زللەو ڕاچەنیندا هات. وا دەردەکەوێ نامەی دڵ بزوێنی فەرماندارو دۆزینەوەی تاوانباران، بە جنێوەوە بەدواداگەڕانی "بزنە تۆبەکارەکان" بۆبچینسکیو دۆبچنیسکی جۆرە دەرفەتێکیان بۆ خەمو پەژارە ڕەواندنەوە پەیدا دەکرد. کەچی لەپڕدا زللەیەکی توندو قورستریش دەسروێنرێتە هۆش‌و هەست، ئەویش هەواڵی هاتنی پشکنەری ڕاستەقینە بوو. "هەموو بار دەگۆڕن وەکو بووبێتن بە بەرد ڕاوەستاون‌و ڕاماون".

تەواونەکردنی "پەردەی خامۆش" (چونکە پشکنەری ڕاستەقینە هەر لە شانۆگەرییەکەدا بەدەر ناکەوێ)، مەیانی بۆ بۆچوون‌و لێکدانەوەی جیاواز هێشتۆتەوە. گۆگەل دواتر نووسیویەتی، کە لە "پەردەی خامۆش"دا، ویستویەتی تەعبیر لە سامی "بێ باوەڕ"ەکان‌و لە یاسا لادەرەکان بکات لەبەردەم سزادانی قەیسەردا، ئاماژەی بۆ دادپەروەری سەقامگیر بوون کردووە. گۆگەل هێمای بۆ شتێکی تریش کردووە، کە نرخی هەرەبەرزی شانۆگەرییەکە لەوەدایە ئەویش: هاتنی پشکنەری ڕاستەقینەیە کە سیمبۆلی دادگای یەزدانییە بۆ تاوانباران‌و سەرلێ شێواوان. هەندێ لێکدانەوەی تریش هەبوون، بۆ نموونە لە ساڵە سەرەتاییەکانی دوای شۆڕشدا، کۆتایی شانۆگەرییەکە بەوە لێکدەدرایەوە، کە پێشبینیی هەڵکردنی زریانی شۆڕش‌و دارمانی قەیسەرییەت‌و یاسای کۆیلایەتییە.

ئەم هەموو بایەخ‌و لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵگرتنە، خەسیەتی شاکارە هونەرییەکانە، بەهۆی قووڵی‌و درەوشانەوەی بەرزی وێنەی هونەرییانەوە، هەموو دەمێ شتێکی تازەیان لێ دەدۆزرێتەوە.

مەسەلەی ئەوەی کۆتایی شانۆگەرییەکە نوقڵانەبێ بۆ بەرپابوونی شۆڕش، زۆر دوورە لە واقیعی گۆگەلی سەرەتای سییەکانەوە، بەڵام کۆمیدیاکە،

بەو خەسیەتە ئیستێتیکیو هونەرییە بەرزەیەوە، ئاوەها لێکدانەوەیەکیش هەڵدەگرێ.

گۆگەل هەرچەندە پیشانی دەدا، کە ژیانی سەردەم خەڵك بەرەو کێشە دەبا، بەڵام بە وریاییەوە هیچ نەخشەیەکی دیاریکراوی داهاتوومان بۆ دانانێ. ئەم کێشەیە لە چییەوە هاتووە، ئەنجامەکانی چی دەبن، (بۆ نموونە پاڵەوانەکە "رۆڵ"ەکەی خۆی دەباتە سەر، لە ئەنجامی هاتنی پشکنەری راستەقینەوە، دادپەروەری سەروەردەبێ؟).

گۆگەل هەموو ئەم پرسیارانەی بێ وەڵام هێشتوونەتەوە. لە دوا پەردەدا هەموو بایەخێك و گرنگییەك تەنیا بە تەئسیری سامو بیمی کێشەکە دراوە. بێ ئارامیو سامەکە لەگەڵ باسی پەیدابوونی پشکنەری نوێدا خەست بووەوەو هەموو لە پۆزێکی تەزیودا وشك دەبن. وێنەیەکی زلکراوی گۆگەلی فووت دەبێتەوە: ئەو هەست بە سام کردنەش، کە پاڵەوانەکان خۆیان پەرەیان پێ دەدا، وای لێکردن کە وشك ببن بۆ هەتا هەتایە (گۆگەل بەتایبەتی شتێکی نائاسایی دەویست، ئەمەشی لە سیمبۆلی درێژ کردنەوەی "پەردە خامۆش"ەکەدا نیشانداوە).

"پەردەی خامۆش" کە بایەخێکی تریشی هەیە، دەربارەی تەئسیری شانۆگەرییەکە لە بینەر، گۆگەل نووسیویەتی:

" لەو راچەنینە گەورەتر نییە، کە هاوئاهەنگیو گونجانی هەموو بەشەکان بەیەکەوە لە مرۆڤ دەکا، ئەو هارمۆنیایەی تەنیا لە ئۆرکسترایەکی مۆسیقاییدا هەستی پێدەکا... "

ئەم گونجاوییەی شانۆگەرییەکە لە کۆتاییدا لە دەربڕینێکی پلاستیکی دەچێتو یەکێتی لە هۆڵەکەشدا دروست دەکاتو هەمووی بەیەکەوە

دەهەژێنێ. گۆگەل نوقلانەی هاتنی پشکنەرێکی پەرجووکاری لێ دەدا، ڕووی دەمی لە خەڵکی واقیعەکەی، لە هاوچەرخەکانی خۆی بوو. چاوەڕێ بوو بە هێزی سەرجەم و یەکگرتووانەی ئەوان بەسەر شەڕو ناڕاستیدا زاڵ ببن.

دەربارەی شاکاریی هونەری کە هەندێ کەس هەر بە "قسەی بۆش و گاڵتەبازاڕی دەزانن" گۆگەل نووسیویەتی: "چیرۆکی گاڵتە بازاڕ بەڵێ! بەڵێ! بەڵام هەر ئەوانەن باڵکۆن و پەیژەی شانۆکان دێننە لەرزە، هەموو لە بنەوە تا سەرەوە هەژاون و بوونەتە خاوەنی تەنیا هەستێ، لەیەك ساتدا بوونەتە یەك ئینسان... گاڵتە بازاڕ!! بەڵێ!! بەبێ گاڵتەبازاڕیی لەم بابەتە جیهان وەنەوزی دەداو ژیان دەبووە تەنکە گەنە ئاوێکی لیخن و ڕەش و تارماییش گیانی دادەپۆشی..."

دیارە ئەمە چاکترین نرخاندنی کۆمیدیاکەی گۆگەلە لەلایەن خۆیەوە*.

بەتایبەتیش شەخسیەتەکانی "گۆگەل" ئەم پرسیارە لەخۆیان دەکەن: "دوای ڕانانی شانۆگەرییەکەو لەزۆر شوێن پیشاندانی" هەمان هەست و پرسیار لەلای بینەرانی "پشکنەر" پەیدا دەبوون.

تێبینی/ ئەمە پێشەکییەکە لەگەڵ شانۆگەریی "پشکنەر"دا بە یەکەوە لە کتێبێکدا ساڵی ١٩٧٥ لە مۆسکۆ چاپ کراوە. لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری شانۆدا لە ستۆکهۆڵم، ١٩٨٩- ئەم وەرگێڕانە بۆیەکەم جار بڵاوبۆتەوە.

# هەندێ شیعری ئارسینی تارکۆفسکیو شتێك دەربارەی ژیانو هونەری

## "شیعری هاوچەرخی ڕووسی"

ئەندرێی تارکۆفسکی ڕیژیسۆر، زۆر جار لە فیلمەکانیدا، شیعری ئارسینی تارکۆفسکیی باوکی بەکاردەهێنا. شانەکتەرەکانی: ئاوێنە، ستالکەر، نۆستالگی، شیعرەکانی ئارسینی دەڵێنەوە، تەنانەت ئاندرێی لە نۆستالگیدا مەودایەکی سیمبۆلی داوەتە ئەو شیعرانەی باوکی کە کراون بە ئیتالی. ئاندرێی لە هەندێ بۆنەدا جەختی ئەوەی دەکرد، کە باوکی گەورەترین شاعیری ڕووسی لە ژیاندا ماوی ئەم سەردەمەبێ. وەنەبێ ئەمە هەر مەسەلەی باوكو فەرزەندی یان لەبەر بۆچوونی چونیەکی هونەرییان بووبێ، بەڵکو ڕای گەلێ لە ڕووناکبیرانی ڕووسیاشە.

شاعیرە ڕووسەکانی ئەوەی دوای جەنگو دەورانی دوای مردنی ستالین – ئاڤۆزنیسێنسکی، یەفتۆشینکۆ، بێلا ئاخمادۆلینا – جێگای خۆیان لەناو ئەدەبی ڕەسمیو عەقڵیاودا کردەوەو ئەو دەنگو درەوشانەوەی جارانیان نەما، تەنانەت هەندێکیشیان بوونە دیلی شەرابو مەستی. شاعیرێکی هەڵکەوتووی وەکو ج. برۆدسکی ساڵی ١٩٧٢ ناچار بوو ڕووسیا جێ بهێڵێو ڕووبکاتە ئەمریکاو خۆی واتەنی: "ئیمپراتۆرییەت ئاڵشت بکات" و دوایی هەر لەوێش کۆچی دوایی بکات. لەو وەستانو وشك بوونەوەیەدا کە ئەدەبی ڕووسی توشی بووبوو، ئارسینی ڕێگایەکی دی – هی داهێنانی هونەریو ئەدەبی و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی هەڵبژاردبوو.

ئا. تارکۆفسکی ساڵی ١٩٠٧ لە یەکێك لە شارەکانی ئۆکراینیا لەدایك بووە. باوکی پیاوێکی شۆڕشگێڕبوو، خێزانەکەیان ماوەیەکی زۆر لە ڕاونانو دەربەدەریدا دەژیان. ئارسینی لە دەورو بەرێکی ئەدەبیدا گەورە بوو و هەندێ لە کەسانی خێزانەکەیان شیعردۆست بوونو هەشیان بوو دەینووسی. ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٩ خوێندنی ئەدەبیی باڵای تەواو کرد، کە نموونەیەك بوو لە هی ژیانی کولتووری ئەو سەردەمەی سۆڤیەت، لە سەرەتادا هەندێ شیعری لە ڕۆژنامەی (شاور) دا بڵاو کردەوە، کە هی هێڵی ئاسنین بوو، تەنانەت م. بولگاکەف (١٨٩١-١٩٤٠) نووسەری ناسراوی ڕووسیش لەهەمان ڕۆژنامەدا بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە.

ئارسینی ساڵی ١٩٤١ لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا چووە بەرەی شەڕو ساڵی ١٩٤٣ بەسەختی بریندار بوو و هەردوو قاچی لەدەست داو توانای مانەوەی ناو سوپای نەما.

ئارسینی دوایی دەستی دایە شیعر وەرگێڕان لە زمانی گورجی، ئەرمەنی، تورکمانی، تەنانەت لە زمانی عەرەبیشەوە، تارکۆفسکی وەرگێڕانی کردبوو بە تریبوونێ بۆ دەربڕینی هەڵوێستی مرۆڤانەو هونەریی خۆی، چونکە بێ گومان لەو ڕۆژگارەدا بواری بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی نەدەدرا. لە دنیای هونەردا ئەمە بەتاراوگەی ناخ ناو دەبرێت. ب. باسترناکیش لە سی و چلەکاندا هەمان کاریدەکرد. ئارسینی کاری وەرگێڕانی بە کارێکی پێویستو ناچاری دەدایە قەڵەم.

یەکەم دیوانی ئارسینی "پێش بەفربارین" ساڵی ١٩٦٢ چاپ کرا، ئەو کاتە تەمەنی ٥٥ ساڵ بوو. هەروەها ئەم کۆمەڵە شیعرانەشی هەن: بۆ زەوی -

دنیایی ١٩٦٦، قاسید ١٩٦٩، شیعرەکان ١٩٧٤، جیا ئەفسوناوییەکان ١٩٨٠، هەڵبژاردە-١٩٨٢، شیعری ساڵانی جیاجیا ١٩٨٣.

سەیر لەوەدایە ئەم شاعیرە گەورەیە، کە لە ڕیزی ماندلشتام و پاسترناکدا دادەنرێ و یەکێکیشە لە ئیلهامدەرەکانی کەڵەڕیزپسۆرێکی وەکو ئاندرێی کوری، لەو کتێبانەدا کە دەربارەی مێژووی شیعری ڕووسین لە کوولەکەی تەریشدا ناوی نەهاتووە، کەچی ناوی دەیان سەپۆلەی بە درۆوە لە سای حیزب و دەسەڵاتدا بە شاعیر بوو و بەرهەمە ناچیزەو زەخەڵەکانیانی تێدایە.

وەنەبێ ئارسینی لە شەستەکاندا دەستی دابێتە نووسین، هەندێ لە شیعرەکانی یەکەم دیوانی مێژووی ١٩٢٩ یان پێوەیە، ئاشکرایە هۆی ئەوە بوو ئەم ڕێگایەکی دی هەڵبژاردبوو — ڕووبەڕووبوونەوە یان وەلکردنی دەستەڵات. ئەمە هەر قەدەری ئارسینی نەبوو، بەڵکو هی گەلێ کەڵە شاعیری تریش بوو، کە چارەنووس فرێی دابوونە ئەو قۆناغەی مێژووی ڕووسیا. ئەم درەنگ بڵاوبوونەوەیەی بەرهەم، تاقیکردنەوەی شیعری ئارسینی فراوانترو قوڵتر کردۆتەوەو دانسقەییەکی تایبەتی پێ بەخشیوە، خۆشی زۆر جار لە تەمەن گەورەیی شیعرەکانی دەدوا.

ئارسینی گەڕاوەتەوە بنەوانی ئەو شیعرەی کە لە ئەدەبی ڕووسیدا باوی بوو — دەوری پێغەمبەرانەی شاعیر. شاعیر نەك هەر بەرهەمی شیعری دەخولقێنێ، بەڵکو پێشبینی داهاتوو دەکا، مرۆڤو سروشتو گەردوون دەژێنێتەوەو دەگۆڕێ و دەخەملێنێ.

لەهەوەڵ نیگادا ڕەنگە وا بێتە بەر چاو کە شیعرەکانی تەقلیدین، خۆ بە کێش و قافیەشەوە نووسراون و لە شیعرەکانی شاعیری ڕووس دیرژاڤینەوە (١٧٤٣-١٨١٦) نزیکترن تا فۆتوریستەکان، بەڵام ئەمە زەین بەهەڵەدا چوونە.

شایانی باسە نەك هەر بە شیعر بەڵکو بە پەخشانیش وەرگێڕانی شیعرەکانی ئاسان نییە.

زمانی شیعرەکانی ئارسینی چڕو پڕ هێماو تۆکمەن. ئەوە باس لەو هەموو ڕەمزو ئاماژانە ناکرێ بۆ بابەتەکانی ئینجیلو ئەدەبی ئانتیكو ڕۆژهەڵات. شیعرەکانی لە مەسەلە جەوهەرییەکانی هونەر: لە ڕامانی مرۆڤ بەرامبەر گەردوونو سروشت — مردنو ژیان، ئەڤین بە واتا هەرە فراوانەکەی دەدوێن، ئاندرێیش ئەمانەی دەکردە کەرەسەو مۆتیڤی فیلمەکانی. پێش ئاندرێی سینەمای سۆڤیەتی کە لە جەنگ دەدوا، دەیکردە هاتو هاواری ڕادیۆو تانكو تۆپ، بەڵام ئەم ڕووخساری دایکێکی ڕۆژگار بەدەردبردوو یان خەونەکانی منداڵی (ئیڤان)ی نیشان دەدا. ئیڤان دوای ئەوە بە بەرچاوییەوە نازیستەکان دایکی دەکوژنو کوشتار دەخەنە گوندەکەی، بەو منداڵییە دەبێتە پارتیزانو بیر لە تۆڵەسەندن دەکاتەوە. بەڵام خەون بە جارانەوە دەبینێ : دایکی، کچە بچکۆلەکەی هاوەڵی کە پێکەوە بە کەنارەکەدا ڕایان دەکردو گەمەیان دەکرد، ئەسپەکان کە بە پرموهوڕ عەرەبانەی پڕ سێوی تازە ڕنراویان ڕادەکێشا.. تاد بۆ ئەم شێوە دەربڕینە شیعرییانەش، بۆ "فیلمی شیعری" ئاندرێی قەرزاری باوکی بوو.

یەکێك لە خاسیەتەکانی شیعری بەرز میتافۆرە. ئارسینیش شیعرەکانی کارامانە پێ نەخشاندووە. میتافۆرەکانی کاتو شوێن، مرۆڤو سروشت دەژێننەوەو گیانێکی نوێی بەبەردا دەکەن. سرووشت سەرچاوەیەکی لە بنەهاتووی شیعری ئارسینییە، تەنانەت لەو بابەتانەشدا کە تایبەت نین پێی. شیعرەکانی دنیایەکن بەردەوام لە نەوەستانو جمو جوڵدان: دەنگو ڕەنگ، ڕوانگەو گۆشەنیگاش لەوەن کە لە هەمان شیعردا بگۆڕدرێنو

بخەملێن. ئاو شالاو دێنێ، شتەکان دەکەونە خوارەوە، درەختێك لەبەردەم بادا دەنووشتێتەوە، ئەمانە فەزایەکی زیندوی شیعرین. هەموو کاتێکیش بە ڕێزو سامێکەوە وەکو شتێکی پەیپێنەبراو لە سرووشتی دەڕوانی و لای وابوو: مرۆڤ یارای نییە بەتەواوەتی بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. زۆرجار دیمەنێکی کۆنکرێتیی سرووشت وا بە وردیو کارامانە بەرجەستە دەکا، کە شیعرەکە لە کاتی شیکردنەوەدا مەودایەکی سیمبۆلئامێز دەگرێتە خۆی.

کات ـ زەمان، بابەتێکی تری شیعری تارکۆفسکییە. زۆرجار زەینو یاد بلاچەی شتێکی دێرینو ڕابردوو بە ئەمڕۆوە دەبەستنەوە، مامەڵەیەك، هەڵەیەك، گوناهێکی ڕابڕدوو دەبنە سێبەرێکی قورسی سەرجەم ژیانو موتیڤێك کە لە شیعرەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە، درەنگە پاییز، وێنەی دومانی پیریو مەرگو هەندێ ساتیش مایەی شادیو دواساتەکانی خۆشییەکی خەستو چێژ لە ژیانو سرووشت وەرگرتنە. کارەسات لە هیچ ئانو ساتێکدا دوورناکەوێتەوەو یەخەی کامەرانی بەرنادا. کێشەی مردنو ئەبەدییەت، یەکێکە لە بابەتەکانی شیعری ڕووسیو تارکۆفسکیش بەتایبەتی. شاعیر مەودایەکی تایبەتی ناداتێو وەها چارەسەری ناکا، بەڵکو هەڵێکی دۆزینەوەی وەلامێکی بەجێو قەناعەتهێنەرە. ئەم لە هەموو ڕوانگەیەکەوە لە ئەبەدییەتی ڕوانیوەو بە هەموو شێوەیەك بە دەمیەوە گینگڵی خواردووە.

ئارسینی تارکۆفسکی هەمیشە ئاماژەی چەند شیعرێکی خۆی دەکرد، کە دەربارەی پەیوەندیی شاعیرو دەسەلاتن. لە "شمشاڵی دەشتدا" خۆی بە ئۆڤیدیۆسی شاعیری ڕۆمی (٤٣ پ.ز — ١٨ ز) دەچوێنێ. قەیسەر ئاوگوست، ئۆڤیدیۆسی ئاوارە کردبوو دووری خستبووەوە، ئەمەش بووبووە مایەی دڵتەنگیی ئۆڤیدیۆس، دوایش هەر لەوێ بەنائومێدی سەری نایەوە. کەچی

تارکۆفسکی تاراوگەی ناخو ڕاونانی سەردەمەکەی لەناوبانگو بەخ لا پەسەند تر بوو. شیعری دیشی هەن، کە بانگی یاخیبوونو دژی ئەوەن شاعیر ببێتە خزمەتکاری دیوەخانو دەرباری دەستەڵاتداران. دیسانەوە لێرەشدا باوكو کوڕ هەمان هەڵوێستیان هەیە. لەباتی سەر دانەواندن بۆ دەسەڵات، هەچ دەسەڵاتێ بێ، تاراوگە هەڵدەبژێرن، ئەگەر هی کوڕ جوگرافی بێت، ئەوا تاراوگەی باوك هی ناخە، کە ژیانی ئەدەبیی ڕەسمی ڕەتکردۆتەوەو خدەی داوەتە وەرگێڕان. تارکۆفسکییەکان- باوكو کوڕ باوەڕیان بە ئەرکی ئەخلاقیو مرۆڤانەی هونەر هەبوو، بە ڕەتکردنەوەی هەموو سازشو پاساوێك کە ببێتە لەمپەرو شێوێنەری ئازادیی دنیای هونەر. باوەڕیان بە وزەو دنیای لەبننەهاتووی ئینسان هەبوو، بە هونەرێك کە بتوانێت جیهان بگۆڕێو بخەملێنێ. خەونیان بە هارمۆنیای هونەرێکی ڕەسەنو ژیانێکی عادیلانەوە دەبینی. تا مردنیش لەمە لایان نەدا.

شایانی باسە،ساڵی (١٩٨٢) تارکۆفسکیی ریژیسۆر، کە بۆ کاری فیلمێکی چووە ئیتاڵیا، نەگەڕایەوە ڕووسیاو لە ئەورووپا مایەوە. سانسۆری سۆڤیەتیش بە عادەتی خۆی. هەر بە قەدەغەی بەرهەمی کوڕەوە نەوەستاو کەوتە شاڵاو بردنە سەرێو چەردەیەك بەندو باویان بۆ هەڵبەستو کتێبەکانی باوکیشیان چنییەوە. ناهەقیشیان نەبوو! چونکە کوڕ نەك هەر شیعرەکانی باوکی تێهەڵکێشی فیلمەکانی دەکرد، بەڵکو دەوری ڕەمزی دەدانێ. بۆ نمونە: لە "نۆستالگی"دا شائەکتەر ئەو کۆمەڵە شیعرەی ئارسینی ئاگر پێوەدەنێ، کە کراون بە ئیتالی، ئەمە هێمایەکە بۆ ئەوەی کە شیعر وەرگێڕان کاری کەردەنی نییەو ئاسان نییە خەڵکی کولتوور جیاواز لە یەکدی بگەن. دوور نییە ئەمەش دەربڕی ئەو نا ئومێدییە بێ، کە ئاندرێی لە هەندەران تووشی

بووبوو. بەڵام ئارسینی باوەڕی بە وەرگێڕانیش‌و لە یەک گەیشتنی خەڵکیش هەبوو.

ئارسینی تارکۆفسکی، کە یەکێك بوو لە دەنگە دیارەکانی ڕێبازی شیعری ئۆسیپ ماندلشتام‌و مارینا سفیتاییڤاو دوا ڕووخساری بەشکۆی هەوەڵین دەیەکانی سەدەی بیستەمی شیعری ڕووسی، ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کرد.(*)

*() من ئەم شیعرانەم لە چاپی ڕووسیی هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی ئارسینییەوە کردووە بە کوردی: ئارسینی تارکۆفسکی, بەرهەمی هەڵبژاردە "لەگەڵ خۆت بی", ١٩٧٨, مۆسکۆ.هەروەها جگە لە ئینسکلۆپیدیای ئەدەبی ڕووسیی چاپی تازە, کە هەندێ فاکتەی تێدایەو لە کتێبێک کە دەربارەی سینەمای ئا. تارکۆفسکییە: Tarkovskij- tanken pa en hemkomst ,1986, stockholm. سودیشم لە پێشەکیی تەرجەمەی سویدیی شیعرەکانی وەرگرتووە, کە لە خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە. ڕاستییەکەی بەشی زۆریم بە دەستکارییەوە کردووە بە کوردی, چونکە پێشەکییەکە زۆر بایەخدارە, وەرگێڕ گفتوگۆی لەگەڵ شاعیردا کردووە, گەلێ لە بۆنەو لایەنی شیعرەکانی لا ڕوون بۆتەوە. نازانم دەشێ یان نا! من هەندێ زانیاریی خۆمم تێکەڵی هی وەرگێڕە سویدییەکە کردووە, لەبەر ئەوە لام شیاو نەبوو, نەدەکرا بەجیا بیاننوسم. دەمەوێ ئەوەش بڵێم لەگەڵ گرنگیشدا پێشەکییە سویدییەکەش لێکۆڵینەوەی قوڵی شیعرەکانی نییە. هەروەها سێیان لەو شیعرانەی من کردوومن بە

کوردی لە تەرجەمە سویدییەکەدا هەن. ئاشکرایە من بە پەخشان کردوومن بە کوردی, بۆیە زۆر جار ڕستەکانم بۆ ڕوون کردنەوە بەرەو دوا پێ کردووە. هەروەها هەندێ وشەشم لە دوو کەوانەدا, بۆ هەمان مەبەست زیاد کردووە.

Arsenji Tarkovskij. En klase syrener. Dikter i urval och tolkning av Per Arne Bodin. 1985, Stockholm.

## تەرزە بەسەر میشانسکیی یەکەمەوە()

سەعاتی سەربورجەکان لێ دەدەن
با هەڵدەکا
هاتوچۆکەران — لە دەروازەکاندا،
دەرگاکان دەدەن بە یەکدا
کچەکان بە پێی پەتیبەسەر شۆستەکاندا ڕادەکەن
باران بەدوویان دەکەوێ
دڵ کەوتۆتە لێدان
کراسی ئاودامان نایەڵێ
گوڵەباخەکان تەڕدەبن
تەرزە لەسەر زیزەفۆن وردو خاش دەبێ
لەگەڵ ئەمانەشدا
هێدی... هێدی پەنجەرەکان دەکەونە سەرپشت،
لە پوولەکەی زیوینی جادە بەردرێژکراوەکاندا
منداڵەکان گوێزە سەهۆڵینە دادەکرمێنن

**() ناوی شەقامو گەڕەکێکە لە مۆسکۆ.**

لە ژێر دڵی گیادا شەونم قورسدەبێ
منداڵێك بە پێخاوسی بە ڕێچکەکەدا دەڕوا

لە سەبەتەیەکی سەربەتاڵدا تووی فەرەنگی هەڵگرتووە و
منیش لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکەم
دەڵێی لە سەبەتەکەیدا بەربەیانی هەڵگرتووە
ئەگەر ڕێچکەیەك بە ڕاکردن بەرەو پیرم بهاتایە
ئەگەر سەبەتەیەك لە قۆڵمدا بکەوتایەتە تەکەتەك
چاوم نەدەبڕییە ماڵی بناری چیاو
ئیرەییشم بە بەشی کەس نەدەبردو
هەر نەش دەگەڕامەوە ماڵەوە

## شاعیر

"شۆڕەسوارێکی هەژار لە دنیادا هەبوو"
ئا.س. پوشکین

ئەم کتێبە سەروەختانێك
لە کەریدۆرەکەی چاپخانەی دەوڵەتدا
شاعیرێك پێشکەشی کردم
کتێبەکە دڕاوەو چرچو لۆچ بووە،
شاعیرەکەش لە ژیاندا نەماوە

دەیانوت سیمای شاعیرەکە
شتێکی باڵندەیی تێدا بوو و
هی میسریشی هەبوو
گەورەییان نابووتکرد،

شەرەفیشیان شکاند

چەند ئەو لە فەزای کەریدۆرەکان دەترسا!
لە نەگۆڕی و وەفای قەرزدەرەکان! دەترسا
ئەو وەك دیاری، لە شالآوی کێویی خۆ نواندنا
پاداشتو بەخشیشی وەرگرت

پیرە لێبوك بە شەبقەکەیەوە،
بە چەماوەیی وەك سەرخۆش بێ
ئاوەها بە سکە خشێ بەسەر پەردەکەدا دێو دەچێ
وەك بە ئاگایەکیش،
زامەکەی لە ژێر یەلەکە
لۆکەییە بەردارەکەیدا دەشارێتەوە

جووتە قافیەی پەڕو باڵ دەرکردوو
بە قارەمانێتی(*) ڕۆژ ژمێری کۆتایی هات —
بەخێر چی بەدۆعا!
بژی جەژنی پاداشتو بەخشیش،
کولێرەی ڕەشو سپی!

(بەیاریکردن) بە وشەی چەوتو چەماوە ڕایدەبوارد
بە دەنوکی باڵندانەوە بزە دەیگرت

بەهەرکەس دەگەیی بە گەرمی باوەشی پێدا دەکرد
لە تەنیایی دەترساو
شیعری بۆ ناکەسان دەخوێندەوە

ئەئاوا شاعیر دەبێ بژی.
من خۆشم پەڕاگەندەو وێڵی دنیام،
لە تەنیایی دەترسم،
بەسەدان جار لەتەنیاییدا
هانا بۆ ئەم کتێبە دەبەم

لەو شیعرانەدا دیمەنی سروشت کەمن
ئەوەی هەبێ ژاوەژاو و بێسەرو بەریی ئێستگەکانە،
شاتەشاتو بگرەو بەردەی شانۆیە
تەنیا خەڵکی زۆرو بۆرەو
بازاڕ، سەرەیەو زیندان
لەوە دەچێ ژیان سەر گەرمی چەنەدان بووبێ
وا چارەنووسیش هەمان (بەندو باوی) هۆنیوەتەوە

*کردنی ئەم چەند دێرە بەکوردی ئاسان نییە، هەرچەندە ئەسڵەکە ئاشکرایەو مەبەست لەو شاعیرو نووسەرانەیە کە دەبنە مووچەخۆری حیزبو دەوڵەتو هەموو ڕۆژەکانی مانگ ڕۆژ دەژمێرن!, خەریکی کارکردن — نووسینو هەق دەستەکەیان وەردەگرن.

# لایلایە

بۆ ئا. تارکۆفسکی

ئەو (ژنەکە):

هۆ ڕێبوارەکە! چیتە شەوت گرتووە بەدەمەوەو ستارناگری،

چییە دەیبزرکێنی- لە بزڕکاندن ناکەوی،

هەمان شت دەڵێیتەوە

نایەڵی کوڕەکەم بنوێ

کێی دی گوێ لە تۆ ڕادەگرێ؟

چیت هەیە لەگەڵ من بەشی کەی؟

ئەو وەك کۆترێکی سپی لە

بێشکە دارینەکەیدا هەناسە دەدا

ئەو (پیاوەکە):

ئێوارە دێ، دەشتەکان شیندەبن، خاك تەنیا دەکەوێ،

کێ یارمەتیم دەدا ئاو لەو گۆزە قووڵە هەلگۆزم؟

هیچم نییە، هەرچیم هەبوو، لەڕێ لەدەستم چوو،

ڕۆژ بەڕێ دەکەم، بە ئەستێرە دەگەم، ئاو با تینویەتیم بشکێنم،

ئەو (ژنەکە):

لەکوێ گۆزە هەیە — لەوێش ئاو

گۆزەش لەسەر ڕێگاکەیە،

ناتوانم کۆرپەکەم جێ بهێڵم، ئاوت بۆ بهێنم،

ئا ئەوەتە پێڵوەکانی لێك دەنێ،
ئەوا مەستیی ڕێگای کاکێشانی ئێواران
دەوری دەگرێو دەیشواتەوەو
لانکەکەی ڕادەژەنێ.
ئەو (پیاوەکە):
دەرگاکەم لێ بکەرەوە، وەرە دەرەوە، هەرچیت دەوێ ببە
ڕۆشنایی ئێواران، چەمچەی لە ئەسپیندار، گیای گوڵە کەنارڕێ()

*لە شیعرەکەدا ڕاناوی (ئەو) هەیە, لە ڕووسیدا وەکو زۆر زمانی تر ئەم ڕاناوە بۆ ژن‌و پیاو جیان. بۆ ڕوون کردنەوەو جیاکردنەوە, من لە کەوانەدا ژنەکەو پیاوەکەم نووسیوە.

## هەوەڵین ژوانەکان

ژوانەکان وەك ئەوەی دەرکەوتنێکی خوایی بن‌و
تەنیا هەر من‌و تۆ هەبین لە دنیادا
بۆ هەر ساتێکیان ئاهەنگمان دەگێڕا
تۆ بوێرتر و لە باڵی مەل سوکتر بووی
وەك سەرەسووڕەیەك، بە پەیژەکەدا، بە پلەکاندا،
بەناو (گوڵە) یاسە تەڕەکاندا
منت پەلکێش کردە ئەو دیو شووشە ئاوێنەییەکان،
بۆناو مەملەکەتەکەی خۆت

کاتێ شەو هات نازم پێ درا،
دەرگای میحرابەکان والابوونەوە،
ڕۆشنایی لە تاریکیدا دەبریسکایەوە
هێدی.... هێدی رووتبوونەوە نزیکدەبووەوە
و بەدەم بە ئاگا هاتنەوە:"با پیرۆزت بێت!"-
من وام گوت‌و زانیم پیرۆزباییەکەم ڕووقایمانەیە، تۆ نووستبووی،
(گوڵە) یاسە تەڕەکەش لەسەر مێزەکەوە بەرەو لای تۆ دەکشا
تا بەشینی گەردوونییەوە خۆی بدا لە پێڵووەکانت
پێڵووە شینایی بەرکەوتووەکانت ئارام بوون‌و دەستەکانیشت گەرم

ڕووبارەکان لە کریستاڵدا دڵیان لێی دەدا،

چیاکان تەم دەیگرتن و، دەریاکانیش کەفیان دەچەراند

تۆ گەردوونە کریستاڵییەکەت لەناو لەپتا ڕاگرتبوو

لەسەر عەرش نووستبووی و خوام بەهەقە! تۆ هی من بووی

تۆ بێداربوویتەوە و فەرهەنگی ڕۆژانەی مرۆڤت گۆڕی و (خەملاند)

وتەش بەو پەڕی هێزەوە گەرووی پڕ کرد

وشەی تۆ (مەودای) بیرێکی تازەی دا بەخۆی: بەواتای شا

هەمووو شتێ لە دنیادا دەگۆڕاو دەخەملا،

تەنانەت شتە ساکارەکانیش- تەشت، گۆزەیەک- ئەو کاتەی

ئاوێکی توندی توێژاڵ توێژاڵ وەك پاسەوانێ، کەوتە نێوانمان

بەرەو شوێنێکی نەزانراوی بردین،

شارە بە موعجیزە بنیاتنراوەکان

لەبەردەمماندا وەك سەرابێك دڕنیان بەخۆ دەدا،

نەعنا خۆی لەبەر پێماندا ڕاکشابوو

باڵندەکان هاوڕێی سەفەرمان بوون،

ماسییەکان خۆیان دەهاویشتە سەر ڕووی ئاو

ئاسمان لەبەر چاوماندا شین و بەرین دەبووەوە

ئەو کاتەی چارەنووس کەوتبووە دوامان

هەروەك شێتێ چەقۆیەکی بەدەستەوەبێ

## شمشاڵی دەشت

ژیاین، جەنگاین، برسێتیمان چەشت
بەتەنیاو جیا لەیەك مردین،
من نیگارکێش نیم، درێژەپێدان
بە دەردم ناخوا، چاکترە خوێ هەڵبژێرم*

لە هەموو شتە باوەکانی دنیا
تەنیا شمشاڵیان بۆ هێنام:
کەمم لە زەوی سەند بۆ ئاسمان‌و
زۆرم لە ئاسمان بۆ زەوی هێنایە خوارێ

کووەسارەم لەشەبقەکەم تەکاند،
لە قۆڵی (جلەوە) باڵندەم بەڕەڵلا کرد
زەوی لەمێژە منی لەیادکردووە-
هەرچەندە بە قافیەی (شیعرەکانی) منەوە ماوە

٢

بۆ هەر دەنگێك لەم سەرزەمینە زایەڵەیەك هەیە،
لە مەنجەڵی شوانەکاندا شۆربا کوڵا،
مەڕەکان لە تەنیشتمانەوە خۆیان خوراند
و بە سمە ڕەشەکانیان زەوییان کوتایەوە

پارەم بۆ چییە؟ چیم داوە لەناوبانگو بەخ
لە دەشتێکی بێکەنارو کاکیبەکاکیی ئێوارانداا؟
دەمەوێ لەگەڵ ئۆڤیددا پەنیر بخۆمو
لە کەناری دونایدا خەریکی خەم خواردن بم
نە دەنگە دوورەکان بناسمەوەو
نە چاوەڕێی بایەوانە پیرۆزەکان بم

٣

لەوێ کە ئۆڤید زریانی
کرد بە لاتینی،
من شینایی دەشتم نۆشیو
شۆربای گوێچکە ماسیم لێ ناو

ئاگری نەهامەتی لە شمشاڵەکەمەوە هەڵیکردووە
بۆیە گۆرانییەکان
وەك ماریولا** دەسترێن

هەر لەبەر ئەوەشە خێزان
نییە، لای ئێمە، بڵحی تێدا هەڵنەکەوێو
ئازادییە دونایییەکەی من
زۆر چاکە

لەکوێ ئەو لەو سەرماو سۆڵەیەدا
لە لەپی دەستیا نانی گەرم دەکردەوە
لەوێ ئەستێرەی باشوور
بە ئاسۆگەی ئاسمانەوە وەستاوە

٤

زەوییەکی بێ پیتو فەڕە، سارایە،
هەڵپرووکاوە، بەڵام شتی دلگیری هەیە
زیڕو هووڕی ئێسقانی سیسرکو
شەرەفێکی لە لایەن قەیسەرەوە نزمکراوە

ئەی داهاتووم لەکوێیە؟ خوا دەیزانێ
ئاوارەییەکی غەریبم کەوتەوە یاد،
لەگەڵ ئۆڤیددا بەدەیان جار
لە کەناری دونایدا
دەفتەرەکەم پەڕە پەڕە هەڵدەدایەوە
لەبەر زەردیو زەبوونی دڵم چووە لەم هەرێمەو
گوتم:ـ سیسرکەکەی من، ئادەی، تێی هەڵکە، لێی دە!ـ
و گوتی: ڕۆما حەوت ساڵ ڕێ دوورە!
ئێستا من لە دەشتیشەوە دوورم.
هەرچۆن بووە تۆ بە قومێ دووکەڵی ووشك،
زنج، فەروو، بە شیری مەڕ خۆت بژیێنە***

* شاعیر ووشەی Col ی ڕووسی بەکار هێناوە واتە خوێ نووسیوە. وەرگێڕی سویدیش هەر خوێی نووسیوە, بەلاّم ئەو وشەیە لە زمانی ڕووسیدا بۆ شتی جەوهەریش بەکاردەهێنرێتو لێرەدا مەبەست پاڵفتەیە اکرۆکی شتـاە.

** ژنی پیاوە پیرەdanasofi@hotmail.com کەی پۆیەما شیعرییەکەی ئا.س. پوشکین "قەرەچەکان"ە, کاتی خۆی ئەمی جێهێشتووەو ڕەدووی پیاوێکی دی کەوتووە.

***ئەگەر بە حەرفی بیکەی بە کوردی ئاوا دەبێ:

هەرچۆن بووە تۆ بژی, قوومە دوکەڵی وشک, زنج فەروو شیری مەڕ

# زەیتوونەکان

بۆ مارینا ت.

ڕێگاکان دەڕۆن بۆ کەندەکە،
لەوێ گیا هاتۆتە چۆکانو
تارمایی زەیتونە کێوییەکان
شاخیان خستۆتە سەر بەردەکان،
سڕبوون وەك کەڵەکێوییەك
زۆرم لا سەیرە من
لەنێو ئەم هەموو گۆڕو تارمایی ڕۆحانەدا هەر ماوم
من پاسەوانی ساتەکانی ئێوارەمو
گەڵا بۆرەکان بەسەر سەرمەوە بوون
سەقفی ماڵەکەم لە ئاسمان پاییزە ترە
خەونەکانی خۆم نایەتەوە یاد
فرمێسکانی شەودرەنگانی تۆ ناهێنم
زۆر لەمێژە لە پشتمەوە
هاواری تۆ لە زنارەکاندا ون بووە

چارەنووسم لە شوێنێك
کلیلەکانی لای ئاگری دەشتا شاردۆتەوە،
هاودەمەکەشی تا بەیانی

بە کراسێکی ئەرخەوانییەوە جیلوەیەتیو دەردەکەوێ
کلیلەکان دەشارێتەوە و دەگری،
لە بەرئەوەی گۆرانی هاو خەمییەتی(*) و
سەروەختییەتی بەرێ کەوێ
هۆ زەیتوونە بۆزبووەکان، شاخەکانتان
ئێستاکە بخەنە سەر شانم،
وا بیانخەنە سەرشانم، وەك ئەوەی بۆ سەر بەردێ بێ
ئەم خاکی نەهامەتیو ناشتنو هەموو شتێ لەدەسچوونە
لانکەی پیرۆزی من بوو

*خۆی نووسراوە گۆرانی خوشکییەتی.

ئەم بابەتە لە ژمارە (١١)ی "ئەنتۆلۆگیا"، ١٩٩٩، ستۆکهۆلمدا، بلاوبۆتەوە.

# ئیڤان ئەلیکساندرۆڤیچ بوونین
## (١٨٧٠-١٩٥٣)

نووسەرێکی ڕووسی زۆر بەناوبانگە، لە لیریکدا ڕێبازی کلاسیکی گرتووە. "گەڵا ڕێزان" ١٩٠١ یەکەم بەرهەمی شیعرییەتی. لە چیرۆك و نۆڤێلەکانیدا باسی ژیانی سەختی دێهاتەکانی ڕووسیاو بەتایبەتیش گوزەران و ناکۆکیی ژیانی دەرەبەگەکان دەکات. شایانی باسە خۆیشی بە بنەچە هەر لەم چینەیە. ئەمەش هەندێ لە بەرهەمەکانییەتی: "لادێ" ١٩١٠، "زاخ" ١٩١١، لەهەندێ بەرهەمی تریدا وەکو: "گەورە پیاوێکی سان فرانسیسکۆ" و ڕۆمانی "ژیانی نارسینێف" ١٩٢٠، ژیانی شارو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگیان داوەتەوە، یاداشتی خۆی نووسیوەتەوەو لەچاپ دراوە. داستانی "گۆرانی دەربارەی گایڤاگاتی"ی شاعیرو فەیلەسوفی ئامریکایی (لۆنگ فێلۆ)شی کردۆتە ڕووسی. ساڵی ١٩٢٠ ڕووسیای بەجێهێشتووەو بە پەنابەری لە ئەورووپا ژیاوە. غەریبایەتیو دوورەوڵاتی کارێکی زۆریان کردۆتە سەرو لە یەکێك لە نووسینەکانیدا ئاوا باسی نەهامەتیی هونەرمەند دەکا دوور لە نیشتمانی: "بەهرە بەهرەیە، بەڵام سەرویش دەتوانێ لە دارستانی خۆیدا بەچاکی هاودەمی خۆی بدوێنێ". ساڵی ١٩٣٣ گەڕاوەتەوە ڕووسیا، پاداشتی نۆبڵی لە ئەدەبدا پێ بەخشراوە. ئاشکرایە بەم چەند دێڕە کورتە ناتوانرێت باس لە بەرهەمی ئەم نووسەرە گەورەیە بکرێت. من لێرەدا دوو چیرۆکم کردۆتە کوردی "بۆ بنی دنیا"، کە باس لە کۆچ و بارێکە پێم وایە دەوروبەر و کەش و

هەواکەی لە ژیانی کوردەواریی خۆمانەوە نزیکە، دووەمیشیان "لاوکو پیری"، کەشا پاڵەوانەکەی پیرەمێردێکی کوردە. دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە ئەم دوو چیرۆکە نموونەی هەرە چیرۆکە باشەکانی نین. ئەی بۆ من ئەمانەم کرد بە کوردی؟ چەند ڕستەیەك لەمەوپێش هەندێکم ڕوونکردەوەو جگەلەوەش چیرۆکەکانی تری درێژن‌و بۆ لە گۆڤاردا بڵاو کردنەوە ناشێن. لە پاشکۆی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەدا کە من ئەم دوو چیرۆکەم لێ کردوون بە کوردی، ئەم دوو تێبینیەش هەن:

- "بۆ بنی دنیا"() ل٦٦-٧٠. بەقسەی ڤ.ن.مۆرتسێڤا، بوونین ناسیاوێکی هەبووە فەرمانبەری سەرژمێر بووەو سەرپەشتیکەری ئەو ڕاگوێزانە بووە، هەر ئەویش "بونین"ی بۆ سەر ئەم کۆچو بارە بانگ کردووەو و ئەم سەردانەش بووەتە هەوێنی چیرۆکەکە().

- "لاوکو پیری" ل ٤٣٨-٤٤١. بوونین خۆی دەربارەی نووسینی ئەم چیرۆکە دەڵێ: "ساڵی (١٩١٣) لە ئەستەمبووڵ ئەو باسەم بیست، کە چۆن یەزدان ئادەمیزادی خولقاندووە. ویستم بە گیان‌و ئیلوسترەشنی ڕووسانەوە ئەم ڕووداوە دابڕێژم. ساڵی ١٩٢٦ لە پاریس بیرمکەوتەوەو دەستم کرد بە تاووتوێ و چۆنیەتیی نووسینی. هەندێ لە ڕووداوەکانی ئەو سەفەرەشم خستە سەر، کە لەگەڵ (یولیی) برامدا، ساڵی (١٩١٣) لە "باتوومی"یەوە (بەندەرێکی ڕووسیە) دەستمان پێکرد، بەتایبەتیش ئەو پیرەمێردە کوردە بە شەخسیەتەم هاتەوە یاد، کە لە "ترابزوون" (بەندەرە شارێکی تورکیایە) سواری کەشتیەکەی ئێمە بوو().

# بۆ بنی دنیا

ئەوەی لەمێژبوو ئێمەی نارەحەت کردبوو، بڕیاری لەسەر درا کۆچو بارەکە نیوە بە نیوە دەبێت.

زۆر لەو کۆختە سپیو شینانە بەم ئێوارەی هاوینە چۆڵدەبن.

خەڵکێکی زۆر گوندەکەی خۆیان – کۆڵانی سەوزنوێنی ناو باخچەکانی، بازاڕی پڕ تەپو تۆزو شین کردووەوەی، کە بە خۆشی ڕۆژانی یەکشەممان، لە هەموو لایەکیەوە دەنگەدەنگی قەرەباڵغی دەهات، مەیخانەکەشی هەموو کاتێ بە دەمەتەقێو شەڕەجنێو گەرمبوو. قرەقرو تاووتوێی فرۆشیارەکان، گۆرانیی لانەوازانو دەنگی کەمانو سۆزی خەمناکی شمشاڵی تێدا تێکەڵ دەبوو، گا قۆچەکان چاویان لە هەتاو کلادەکردو لەسەر ئەم ئاوازە نەگونجاوانە خەریکی پووش کاوێژ کردن دەبوون. –تا هەتایە بەجێ دەهێڵن. گەڵای درێژکۆلە و زەردێکی تۆخی درەختی باخچە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شۆڕبوونەتەوە، لەو شوێنەدا وا لە ئێوارە هێمنو ئارامەکاندا، لە ڕووبارەکەدا شتێ – بە کەڕی وەك فوو بە قەرابەی خاڵیدا بکەی یەکسەر نوقمدەبێ... تۆقە خەڵکێك بە یەکجاری ئەم هەموو شتە؛ نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتو ڕوویان کردە خاکی "نوسووری"و چوون بۆ "بنی دنیا".

سێبەری کەڕو فێنکی چیاکە، کە بەری خۆرئاوای گرتبوو، نیشتە سەر گوندی ڕاکشاوی سەر دۆڵەکە، لێرەشەوە، تا دەم ئاسۆ زەردەپەڕ هەموو ئەو ناوەی ئاڵ هەڵگەڕاندبوو، دەغڵەکان سووریان دەکردەوە، ئەڵقەی پێچ خواردووی ڕووبارەکەش بە بریسكو هوڕی ئاڵەوە دەدرەوشایەوە، لەو بەری

ڕووبارەکەشەوە دەشتە لمینەکان زێر ئاسا دەبریسکانەوە، خەڵکەکە وەك بۆ سەیری شاییو جەژن بچن جلو بەرگی جوانیان لەبەر کردبوو، لەگوێی ڕووبارەکەو بەردەمی کلێسای لای دارستانەکەدا گرد ببوونەوە، لەو کلێسایەدا کە کازاكو چەرچییەکان پێش چوونە سەفەر دەست بە نزاوە نوێژیان دادەبەست....

لەوێ لەژێر ئاسمانی والآدا، لەنێو گالیسکە بارکراوەکاندا نوێژ دادەبەسترا، خەڵکەکە بێدەنگییەکی وا دایگرتبوون، دەتووت خۆڵی مردوویان بەسەردا دابێژراوەتەوە. قەشەکەش بەدەنگێکی زوڵاڵو بەرز دانی بەوشەکاندا دەناو نوێژەکەی کاری لە دڵی هەمووان دەکردو دەیهەژاندن.

بەم نوێژی نیوەڕۆیە گەلێ فرمێسك هەڵوەرینە سەر ئەو شوێنەی وا سەروەختانێ شوێن نزرگای ئەو شۆڕەسوارانە بوو، کە خۆیان بۆ سەفەری دوورو درێژ، پڕ چەكو تفاق دەکرد.. ئەوانیش وەك لە سەرەمەرگدا بن، گەردن ئازادیو دۆعاخوازییان لە مندالو ژنیان دەکرد.... لەزۆر دڵاندا مەراقێکی گەورەو خەمگین ناڵەی دەهاتو دەیگوت:" بۆ دەریای ڕەش کە لەسەر بەردی سپی، هەڵۆی گلێنە سپی بەماتی خەریکی سەر لەقاندنە.... زۆریان چاوەڕێی هەڵمەتی تورکو زیندانی موسوڵمانان"، "تەمی خۆڵەمێشیی ڕێگا تەنیو، بەبێ کەسی مردنی تەنیایی لاپاڵی گردەکانو پۆلە هەڵۆی باڵ بۆر بوون"، ئەمە بەشی قژی ڕەشی ئالۆزاوو بە تەوێلدا هاتووە خوارەوەی نیگای شەڕانیی کازاکی بوو.... بەڵام ئەفسوس! ئەوسا باوەڕی سەرکەشو ئازادانەی کازاکانە، بەسەر سەری هەموانەوە دەسووڕایەوە، ئێستەش ئاپۆرەیەکی ڕەمەکیو بێدەسەڵات تا بنی دنیا ڕاودەنێن.... ئەمە ئارەزوو و خولیای سەرکەشانەی "کازاکان" نییە، ئەمە زەبوونییە زەبوونی! کە وەك لی

زەردی ئەو بەری ڕووبارەکە زەرددەکاتەوە. وەك لە پرسەیەکی گەورەدا کە خۆیان خواستبێتیان، خەڵکەکە بە خامۆشیو سەری قۆتیو ملی کەچەوە لەم نوێژەدا وەستابوون.. تەنیا دەنگی ناسکی پەڕەسێلکەکان بەسەر سەریانەوە دەهات، کە لە هەوای ئێوارەی ئەو ئاسمانە شین شینەدا بەرەو خوارو سەرەو ژوور باڵە تەپەیان بوو...

دوایی بانگو هاوار گەیشتە عەرش، لەناو ژاوەژاوو دەنگی خەڵکەکەدا، بە گریانو زایەڵەوە کاروان بەرەو شاخەکە ملی ڕێگای گرت. بۆ دواجار کۆچو بارەکە لەگەلیی زێدی خۆیدا دەرکەوتو ئاوا بوو، کاروانەکەش ئیتر لەو دەشتانەدا لەبەر بریسکەی زەردەی نیانی ئێوارەدا، کەوتە پشتی پەلە گەنمەکانەوەو لەچاو ون بوو.

II

دۆعاخوازیکاران گەڕانەوە ماڵەوە.

خەڵکەکە بە کۆمەڵو تۆق تۆق بەشاخەکەدا بەرەو کۆختەکان شۆڕدەبوونەوە، هەندێ کەسی واش هەبوون، بە نابەدڵییەوە هەناسەیەکیان هەڵدەکێشاو بە پەلە بەرەو ماڵ دەبوونەوە، بەڵام کەسانی وا زۆر کەم بوون. پیرە پیاوو ژنەکان بە کوورە کوڕوو قەناعەتێکی ناچارییەوە دەڕۆیشتن: فەلاحە سەرسەختەکان ناوچاویان دەدا بەیەکدا، منداڵەکان دەستە بچکۆلەکانیان نابووە ناو دەستی باوكو دایکیانو بەسۆڕە سۆڕ دوایان کەوتبوون، کچو ژنەکان بەدەنگی بەرز هاوارو ناڵەیان بوو. ئەها دوانیان بەو ڕێگا بەردەڵانەدا لە شاخەکەوە دێنەخوارەوە، یەکێکیان بەخۆوەبووەو باڵای بەرز نییە برۆکانی دێنێتەوە یەكو بە شڵەژاوییەکەوە، بە چاوەڕەشە

زیتەکانییەوە بەرەو دۆڵەکە بۆ دوور دەڕوانێ. ئەوی تریان باڵابەرزێکی باریکەڵەیە، هەر دەگری، هەردووکیان دەڵێی بۆ شایی و جەژن خۆیان داوە لەتەل، بەڵام ئەمەیان چۆن بەکوڵ دەگری و بە سەرقۆڵەکەی چاوی دەسڕێ! چەند جوانە! دامێنی سپیی ئەتەکەکانیان دەکەوێتە سەر پێڵاوە چەرمەکانییان، کە جاروبار دەخزێ و ئەمانیش بۆی هەڵدەکەون! کاتێ باوکە "یۆخیما" بە ڕاشکاوییەوە دەیوت و سووربوو لەسەر ئەوەی بۆ ئەم شوێنە نوێیە کۆچ ناکرێ، چ شادییەکی لە ڕادەبەدەر ئەم کچە باریکەلانەیانی داگرتبوو، تا نیوە شەو دەم بە گۆرانی بوو، بە سەتڵەکەیەوە دەچووە سەر ڕووبارەکەو فڕك و هوڕی ئاوهێنانیبوو... !

یۆخیم بە ئازارو پەستییەکەوە وتی: بە درێژایی شەوەکە لە هەڵپەدا بووین و ستارمان نەبوو، "زینکە" ش هەر دەڵێ: "با بارکەین"، "خۆتۆ بە باوکمت وتبوو"، نەء ! وڕاوەم دەکرد".

بەقەد شاخەکەوە لەپاڵ ئاشەکەدا، لەناو خەڵکەکەدا پیرە "ڤاسیل شکۆت" وەستاوە، باڵای بەرزو ناوشانی پان و کووڕ، لە هەموو قەڵافەت و ئاڵاییەوە ئێستەش هێزێکی کێوی دەبارێ، بەڵام چ ڕەنگ و ڕوویەکی خەمناکی پێوەیە! ها کات زانی بەخاك سپێردرا، کەچی ئەو ئیتر وشەی شیرینی زمانەکەی خۆی نابیستێ و لە کۆختێکی غەریبدا دەمرێ، کەسێکیش نابێ پێڵوەکانی لێك بنێ، پێش مردن لە خێزان و منداڵ و نەوەکانیان کردو هەڵاوێرد. ئەو هێشتا بەخۆوەیەو گوڕی تێدا ماوە، دەیتوانی بگاتە ئەم خاکە نوێیە، بەڵام ئەو حەفتا ڕۆبلەی پێویستیەتی لەکوێی بهێنێ؟!

پیرەپیاوەکان لەسەر شاخەکە ڕاوەستاون‌و بە نیگەرانییەوە خەریکی گفتوگۆن، هەریەکەشیان بیری ڕۆیشتووەو دالغەی لێ داوە، هەموو بەرەو ئەولایە دەڕوانن کە هاو گوندییەکانیان ڕێگایان تێدا گرتۆتە بەر.

زۆر دەمێکە دوا گالیسکە لەچاو ونبووە، رکەی شاخەکە چۆڵ بووە. زۆر شیرین‌و ناسك نەغمەو ئاوازی کلاوکووڕەکان دێ. بە شەنگییەکی بێوێنەوە دەغڵ‌و گژوگیا سەوز دەکەنەوە؛ گردە دوور دوورەکان ڕەشدەکەنەوە، لە پشتی گردەکانەوە ئاسۆ بە نیوە جوغزە نەبڕاوەکانییەوە ڕاکشاوە، لەنێوان زەوی‌و ئاسماندا زنجیرەی پەڵەی لاکێشیی هەوری شینی ئاسمان وەك شەپۆلی دەریایەکی دوور پەخشبۆتەوە.

پیرەپیاوەکان هەر لەبیری ئەمەدان : "ئەم وڵاتی ئوسوورییە کەوتۆتە کوێوەو چییە؟" بەدەست چاویان لە تیشکی خۆرەکە دەشارنەوەو بەبێ ئارامییەوە دەیانەوێ ئەم وڵاتە ئەفسانەییەی بنی دنیاو ئەو زەوییە بەرین‌و گەورەیە بهێننە بەرچاوی خۆیان، کە دەکەوێتە نێوانی ئەوێ‌و ئەم کۆچ‌و بارە گەورەیەوە. بە چاوی خەیاڵ ئەو کاروانە درێژە دەبینن وا بەخێرو بێرو منداڵ‌و ئافرەت بارکراوە، بە هێواشی سیڕو هووڕی پێچکەی داخ بووی بەر خۆری گەرم دێت، سەگەلەکە بەدوای کاروانەکەدا بەم ڕێگا خۆڵینە گەرمە داخ بووەدا هەنگاو دەنێن‌و لەگەڵ لالۆ شەڕواڵ پان‌و پۆڕەکاندا ڕێگا دەبڕن. هەموو نیگایان ڕووەو ئەو شینایییە دوورە مەتەڵ ئامێزەی ئاسمان هەڵخستووە: "ئەم وڵاتی ئوسوورییە چییە؟".

ئەها پیرە شکۆت خۆی داوە بەسەر گالۆکەکەیداو شەپقەکەی دێنێتە سەرچاوی‌و کۆچی کوڕەکەی دێت بەخەیاڵیداو بە زەردەخەنەیەکی ئارامەوە ورتە ورتێکی لێوە دێت:

- من تێدەگەم، هەر تەنیا مشارو خاکەنازێکم بدەنێ، کوختێ دروست دەکەم... ئیتر دەزانێ، نابێ هەڵخلیسکێین....

دەڵێن ژیانی خۆش خەڵك لە ڕێ لادەدا، ئەوانی تر بەبێئەوەی گوێ شل کەن، "دەیان وت" ژیانی خۆش، ژیانی خۆش.

III

وا تاریکی دادێت، کش‌و ماتییەکی سەیر باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشاوە. تاریکی گەرمی باشوور بە دووکەڵێکی نادیار شینایی ئێوارەی ئەو گەلییە شینە کاڵ دەکاتەوە، بەرینییەکی نەگۆڕاو ئەو تابلۆی گەورەی دەغڵە تاریك داهاتووەکانی کەنارو پێچاوپێچی بە ئاستەم بریسکاوەی ڕووبارەکەو ئەو چنارە تاك‌و تەرایانەی بەسەر دۆڵەکەوە ڕەشدەکەنەوە ئارایشت دەکات. کۆچ‌و بارە گەورە کۆنەکە کۆختەکانی خوار لاپاڵی چیا بەردینەکە مات‌و هەتیودەکات. لم وەك پەڵە گەنمی گەیوو لەو بەری ڕووبارەکەوە زەرد دەکاتەوە، لە پشتی لمەکەشەوە بە نادیاری دارستان بە ئاستەم ڕەش دەکاتەوە، ئەو ئاقارە دوورەش دووکەڵی_ سۆسەنی دەنوێنێ‌و تێکەڵی ئاسمان دەبێ.

هەموو شتێ لە تاریك‌و ڕوونی هاوینانی ئەم گەلییە ئارامەدا وەك خۆی وایە... نەك هەموو نەخێر! هەندێ شت وەك خۆی نەماوە! زۆر لە کۆختەکان تاریك‌و چۆڵ‌و بێ ناز کەوتوون، هێدی هێدی هەندێ لەوانە تا چوار ڕێیانەکە خەڵکەکەیان بەڕێ کردبوو، لۆژە لۆژ ڕێ دەکەن. ئەوان وەختێ دەگەڕێنەوە سەر هەواری خاڵی، هەست بەو چۆڵییە کوت‌و پڕەی دڵ‌و خامۆشییەی دوای دڵەڕاوکە و بێئارامی کۆچ کردنی دەورو پشتەکەی خۆیان دەکەن. لە لەکەژ هاتنە خوارەوەکەدا هەروەکوو زۆر دەمێك بێ لە گوندەکەیان دوور کەوتبێتنەوەو نەیاندیبێ، بەچاوێکی ترەوە سەیری دەکەن.

ئەها! دووکەڵێکی بۆنخۆش بەسەر کۆختی یەکێکەوە بەهێمنیو بە ئاسایی پەخشدەبێتەوە، لەناو باخچە تاریكو کۆڵانە خەمناکەکاندا ئەستێرەی سوور ئاسا ئاگرێك هەڵدەگیرسێ.

پیرەمێردەکان دەڕواننە ئاگرونشێوەکانو بەماتی لێك جوادادەبنەوە، لەسەر شاخەکەو نزیکی ڕێگاکە، تەنیا ئاشە هەواییەکان بە باڵە بڵاوە نەبزوتووەکانیانەوە بەدیدەکرێن.

لەپاڵ شاخەکەدا "ڤاسیل شکۆت" بە هێمنیو زەردەخەنە باوەکەی دەردی پیرێتییەوە ڕێ دەکات، بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوەو خۆی کرد بە کۆختەکەیداو ونبوو.

ئای! کۆختەکەی ماڵم! بەڵام شکۆت ئیتر خاوەنی نییە، غەوارە لێیان کڕیوەو ڕێگەیان داوە جارێ تێیدا بژی، بەڵام دەبێ بە زوویی چۆڵی بکات.

لە تاریکیی گەرمو گوڕی کۆختەکەدا، قولانچە بەدەوری ئاگردانەکەدا بە ئاسایی یاریدەکەن. هەر دەڵێی گوێدەگرن مێشە خەواڵووەکان لەبن سەقفەکەوە بە گیزەگیز دەخولێنەوە، پیرەپیاو بە چەماوەیی لە تاریکییەکەدا بە نائومێدی دانیشتووە. بیر لە شتێك دەکاتەوە؟ ڕەنگە ئێستا بیر لەوە بکاتەوە کە ئێستا لە ڕێگا بەنادیاری سپیکردووەکاندا کاروانەکە بە ئارامی زەنگەدەنگی دێ؟ ئەیجا بیری چی لێ بکرێتەوە! وا دەنگی کچانی ئەوبەر ڕووبارەکە خەریکە خامۆشدەبێ:

هۆ! هۆ! دەوەرە، وەرە!

مانگ گەشو ڕوونە....

بێدەنگییەکی قووڵە، شەوی ئاسمانی باشووریش پڕە لە ئەستێرەی گەشو گەورەو بریسکەدار، تارمایی ڕەشیچنارە نەبزتووەکان لەبەر تیشکی شەوی

ئاسماندا نەخش دەبن، لەژێریاندا سەربانەکان ڕەش‌و دیواری کۆختەکان سپی دەکەنەوە. لەنێوانی چڵ‌و گەڵای درەختەکانیشەوە ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە.

IV

ئەوان هێمانێ دوورنەکەوتوونەتەوە.

لە ڕکەو زنجیرەی شاخەکەدا ڕۆژ دەکەنەوە، هێشتا لە ژێر ئاسمانی نیشتماندان، بەڵام لایان وایە هەزاران فرسەخ لەهەموو شتێکی خۆیی‌و وڵاتی خۆ دوور کەوتوونەتەوە. وەك هۆبەی قەرەچان بەم بەرو ئەوبەری ڕێگاکەوە باریان خستووە. ئەسپەکانیان تاقەت کردووە، شیویان ئامادەکردووە، یا خەریکی گفتوگۆی بێ ئارامن، یان بەخەمباری دوور لەیەك دانیشتوون....

وا ئیتر هەموو شتێك خامۆش بوو...

لەبەر تیشکی ئەستێرەدا بارە ماتە بەسەر یەکدا کەوتووەکان ڕەش دەکەنەوە، لەشی ڕاکشاوی خەڵکەکەو ئەسپە لەناو گیادا بەچۆك هاتووەکان دیارن، پاسەوانەکان بە قامچی دەستیانەوە باوێشك دەدەن‌و بەبێ ئارامییەوە لە زنجیرەی تاریکی چیاکە دەنۆڕن...

بە چ خۆشییەکەوە ڕاپەڕین! کە گوێیان لە تەق‌و تۆقی ئەو گالیسکەیەوەبوو وا دەهات! هۆ کەسەکەم، هاووڵاتی! هەموو دەوریان لێداو زەردە کەوتە سەر لێویان، بەگەرمەوە دەستیان گوشی، وەکو ئەوەی بڵێ چەندەها ساڵ بێ، نەیاندیبێ.... هەندێکی تریش لەم دەنگەدەنگە بێداربوونەوەو لە زەوی هەڵبەزینەوەو بە شەرمێکەوە ئەو شادییەیان دەشاردەوە کەوا دڵی داگرتبوون.. لەدەوری گالیسکەی (کابرای هاتوو) کۆبوونەوە، قلیانیان دەکێشاو ئامادەبوون تا بەربەیان رازی قسە دادەن...

دوایی دیسانەوە خامۆشی باڵی کێشایەوە بەسەر ئەو ناوەدا، ئەوانەی وا ئەم ژوانە ورووژاندبوونی خەو بردنییەوەو هاتن بەلادا، سەریان کرد بەژێر لێفەکانیانەوەو بیریان تەنیا لای شتێ بوو — لای ئەو وڵاتە غەریبەی بنی دنیاو ڕێگاو ڕووباری گەورەی سەر ڕێگایان، دڵیان لای گوندە بەجێ ماوەکەیان بوو.

ساردی کرد، هەموو خەڵکەکە، ڕێگاو بان، سنوورو پەڵە گەنمە سەر بە ئاونگەکانیش خەوێکی قورس گرتنی.

لە ئاوەدانییە دوورەکانەوە بەحاڵ قووقەی کەڵەشێر دەهات. مانگ سوورێکی تەڵخ دەینواند، لایدابووە کەنار، دەتووت لە لێواری ئاسماندایە، نە دەبریسکایەوە. تەنیا ئاسمان لە تەنیشتیدا سێبەرێکی سەوزباوی هەبوو، ئاسۆ زنجیرەو ڕکەکەشی ڕەش داگەڕاندبوو، لەو ئاقارەدا شتی تاریك هەڵتۆقیبوون، ئەوە گردو یاڵەکان بوون، تەنیا ئەستێرەو گردۆڵکەکان گوێیان لەخامۆشیی قورسی هەردەکەو هەناسەی ئەو خەڵکە بوو، کە خەو و خەم ڕێگا دوورەکەی لەبیربردبوونەوە.

بەم گردو یاڵە هەمیشە خامۆشانە چی! بەمان چی، کە هەندێ بوونەوەر ساتێ دەژینو جێگە بۆ خەڵکانی وەك خۆیان چۆڵ دەکەن، ئەمانیش — وەکوو ئەوانەی پێش خۆیان — بێ ئارامو شادو خەندان دەبنو بەبێ ئاسەوار بەخاکدا دادەچۆڕێن، کاروانو لەشکرگەلو مەردومێکی زۆر لەم هەردانەدا شەویان ڕۆژ کردۆتەوە، ئەم گردانە، خەمو شادی فرەیان دیوە!

تەنیا مەگەر ئەستێرەکان بزانن خەمی ئینسان چەند پیرۆزە!

١٨٩٤

# لاوی‌و پیری

ڕۆژانێکی ئێجگار خۆشی هاوینە، دەریای ڕەش ئارامە. کەشتییەکە، لەبەرەوە تا دوای بارکراوەو پڕیەتی لە خەڵك. گەشتەکە دوورو درێژو بە دەورەیە- قرم، قەفقاز، کەناری ئەنادۆڵو ئەستەمبووڵ...... خۆرەتاوێکی گەرمە، ئاسمان شینو دەریا سۆسەنییە، لەنگەری لە ژمارە نەهاتووی بەندەرە بە خەڵك قەرەباڵغەکان، بە دەنگو زەمزەمەی قوو و جنێودانو هاواری شاگردی کەپیتانەکان: مانیا، ڤێرا ئاوەدانە. دیسانەوە هێمنیو ئاسایش باڵی کێشایەوە بەسەر ئەو ناوەو سەفەری بەکاوەخۆی کەناری ناوچە شاخاوییە دوورەکاندا، کە لەبەر گەرماو دووکەڵی خۆڵەکەدا دەسووتێنو دەتوێنەوە.

ژوورە نمرە یەکەکان پاكو فراوانو شنەی بای فێنکی دەریا دەیانگرێتەوە. لەسەر کەشتییەکەش لەناو مەردوومی تیرەو خێڵەکاندا لە نزیکی مەکینە گەرمەکەوە بۆنی چێشتخانەکە دێ، لەژێر سەقفو لە زنجیری لەنگەرەکان، لای ڕایەڵەگوریسی پشتی کەشتییەکە — تەنگەبەرەو پڕ چڵكو پیسییەو لەهەر چوار لاوە بۆگەن دێ. جارەجارە گەرماییەکە شادیبەخشە، تاوتاوەش تینو تاوی بۆقێکی پیسەو تێکەڵی شەپۆلێکی فێنکی دەریا دەبێو ئەویش لەکەڵك دەخا. فەلاحو ئافرەتانی ڕووس، هی ئۆکراینی، قەشەی ئافۆنی، کوردو گورووزی، یۆنانی گردبوونەتەوە. کوردەکان میللەتێکی کەژین، لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەنوون، گورووزییەکان دەمێ گۆرانی دەڵێن، تاوێ دوو دوو سەما دەکەنو هەڵدەبەزنەوە، بە سووکیو ئاسانیو تۆزە فیزێکەوە قۆڵە پانو پۆڕەکانییان ڕادەوەشێننو وەك بەمەلە بڕۆن، تێکەڵی ئاپۆڕەی خەڵکەکە دەبنو چەپڵە لێدەدەن... چەپ... چەپ... چەپ... ئەو ڕووسانەی نیازی سەردانی

هەلەستینیان هەیە، هەر خەریکی چا دەمکردن‌و خواردنەوەن... پیاوێکی بالآبەرزی ناوشان تەسک، ریشێکی تەنك‌و زەردی هەیەو بە دەنگی بەرز ئینجیل دەخوێنێ، ژنێکی ڕووبازاڕیی سەربەست، بلووزێکی سووری لەبەردایە، ملپێچێکی سەوزی کاڵی لە قژە ڕەشەکەی ئالاندووەو بە تەنیاش لای چێشتخانەکەدا دامەزراوەو قەتیش چاو لە کابرای قەشە کەلا ناکات. لە بەندەری "ترابزوون" زۆر ڕاوەستاین. من سەرێکی کەنارەکەم دا کە گەڕامەوە کۆمەڵێ کوردی کەنار کەوتووی چەکدارم دی، پیاوێکی پیر لە پێشیانەوە دەڕۆیشت، ئێسقان پان بوو، شەڕواڵێکی سپی لە پێدابوو، فەرەنجییەکی سوارانەی خۆڵەمێشی لەبەردا بوو، بەلەشیەوە چەسپ بوو بوو... قایشێکی بە تاقمێ زیوەوە* لەسەر بەستبوو. ئەو کوردانەی لەسەر کەشتییەکە لەتەك ئێمەدا بوون‌و هەموو ڕاکشابوون، گشت هەڵسان‌و جێگەکەیان پاککردەوە. تاقمەکەی تەك کابرای پیرە، فەرشیان ڕاخست‌و سەرینیان لەسەر کەڵەکەکرد، پیرە پاشایانە شانی لەسەر ئەم جێگا ڕاخراوە دادا... ڕیشی وەکوو کەف سپی بوو، ڕووخساری خۆر سووتاندبووی‌و ڕەشی هەڵگەڕاندبوو، چاوە بچکۆلە قاوەییەکانی بە شێوەیەکی سەیر دەبریسکانەوە. نزیك بوومەوەو چوار مشقی لێی دانیشتم، وتم: "سەلام"و بە ڕووسی لێم پرسی:

- خەڵکی قەفقازن؟

بە ڕوویەکی خۆشەوە، بە ڕووسی وەڵامی دایەوە:

- ئەولاتر، ئاغا ئێمە کوردین.

- بۆ کوێ دەڕۆن؟

بە ساکاری بەڵام بە شانازییەکەوە وەڵامی دایەوە:

بۆ ئەستەمبووڵ، بۆ لای خودی پاشا خۆی. دیارییەکی سوپاسگوزاریم بۆ پاشا هەیە: حەوت قەمچی. هەر حەوت کوڕەکەم پاشا بردنی بۆ شەڕو لەناوچوون، هەموو لە نەبەردا کوژران. حەوت جار خەڵاتو ستایشی کردم. کوڕێکی لاوی قۆزی یۆنانی داڵفێسێکی گێلاسیی ژنانەی لەسەردا بوو، کورتەکێکی خۆڵەمێشیو یەلەکێکی سپیو پانتۆڵێکی خۆڵەمێشیی مۆدەی لەبەردا بوو، پووتە چەرمەکانیشی لەلاوە بە دوگمە داخستبوو، بە ڕاسەرمانەوە ڕاوەستابوو، جگەرەیەکی بە دەستەوە بوو، سەری ڕاوەشاندو بێ پێچو پەنا وتی:

ها... ها... پیرێکی ئاواو تەنیا هەر خۆی ماوەتەوە...!

پیرەمێردەکە سەیرێکی داڵفێسەکەی کردو بەبێ موبالاتییەوە وەڵامی دایەوە:

بەخوا کابرایەکی لاژگی، تۆ پیر دەبی، بەڵام من پیر نیمو قەتیش نابم، باسی مەیموونەکەت بیستووە؟

کام مەیموونە؟

مادام نازانی گوێ بگرە! یەزدان ئاسمانو زەوی بنیات نا، دەزانی؟

ئا، دەزانم.

دوایی ئادەمیزادی هێنایە بوونو پێی وت:

تۆ لە دنیادا سی ساڵ بەخۆشی دەژیتو بیرت تیژو ورد دەبێ، خوا ئەو دنیایەی بۆ تۆ درووست کردووەو ڕەخساندووە. قایلی بەمە؟ ئادەمیزاد بیری کردەوە: چاکە! بەڵام تەنیا هەر سی ساڵ ژیان، زۆر کەمە، پیرەپیاو بە زەردەیەکی بە تەوسەوە لە لاوەکەی پرسی، گوێت لێیە؟

لاوە قۆزەکە وەڵامی دایەوە، گوێم لێیە.

- دوایی یەزدان گوێدرێژی خوڵقاندو پێی وت: دەکەویتە ژێر بارو کێشەوە، خەڵك سوارت دەبن‌و بە نەقیزە دێنە وێزت، ئەم ماوەیەت پێ باشە؟ کەرە سۆڕاندی‌و دەستی کرد بە لووشك‌و هووڕو لە یەزدان پاڕایەوەو وتی: ئەم ماوە درێژەم بۆ چییە، پانزە ساڵم بەسە! مرۆڤەکە لەوێوە نزای لە یەزدان کرد ئەو پانزە ساڵەش بخاتە سەر تەمەنی ئەو، خواش ڕازی بوو. ئینسانەکە ژیانی خۆی گەیاندە چل‌و پێنج. پیرە تیلەچاوێکی دایە کوڕەو لێی پرسی، ها حاڵی ئینسان باش کەوتەوە؟

کوڕە بە ڕاڕاییەکەوە بێ ئەوەی تێبگات کار بەگوێ دەگات وتی: خراپ نەکەوتەوە.

دوایی یەزدان سەگی خوڵقاندو سی ساڵی تەمەن بەویش بەخشی‌و پێی وت هەمیشە تووڕەو تڕۆ دەبی، پاسی سامان‌و ماڵی خاوەنەکەت دەکەیت، متمانە بەهیچ بێگانەیەك ناکەیت، هەمیشە بەڕووی هاتوچۆ کەراندا حەپەت دێ. لە بێئارامیدا شەو ستارت نابێ. سەگە دەستی بە قووزەو حەپ‌و لوور کرد: نیوەی ئەو تەمەنەش سەرو زیادمە! هەمدیسان ئینسان نیوەی تەمەنی سەگەکەی بەرکەوت. ئێستا تەمەنی کابرا گەیشتە چەند؟

کوڕە قۆزەکە بە ڕووخۆشییەوە ووتی: بوو بە شەست ساڵ.

دوایی خوا مەیموونی درووست کردو سی ساڵیشی تەمەن بۆ ئەو دیاریکردو وتی: بێ کارو مەراق دەژیت، بەڵام سەرو فەساڵێکی ناشیرینت دەبێ، دەزانی؟ کەچەڵو دەموچاو چرچ‌و لۆچ دەبی، برۆکانت هەڵکرۆزاوو بۆ تەوێڵت هەڵدەکشێن، خەڵك هەموو سەیرت دەکەن‌و لاقرتیت پێ دەکەن‌و پێت پێ دەکەنن. کوڕی قۆز هەڵیدایەو لێی پرسی:

واتە ئەویش نیوەی تەمەنی خۆی ڕەتکردەوە؟

پیره له ده‌ستی یه‌كێ له كورده‌كانی نزیكی قلیانه‌كه‌ی وه‌رگرت، وتی: ئه‌ویش ڕه‌تی كرده‌وه‌ئینسانه‌كه ئه‌ویشی بۆ خۆی پچڕی، ئه‌مجاره پیره ڕاكشاو خۆی كێشایه‌وه‌و بێ ده‌نگ بوو، بۆ پێشی خۆی ده‌نۆڕی‌و ئێمه‌ی له‌یادكردبوو.

دوایی له‌به‌ر خۆیه‌وه بێ ئه‌وه‌ی ڕووی ده‌م بكاته كه‌س وتی:

- مرۆ، باشتر نه‌بوو مرۆ ئاسا سی ساڵه‌كه‌ی خۆی بژیایه‌؟! ده‌یخواردو ده‌یخوارده‌وه، ده‌چووه جه‌نگ‌و له شاییدا تێر هه‌ڵده‌په‌ڕی‌و ، حه‌زی له كچی عازه‌ب‌و ژن ده‌كرد. به‌ڵام پانزه ساڵ كه‌ر ئاسا خۆی ڕه‌تاندو سامانی پێكه‌وه نا، پانزه ساڵێش خه‌ریكی پاراستنی بوو، هه‌ڵه‌پاسی كردو خه‌وی له‌خۆی تاڵ كرد، دوایش پیرو كه‌له‌لا وه‌ك مه‌یموون ته‌شكی تاڵ بوو. پیره ئه‌مانه‌ی ده‌وت‌و قلیانه‌كه‌ی له ژێر ددانیدا ده‌جووڵانده‌وه‌و به لاقرتییه‌وه به‌كوڕه قۆزه ئێرانییه‌كه‌ی وت: ئه‌مانه هه‌مووی له تۆش ڕووده‌ده‌ن!

كوڕه لێی پرسی ئه‌ی بۆ تۆ وات لێ به‌سه‌ر نه‌هاتووه ؟

من ئه‌مانه‌م نییه.

بۆچی؟

پیره‌پیاو به ڕاشكاوی و ڕه‌قی وتی: خه‌ڵكی وه‌ك من زۆر كه‌من، ژیانم كه‌ر ئاسا به‌سه‌ر نه‌برد، وه‌ك سه‌گیش هه‌ڵه پاس نه‌بووم، ئیتر بۆ ده‌بێ ببمه مه‌یموون‌و بۆ ده‌بێ پیر ببم**؟

١٩٣٦

*ده‌بێ مه‌به‌ستی خه‌نجه‌رو چه‌كی سپی بێ.

**ناوه‌ڕۆكی ئه‌م چیرۆكه له فۆلكلۆری كوردیشدا هه‌یه.

بۆ یه‌كه‌م جار ئه‌م بابه‌ته له گۆڤاری "مامۆستای كورد"، ژ٧، ١٩٨٨، ستۆكهۆڵمدا بڵاوكراوه‌ته‌وه.

# ئەستێرە باران

نووسینی د.س.لیخاچۆف

## پەخشانی سالانی جیای بۆریس پاسترناک

کاتێ پەخشانی پاسترناك دەخوێنینەوە شارەزای شیعری دەبین. "ئاوا، لەبەر مالاندا زستانە، سێیەکی شەقامەکە تاریکی دایبڕیوەو هەموو ڕۆژەکەش هەر ڕاکە ڕاکە بوو. بەدوایدا، زریانەکە تۆپەلە بەفرەکانی لادەداو بەدووی چراکان دەکەوت. ("قەبالەی ئاسایش") ، بەشی یەکەم،٢). هەندێ جار شیعر ڕاستەوخۆ لە پەخشانەکانی پاسترناکدا دەدوێ: "لە تۆڕداوی تەمدا هەوای دیل وەرزیی دەکرد". ئەمە دەربارەی ڤینێسیای جارانە ("قەبالەی ئاسایش"**بەشی ٢،١٦).

وێنەی شیعرەکانی داهاتووی بلاچەدەدەن. لە هێلکاریی ئا پێللێس***"دا ئێمە ئاگاداری شیعری داهاتووی دەبین ـ "هاملێت" ئەمە ژووانی هێینەو کامیلیایە.

"- من لێت تێناگەم. یان ئەمە- چارەسەرێکی تازەیە؟ دیسانەوە تەختەی شانۆیە؟ ئێوە بەڕاستی، چیتان دەوێ؟

- بەلێ، دیسانەوە تەختەی شانۆیە، بۆچی نەهێلرێ تۆزێ لە هەرێمی ڕووناکی تەواودا بم؟ چونکە تاوانی من نییە، کە لە ژیاندا بەهێزتر لە هەموو

شوێنێ، جێگە پڕ مەترسییەکان ڕووناك دەکرێنەوە: پردەکان، ڕاڕەوەکان، چ جۆرە توندو تیژییەکە! ئەوەودوای کەوتۆتە ژێر باری تاریکی. لەسەر ئەو پردە لێی گەڕێ با ئەمە تەختەی شانۆ بێ، مرۆڤ پێ دەبێ، بەئاگری بێئارامی ڕۆشن دەکرێتەوە، وەك ئەوەی دایان نابێو پیشانی هەموو کەسی بدەن، شوورەیان بەدەوردا تەنیبوو، پانۆرامای شارەکە، چاڵایىو گڵۆپی ئاماژەدەری کەنارەکە. (...)

- خانم، بە شێوەیەکی شانۆیی هێینە کە لەبەردەمی کامیلیادا بە چۆکدا دێو بانگی دەکا،

- خانم بە شێوەیەکی کەڕ هاوار دەکاو ڕووخساری خۆیشی لە ناو لەپیدا دەشارێتەوە — ئێمە ئەمەمان بەسەر برد؟ ئەم ئازارە چییە!" ("هێڵکاری ئاپێللێس"، III)

دوای چەند لاپەڕەیەك بادەداتەوە سەر هەمان بابەت، کە لە کرۆکدا هێشتا نەبڕاوەتەوەو هەر بەردەوامە: " بەهەمان سەرەگێژەو سووڕانەوەوە (دەموچاوی) هێنایەوە یەك، زنجیرەی ڕووخسار ڕێچکەی دەبەستو دەچوو.. دووربینێکی تەنیا، دووربینی لۆرینی، لەهەموو چرکەیەکدا هی زیاتری بەسەرەوە کۆدەبوویەوە.. " (هێڵکاری ئاپێللێس"، ٧)،

ئەمە پەخشان نییە، ئەمە پێغەمبەرێتییە دەربارەی شیعرەکانی داهاتووی، - دەربارەی "هاملێت":

ژاوەژاوەکە خامۆش بوو، من چوومە سەر شانۆکە،

شانم دایە سەر دەرگاکە،

لە ژایەڵەی ڕابووردووی دووردا،

من ئەو شتانە ڕاودەکەم کە لە سەردەمی خۆمدا ڕوودەدەن،

تاریکیی شەویان بەسەر مندا داوە،

هەزاران دووربین بە چاوەوەن،

ئەگەر بشێ بۆ وڵاتی ئاڤڤا،

ئەم پەرداخە بە تەنیشتا بەرە..

من بیری ڕاشکاوی تۆم خۆشدەوێ،

ئامادەی بینینی ئەم دەورەشم،

بەڵام ئێستا درامایەکی تر لە ئارادایە،

بۆ ئەم جارەیان واز لە من بێنە...

دواتر ئاوڕ لە تەنیا پارچە پەخشانێکی شیعریی ئەم کۆمەڵەیە دەدەینەوە.

پاسترناك خۆی دەربارەی پەیوەندیی ڕۆمانە شیعری ("شەبەنگی") (١٩٢٤-١٩٣٠) و (چیرۆك) (١٩٣٤) نووسیوویەتی: "لە نێوان ئەو ڕۆمانە شیعرییەی کە ناونیشانی "شەبەنگی"و دواتر دەستی پێکراوە، لەگەڵ ئەو پەخشانە پێشکەش کراوەدا، شێوە زاری جیا نابێت }واتە یاری بە وشەو زمانکردن{ : ئەوە ژیانێکە " ("چیرۆك"). بۆچی ئاوەها ؟ ئایا کەلێنێك لە نێوان شیعرو پەخشاندا نییە؟ لای پاسترناك ئەم ماواو بۆشاییە نییە. ئەم شیعرو پەخشانی وەك یەکێتیی هونەری وشە لێکدا. ساڵی ١٩٣٩ لە نووسینێکدا "هەندێ هەڵو

مەرج" پاسترناك نووسیوویەتی: " شیعرو پەخشان هەرگیز لەیەك دابڕاو نین - قووتبن. هەر بە زگماکی شیعر لە ناو ژاوەژاوی فەرهەنگدا بەدوای میلۆدیای سروشتدا دەگەڕێ، وەك چۆن مۆتیفێك هەڵدەبژێرێ، ئاوا ئەویش هەڵدەگرێ، دوایی بە کورتیو سەرپێی چارەی ئەم بابەتە دەکرێ.

پەخشان بەو ئیلهامەشیعرییەوە، دەگەڕێو مرۆڤ لەکاتیگۆریی زماندا دەدۆزێتەوە، ئەگەر لەو ڕۆژگارەشدا بەدەستی نەکەوێ، ئەوا بەدوای یاددا دەگەڕێو بەهۆیەوە دەیهێنێتە ناوو، دوایی لە پێناوی مرۆڤایەتیدا نیشانی دەدا، وای دەردەخات (دیارە باس لە پەخشانە ـ د.ل) کە لە ناوجەرگەی سەردەمدا دۆزیویەتییەوە. سەرەتای ئەمانە (شیعرو پەخشان د.ل) لەیەك جیا نین لەبەر ئەمە ئەو بەیەکەوەو بە شێوەیەکی شیعری تایبەتمەندیی لێرمەنتۆڤ، تووتچیڤ، گۆگۆلو چیخۆف، دیستۆیڤسکیو تۆڵستۆی باسدەکات.

پاسترناك هەروا ئاسایی "زامی ژیانی" وەك قسەی ئاسایی زیندوو، وەك شیعر پەسەند کرد. شیعر لە پەخشاندا دەستی پێکرد، بە شایەتی ئی.ب.پاسترناکی کوڕی، پاسترناکی شاعیر زۆر حەزی لە شێوازی قسەی گفتوگۆی دەوڵەمەندو زیندووی نامەی کسێنی گۆدۆنۆڤ وەك پێشینەی ڕاستەوخۆیزمانی شیعری پوشکین لەقەڵەم دەدا، کە بنەمای زمانی ڕووسی پێکدێنێ.

پاسترناك لە یەکەم کۆنگرەی نووسەراندا (هی سۆڤییەت) وتی: "شیعر پەخشانە، مەبەست لە پەخشان ئەوە نییە کە سەرجەمی بەرهەمی شیعریی کەسێك پێك بهێنێ، مەبەست لە پەخشانە لە جموجوڵدا نەك لە گێڕانەوەیەکی ڕاز ئاسادا. شیعر زمانی ئۆرگانیی ڕاستییەکانە، واتە فاکتەیە

لەگەڵ سەرئەنجامە زیندووەکاندا. بێگومان وەك هەموو شتێکی تری ئەم دونیایە، ڕەنگە باش بێ یان خراپو بێکەڵك بێ، بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ئایا دەتوانین ڕەسەنایەتی بپارێزین، یان دەفەلسەفێنن بۆ ئەوەی لە کەڵکی بخەین. هەرچی چۆنێ بێ، ئا ئەمە، واتە پەخشانێکی ڕووت، لە یەکەم دڵەڕاوکەی لە دایکبوونیدا بۆ خۆی شیعرە". سەرنج بدە ئەم جەختکردنەی دوایی، چونکە ئەمە زۆر گرنگەو باس لەوە دەکا کە شیعر پێویستی بە ڕوونترینو ئاشکراترین ئاسەواری ژیانە بە هەموو پەخشان ئامێزیی "سەرەتا بێئارامییەکانییەوەی"،

ئەئاوا پەخشانو شیعر لەیەك نزیك دەبنەوەو نابنە دژی یەكو چ لەمو چ لەویشدا تێهەڵکێشی واقیع دەبن، واقیع کە بەڕاستی وەربگیرێ، کە بە هوشیاریی مرۆڤەوە وەربگیرێ ئەوە خۆی شیعرەو لە هەمان کاتیشدا یەکەم هاتنە دنیای پەخشانیشە. ئەمە زۆر شت دەربارەی جەوهەری هونەری پاسترناك دەردەخا.

پاسترناك لە جیهانێکی یەکگرتوودا دەژی، جیهانو واقیع لای ئەو گەلێ گەورەترن لە وێنەگرتنو تێگەیشتنیان. هەر لەبەر ئەمەشە، لای ئەم بە گشتی هونەر وجوودێکی یەکگرتوو و لێك جودا نەبووەوەی هەیە. هەروەها ئەو بەتەنیا بە چاوی شاعیرو پەخشاننووسێکەوە سەیری دنیا ناکات، بەڵکو بەچاوی مۆسیقارو نیگارکێشێکیشەوە، چونکە باوکی نیگارکێشێکی بەناوبانگو دایکی پیانۆژەنێکی ناسراوی ئەورووپا بوو. لەو نامەیەدا کە لە ١٧ یونیی ١٩٢٧دا بۆ ئا. فرۆمانی نووسیووە ("باسەکانی ئەدەب" ١٩٢٧ ژ٩،ل١٠٣). پاسترناك نووسیوویەتی: "من کوڕی ڕەسامێکم هەر لە هەوەڵ ڕۆژەوە هونەرو

پیاوانی گەورەم دیوە، هەروەها ڕاهاتووم بەوەی کە گۆشەنیگام بەرانبەر شتی بەرزو دەگمەن وەك هی سروشتو نمونەی زیندوو بێ. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەو لە ژیانی گشتیدا، هەر لە لەدایك بوونەوە، تێکەڵی دابونەریتەکانی بووم. وەك زۆربوونی دیاردەکان لە بنەماکانی وەرشەی کارکردن، لەناوی نێو کەوانەکان، وەك لای زۆربەی خەڵك باوە، وەرنەگیراوەو من خۆم هێشم لێداوەو بە نۆتێکی سەخت بە کارە تایبەتییەکانی خۆمەوە بەستراوە". ئەو کۆمپۆزتیۆری (ئاواز دانەری) مۆسیقای خوێندووەو تەنانەت سکریابین دانی پیاناوە. سێ بەرهەمی تەواوکراوی لەم مەیدانەدا هەن، یەکێکیان هی ساڵی ١٩٧٩ (سۆناتەیەك بۆ پیانۆ" کە "کۆمپۆزیتۆری سۆڤێتی". مۆسکۆ،١٩٧٩) دەریکردووە.

بێجگە لە هونەر پاسترناك خەریکی فەلسەفەش بوو. سکریابین لای وابوو، فەلسەفە بنەڕەتی پێویستی داهێنانە، پاسترناك دەرسی فەلسەفەی لە زانکۆی مۆسکۆ، بەتایبەتی لای گ.گ.شپیت خوێندووە، کە سەر بە ڕێبازی فینۆمینۆلۆگی بوو، کە بایەخی بە مێژوو و فەلسەفەی زمان دەدا. گ.گ. شپیت زانستی مێژووی وەك "خوێندنەوەی وشە"سەیر دەکرد و زۆر بایەخی بە لێکدانەوەی بەڵگەنامەو شیکردنەوەی ئەدەبی دەدا (بڕوانە: گ.گ.شپیت، "شێوازی ناوەوەی وشە"مۆسکۆ، ١٩٢٧). لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەی بەتایبەتی کە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتنی بەرهەمی پاسترناك - ئەوەیە کە ئەو واقیعی لەسەروو هەمووشتەکانەوە دادەنا. لە بەرهەمێکی چاپنەکراویدا، "شیکردنەوەو کێشەکانی" کە لە ئەرکیفی گ.گ. شپێتدا پارێزراوە، نووسیوویەتی :" ئێمە لە واقیعی هەستەوە وەك مەتەڵو نهێنی، دەڕۆین و بەرەو بنەڕەتی ئیدیالی ئەو، بۆ ئەوەی ئەم مەتەڵە نهێنییە لە ڕێگەی بە

زەینکردنی واقیعەوە هەڵبهێنین، لە ڕێگەی ڕوانینەوە بۆ عەقڵ لە خودی واقیعدا، کە هاتۆتە دیو ڕەنگی داوەتەوە" (٢٤٨-٢٤٩). دواتر ئێمە هەندێ کەش و هەوا دەبینین کە بۆ ڕوونکردنەوەی بەرهەمی پاسترناك زۆر گرنگن.

هەوڵدان بۆ ئاشنابوون بە فەلسەفەی ئەوروپایی وای لە پاسترناك کرد، کە بۆ دوو مانگ سەفەری ماربورگ بکات، کە ئەو کاتە مەڵبەندی بیری فەلسەفی بوو، ئەو کاتە گ.کۆگین و پ. ناترۆپ و ن.هارتمان دەرزیاندەگوتەوە، لە "قەباڵەی ئاسایش" (بەشی ١ ، ٩)دا پاسترناك بۆچوونی واقیعیی قوتابخانەی ماربورگ وەك فەلسەفەی تیۆری ڕووناکبیران دەست نیشان دەکا، کە لەسەر بنەمای زانین و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی سەرچاوەکان بنیات نراوە. لەگەڵ ئەوەشدا پرۆفیسۆرەکان (بەتایبەتی کۆگین) پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ پاسترناکدا هەبوو، بەڵام فەلسەفەی بەجێهێشت. هۆی بنەڕەتیشی ئەوەبوو نەیتوانی ئەو لاری لە هونەربوونە پەسەند بکات، هەروەها شێوازو بۆچوونی ئەکادیمیانەی ناهونەریی بێ هاریکاریکردنی هەواداران و قوتابیان دایە دواوە. لەم ڕووەوە لە نامەیەکدا بۆ ئا.ئا.شتیخ لە ١٩ یولی ١٩١٢دا نووسیوویەتی: "چی من ئێستە ڕاودەنێ؟ داب و یاسای شتەکان؟ تۆ لە من تێدەگەی؟ من ئەو زانا خاوەن ژنانەم بینی، ئەمانە نەك هەر ژنیان هێناوە، جاروبار حەز لە شانۆ، یان پاراویی مێرگەکان دەکەن، پێم وایە دراماتیزمی زریانیش سەرنجیان ڕادەکێشێ، دەکرێ بە سێ دێڕ باسی ئەم شتانە بکرێ؟ ئەوانە وجوودیان نییە، ئەمانە لە دەسبەسەرییەکی پڕ ئازاردا ناشارێنەوە، ئەمانە ناکەونە ناو دنیای داهێنانەوە، ئەمانە مێگەلی ڕووناکبیرانن".

ئەم تاوانبارکردنەی فەیلەسوفەکانی ماربورگ بەوەی کە: "لە دەست بەسەرییەکی پڕ ئازاردا ناشارێنەوە" چییە؟ کاری هونەرمەند هەمووی لە "دەستبەسەرییەکی پڕ ئازاردایە". ئەمەش کلیلی ناسینی پراکتیکی پاسترناکە وەك شاعیرو پەخشاننووس.

لای پاسترناك واقیع هونەر دەخولقێنێ نەك داهێنەر. شیعر بە جیهاندا پەخشبۆتەوە و لە دەوروبەردایە نەك لە (ناخی) شاعیردا. لە وێنەی ڕەنگدانەوەی واقیعدا هی داهێنەرە، وەك سەردەمانێك بە ئیلهامی شاعیر دەزانرا. جیهان خۆی لەگەڵ شاعیردا دەدوێ‌و بانگەشەی خۆی لە شیعرەکانیدا دەکات. پاسترناك نووسیوویەتی: "هونەر ڕیالیستییە وەك چالاکی‌و سیمبۆلییە وەك ڕاستی. ڕیالیستییەکەی لەوەدایە، کە خۆی میتافۆر داناهێنێ، بەڵکو لە سروشتدا دەیدۆزێتەوەو بە پیرۆزی دەیهێنێتە ناو". ("قەبالەی ئاسایش"). (بەشی٢ ، ٧). هەروەها بەم شێوەیە دەربارەی هونەر دەدوێ: "سروشت وەك ڕەچاوکراوە کێشماندەدا بەخۆی‌و وەك فەزایەکی گوێگری چیرۆك دەگەشێتەوە، هەر لەم بارەشدا لە خەواڵویەتییەوە بە هێمنی دەگوێزرێتەوە بۆ چەسپاوی". ("قەباڵەی ئاسایش").( بەشی ٢، ١٧) "من زانیم دواتر پاسترناك دەنووسێ- چ ئامێتەییەك لەگەڵ گەشانەوەی وەستایەتیدا هەیە، کاتێ کە دوانەی هونەرمەندو شیعری نیگارئامێز بەدیدێن، ناتوانین بڵێین کام لەم سیانە: جێبەجێکەر، جێبەجێکردن، بابەتە جێبەجێکراوەکەو — بە سوودی کامیان، (مەسەلەکە) سەنگینترو چالاکتر دەبێ.. پێویستە ئێمە ڤیرۆنیزاو تیسیانا ببینین، بۆ ئەوەی تێبگەین کە هونەر چییە" ("قەباڵەی ئاسایش")، بەشی٢ ، ١٧).

لە چ پەیوەندییەکدا واقیع‌و هونەرمەند هاوشانن، تا داوا لە هونەرمەند بکرێ لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیەوە عەکسی ئەو واقیعە بکات؟ ئە ئاوا پاسترناك وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە:" ئێمە لەوە دەگەوین کە لە واقیع بگەین، کە دەچێتە چوارچێوەی کاتیگۆریایەکی تازەوە. لامان وایە ئەم کاتیگۆریایە هی خۆمانە، نەك هی ئەو حاڵەت‌و بارەی ئێمەبێ. لەگەڵ ئەم بارەدا هەموو شتێ لە جیهاندا ناونراوە. هەر ئەمە کە نوێیەو ناونەنراوە. ئێمە هەوڵدەدەین ناوی بنێین. لەمەشەوە هونەردەکەوێتەوە ("قەباڵەی ئاسایش" بەشی ٢، ٧).

شاعیر ئاسایی نییە، بەڵام دنیای دەرەوە ئاساییە. لەبەر ئەوە شیعر لە هەموو شتێ بە ئاهەنگترە، دەوڵەمەندە بە هەموو شتێکی چاوەڕواننەکراو، بەڵام لە کەش‌و هەوا نائاساییەکەدا. لە چالاکییەکانیدا، لەکاتی چوونە ناو دنیای ناوەوەی شاعیردا — پاسترناك دەڵێ: "ئێمە هەموو شتێکی ڕۆژانە لە پێناوی شیعردا ڕادەکێشینە ناو پەخشان" ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی ١ ،٦).

دەوروبەر هەمیشە لە هەموو شێوازو بەڵگەو دەرکەوتنەکانیدا چالاکە. کاتێ خەم دانەر دادەگرێ، پاسترناك دەنووسێ :"بەیانی بە ڕووخسار منی ناسییەوە، دوایش بەتەواوەتی دەرکەوت، بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا بێ‌و هەرگیز بەجێم نەهێڵێ". ("قەباڵەی ئاسایش")، بەشی٢، ٥) دواتر دەڵێ:" لە داهاتوودا دەبوو من متمانەی بەیانی بەدەست بهێنم" (هەمان سەرچاوە)، ئەمە لە کاتی وەسپکردنی سەبووری‌هێدی هێدی نووسەردا لەو نەهامەتییانەی تووشی بووە، ئەم شتانە هەمووی لەدەرەوە دێن، تەنانەت، چاکە، سرووشت، سەبووریش.

چوونە ناو دنیای ناوەوەی شاعیر هەمیشە لە پرێکدا دەبێ، هەمووکاتێکیش سەردەکەوێو گۆڕانکاریی بنەڕەتی دێنێتە ناو. لەبەر ئەوە زۆرجار لە شیعردا هەروەها لە پەخشانیشدا دەربڕینو وشەکان بەم جۆرە دەبن: "لە قەڵەمبازدا"، "بە ملهوڕی"، "بەهەموو هێزەوە"، "نەبیستراوە"، "بەدرێژایی" یان لەسەرەوە...

پاسترناکیش وەك مایکۆفسکی دەربارەی هونەر دەدوێ، وەك زللە لە خەمساردی دان :"خەمساردی لە ڕاستیی ناڕاستەوخۆ، ئا ئەوەیە کە توڕەییو کەللەیی دەکات.. کوتومت ئەم زللەیە، کە مرۆڤایەتی داویەتی بە ڕووخساریدا". ("قەباڵەی ئاسایش"، بەشی٢، ١٧)

فاکتەکانی واقیع لە بەرهەمی هونەریدا دەگرێن، زۆر نین، بەڵام میتافۆریان لێ هەڵدەپرژێ (ئەمانە ناونووس کراون) واقیع دەگۆڕن بۆ ئاگرەیاریی ئاهەنگو شادیی شیعری.

وێنە شیعرییەکانی پاسترناك هەروەها فاکتەکانی دنیای دەرەوەیش چاوەڕواننەکراون، لەگەڵ دنیای ناوەوەی شاعیریشدا پەیوەندییەکەیان بە ڕێکەوتە. ئەمانە خۆیان دەخزێننە هۆشی شاعیر وەك تاوان و هەڵەی شیعری-.. بیری دەدەنێو زیاد لەمەش شیعرو پەخشانی پێ دەنووسن.

فاکتی واقیع دەچنە ناو دنیای شاعیرو وەك پزیسکی ئاسمان، هەروەها بە شێوەیەکی کوتو پڕو "بە ڕێکەوت" هەڵیدەگیرسێننو دەگرێن. بەڵام دەبێ فریای ئەم چرکەی پزیسکدانەوەیە بکەوێتو بە شیعر یان پەخشان، بەهەچ شتێبێ دەریببڕێ. دەبێ ئەمە تۆمار بکرێ چونکە جوانو کاری چرکەیەکە. شاعیر پەلەیەتی چونکە هیچ کاتی نییەو جیهان لە جموجوڵو پەلاماردا

دەخاتە ڕوو. پاسترناك شیعر بە ئیسفنجێك دەچوێنێ كە دنیای دەوروبەر هەڵدەمژێ، پێویستە بەر فراوان بكرێ ـ ئیسفنج هەر زۆر بچكۆلەیە نەء، شاعیر فەزایەكی نزیكە زەوییە، كە دنیای گەورەی ناوەوەی شاعیری دەورەداوەو هەزاران پزیسكی فاكتەیەو تێی دەڕژێ.

★★★

كاتێ باسی ئەوە دەكەین كە واقیع دەچێتە ناو هۆشی شاعیرەوە، ئێمە دەبێ لەو واقیعەی پاسترناك بگەین چییە. ئەمە تەنیا سروشت نییە، خودی هونەرە، ـ ئەو هونەرەی كە لە سەدەكانەوە هاتووە. ئەمە دەبێتە فاكتێكی كاریگەر كە لە دەرەوە دێتە ناو شیعرەوە، پاسترناك نووسیوویەتی:"ئیتالیا بۆ من كریستاڵی بوو، ئەوەی ئێمە بێئاگا لەمێشكەوە هەڵی دەمژین. نیگاری ئەوەی تەواو كرد كە دەبوو من بیری لێ بكەمەوە، كاتێ من لەم كۆشكییەوە بۆ ئەویان دەچووم، بە شێوەیەكی ئامادە دەهاتە بەر پێم، بە تەواوی لە ڕەنگی چاودێریكردندا دەكولا. ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی٢، ١٨).

واقیع ئەمە مێژووشە. پاسترناك دەربارەی شوێنەكان دەنووسێ :"ناوی ئەو شارانە زیاتر بەرزبوونەتەوە، پاسترناك كە چووە بۆ ئاڵمانیا بە شەمەندەفەر بەناویاندا تێپەڕیوە. }زۆربەی ئەو شارانە{ شەمەندەفەر زۆربەی هاوینەكە بەناویاندا }قولەی كردووە{و پێیاندا تێپەڕبووە، بێ ئەوەی پێچ بكاتەوە، من ناوی ئەو دێوەڵووڵە لوولخواردووانەم لەسەر نەخشە بینی" ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی١، ١٩) یان شتێكی تر: "ڕەسەنیی سەدەكانی ناوەڕاست بۆ یەكەمجار لەبەردەم مندا كرایەوە. ڕەسەنی وەك هەموو شتێكی ڕاستەقینە تازەو ترسناك بوو. گەشتەكە دەنگی ناوە

ناسراوەكانی، وەك پۆلایەكی ڕووت، یەك لەدوای یەك لە وەسپە خوێندراوەكاندا دەقۆزتەوە، كوتو مت لەو چەقۆ ئاگرینانەوە كە مێژوونووسە دێرینەكان دروستیان كردووە". (هەمان سەرچاوە).

بیرەوەری لای پاسترناك نرخێكی سەربەخۆو ئاشكرای هەیە. لەبەرئەوەی چونكە بێ بەڵگە نامە دەنووسێ. لەلای ئەم بلاچەی یادێك دەربارەی ڕابردوو گرنگە. ئەمە لێوان لێوی تازەیەتییە، لە گرەوە هاتۆتە دەرێ، جا ئەمە یادێك بێ دەربارەی مێژووی مرۆڤایەتی، یان دەربارەی ژیانی خۆی. ڕابردوو بە تەواوەتی لە ئەمرۆدایە. شیعر لەوێ لەدایك دەبێ، كە ڕابردوو لە زەیندا بەرەو ئێستا دێ، كە لە هونەری پاسترناكدا (چ لە شیعرو چ لە پەخشاندا) ئەمەندە دیاردەی فەزایی هەیە، ڕووناكی تەواوی شەو، یان تاریكی ڕۆژ، هەر لەبەر ئەمەیە ئەوەندە ئاوی ڕەشی كەناڵەكانی ڤینیسیا، بریسكەی ڕووناكی لە شووشەدا، لە شەونمدای خۆشدەوێ. زۆرجار لە بەرهەمەكانیدا بارانو بەفر بای بلاوبووەوە بە هەموو زەویدا- هەن. بۆیە ئەو وەستانی بۆ نییە،هەروەك لە هەوادا بارانی پزیسك بێ وچان دەبارێ. مایكۆفسكیی مردوو لای ئەو تەنیا نووستووە. ئەو و هەموو شیعرەكانی لە یاددا نەمردەبن و "زۆر بە خێرایی دەچنە ڕیزی ئەفسانەی لاوانەوە".

هەروەها دابی كولتوری لای ئەو زیندووە، دەجووڵێ، لە ئاسماندا دەفڕێ، هەمیشەش پارچەو وێنەی شیعری ڕابووردوو لە شیعرەكانیدا دەداتە شەقەی باڵ." ترادیسیۆن خۆی بۆ هەمووومان دەرخست، بەڵێنی داینێ ڕووخسارمان پێ ببەخشێ، هەموومان هەریەكەی بەجۆرێك، وادەكەی خۆشی بەجێ هێنا. ئێمە هەموو بەو پێودانگە بووینە مرۆڤ كە كاتێ مرۆڤ یارای ئەوەی هەیە

دڵداری بکات، یان ئەو هەلە دەدۆزێتەوە عاشق بێ". ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی١، ٢). ترادیسیۆنو پابەندی بەوەوە خۆشویستنی خەڵکە، دوورو نزیك، ئەوانەی کە مردوونو ئەوانەش کە لە تەکماندا دەژین (بۆ نموونە مایکۆفسکی کە ئەو چەندە خۆشی دەویست). پاسترناك دەپرسێ: "هۆی چییە وا زۆربەی خەڵك لێی (واتە لە ترادیسیۆن- د.ل) هەڵدێن، لە ڕووخسارێکی پەسەندو تەنیا پەیوەندییەکی بەرگە گیراودا؟ ئەو ڕووخسارە بێ ڕووخساری بەلاوە چاکتر دەبوو، چونکە لەو قوربانیدانە ترساوە، کە ترادیسیۆن هەر لەمنداڵیەوە داوای دەکات.

ئەو خۆشەویستییەی کە بە لەخۆبووردنو فیداکارییەوە هێزی وای هەبێ کە باتەقای ئاوا چوارگۆشەیەك ماوا بکات – کاری دڵمانە هەتا منداڵین". (هەر لەوێ) – خۆ پاسترناك هەتا دوا هەناسەش هەر منداڵ بوو. ئەو یادی تازەو زیندووی پاراست – لە جیهان، لە ڕابووردوو، لەو ترادیسیۆنەی کە تەقلیدێکی سواو نییە، بەڵکو دەگمەنو نائاساییو شەخسییە.

لەگەڵ ئەمەشدا دەیویست وەك (لینیۆ)، لە ڕێگەی ڕووەکناسییەوە شارەزای گوڵەکان بێ. هەمیشە سروشتێکی بزۆز بەرەو وشە، بەرەو ناو، ناونیشان تاو دەدا، "کوتو مت لە نەناسراوییەوە بەرەو سەروەری. (١) ئەو مرۆڤەی کە بە وشە خۆی تەیار کردووە – هۆشی سروشتە، واقیع لە ڕووکردنە زانستەوە دەکرێتەوە. "کولتوور خۆی فڕێ ناداتە باوەشی یەکەم داخوازیکەرەوە". ("قەباڵەی ئاسایش") بەشی ٣، ٢).

زۆرجار لە شیعرو پەخشانی پاسترناکدا (ڕەنگە بە تایبەتیش لە پەخشانەکانیدا) دیمەنی شەمەندەفەر بۆ بەپیرەوە هاتنو پێگەیشتنی

سرووشت، مێژوو، ئێستگە، گەراجەکان، هێڵەکان دەفڕن :"لەو ساتەدا شەمەندەفەرەکە بە تەنیشتدا ڕابوورد، بەرەو سەرەوە، بەرەو خوارەوە، یەکسەر بە هەموو لایەکدا بریسکەی دێو تیژ تێپەڕی... گورزەی تیشکە تەپڵییەکانی دای لە قابلەمەی کابانەکان" ("قەباڵەی ئاسایش") بەشی٢، ١).
ئەم شەمەندەفەرە بە تەنیشتی موبەقی ئەو کابانە ئەڵمانییەدا ڕابووردووە، کە پاسترناکی تێدا ژیاوە. بەلای زۆرەوە، پاسترناك خۆی لەناو شەمەندەفەرێکدایە کە بەتەنیشی جیهان، سروشت، مێژوو، وڵاتان، شاران، هێڵی شەمەندەفەر، شۆستەو قاژو تەپوتۆزی ڕێگاکاندا تێدەپەڕێ: "... لە ژێر سەقفی سەر شۆستەی ئێستگەکاندا شارە نووستووەکان گلۆردەبوونەوە". ("قەباڵەی ئاسایش") بەشی ١، ٩).

لەپڕ بەبێ ئەوەی چاوەڕوانبکرێ وێنەی شیعریو میتافۆرو بەراورد پەیدا دەبێ. لێرەوە بە خێرایی وێنەی چڕبوونەوەی ئەو پەیدا دەبێ "گوڵە سێوەکان گەرم دەکرێنەوە" "بەهێمنی باڵندەکان دەفڕن" ("قەباڵەی ئاسایش") "جنێوی ئیتاڵی، بەجۆشە، وەك وشەی نوێژ پەڕگرە" ("هێڵکاری ئاپێللێس" IV) بورجی داس ئاسای پیزا، لەشکرێکی تەواوی داسی خەرمانەو سێبەر بە هێرش بەرەو (پیزا) دەبا(ئەمە بە ئێوارانە کاتێ هەتاو بە پەلامار بەسەر پێزاوە دەبێ، د.ل، هەرلەوێ I،)" بورجی داس ئاسای پیزا بەناو زنجیرەی شوێنە قایمکراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا دڕن بەخۆی دەدا" (خۆرئاوابوون، هەمان شوێن).

ئالێرەوەیە ئەو دادوەریو دیاریکردنە سەرسوڕهێنەرەی کە لە پەند دەچێ بەڵام بە توندی تێکەڵی ناوەڕۆکی ئەو بابەتە بوون کە دەربارەی دەدوا.

دەربارەی گۆڕانی سەدەی نۆزدەیەم دەڵێ: "سەدەیەکی خاڵی وەك باوێشکی مرۆڤخۆرێك" ("قەباڵەی ئاسایش")، بەشی۲، ۱). ئایە ئەمە ناتەواوە. ئێ خۆ دوای سەدەی نۆزدەیەم، بیستەم دێ..." ڤینیسیا- شارێکە بەخانوو ئاوەدانە" ("قەباڵەی ئاسایش")، بەشی۲، ۱۵) و دواتر: "جێگەی چۆڵ لە کۆشکە چۆڵەکاندا نەماوەتەوە- جوانی هەمووی داگیرکردووە" (هەمان سەرچاوە) تەنیا دەربارەی ڤینیسیا مرۆڤ دەتوانێ ئاوا بدوێ. "کۆشکە چۆڵەکان" ئەوانەی جاران نیشتەجێ بوون چۆڵن، بەڵام "جوانی جێگەیانی گرتۆتەوە". ئەم پەندە بە توندو تۆڵی تێکەڵی تێکستەکە بووە. تابلۆی ڤینیسیا لە (قەباڵەی ئاسایش)دا کوتومت هی کاندینسکییە، ئەمەو ئەوی تریش. لە ڤینیسیا ڕەنگی ڕەشی ئاوەکەیان دۆزیوەتەوە. یەکێکیان ڕایکێشایە ناو ئەبستراکتی خۆیەوە، ئەوی دی- بۆناو پەخشانی بە وێنەی شیعری چڕیەوە. ئە ئاوا دەربارەی کەناڵەکانی ڤینیسیا دەدوێ، لەکوێ "ئاوە زیتییە- ڕەشەکەی" "لە بەرزاییدا ڕووبەڕووی خەندەکی ڕەشی وەکو قەترانەوەیە کە ئێمە لەناویدا ونبووین، ئاسمان ڕووت دەدرەوشایەوە، هەموو شتێك دەربارەی لایەك دەڕۆی" ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی ۲، ۱۳). یان ئەوقسە نائاساییانەی پاسترناك دەربارەی ئینجیل، لەو کاتانەدا کە چاوی بەو تابلۆیانە کەوتووە، کە هونەرمەندە ئیتالییەکان لەسەر سووژێتەکانی ئینجیل کێشاویانە." ئینجیل ئەوەندە خاوەن تێکستێکی سەخت نییە، هێندەی ئەوەی دەفتەری نووسراوی مرۆڤایەتی بێ". لەبەر ڕۆشنایی ئەم قسانەی پاسترناکدا دەتوانین لەوە بگەین، کە هونەر لە هەموو سەدەکانی (مێژووی) مرۆڤایەتیدا هەرجارەو شتی تازە لەم دەفتەرەدا دەنووسێتەوە، هەرکەسەو بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی لە ئینجیل دەگات. چەند جێگەی متمانەیە! گوایە ئەم بیرو بۆچوونەی

پاسترناك تەواو نییە" بە شێوەیەكی چاك تێگەیشتن لەدایك دەبێ. كاتێ كە بە نەهامەتیو مەترسی ڕادێیت، ئەمە دەبێتە دەنگێكی باش ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی ٢، ١٦). ئەم سەرنجو بۆچوونە كۆنكرێتە كە بۆ بابەتێكی دیاریكراو وتراون، بۆ هەموو سەدەكان دەست دەدات" :"ئەوەی ئەوان ڕاپانگەیاندووە: خەندەكی شێرەكان، ئەو شوێنەی كە دەسەڵاتدارانی فەرەنسا ئەو خەڵكانەیان تێ فرێدەدا، كە بە دەردی ئەوانی نەدەخوارد. بەراوردی بكە دواتر چی دەنووسێ: "وردە وردەش دەبووە مایەی چەرداوەڕوویی و بەدڕەوشتی! ئەگەر ناوی ئەو كەسانە بهاتایە كە بە شێوەیەكی مەتەڵئامێز و نادیار گلۆركرابوونەوە ئەو خەندەكە جوان هەڵكەنراوانە، لەو حاڵەتانەدا كە دەسەڵات هیچ داخێكی بەو بۆنانەوە دەرنەدەبڕی" (هەرلەوێ). یان چی دەربارەی دەسەڵاتدارێتی ئایینی، ئێلیزابێتە ڤینگیرسكی، دەڵێ :"زۆردار، كەسێكی بێوێنەیە" ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی٢ ، ١) یان بەهەمان شێوە دەربارەی پەیوەندیی هەردوولایان، كاتێ ئێلیزابێت ناچاربوو پاشەكشە بۆ دەستەڵاتدارە ئایینییەكە بكات: "جارو بار وایلێدێ كە سروشت بە پێچەوانەی یاساكانی خۆیەوە دەجووڵێتەوە، دەمارگیرێك زۆر بەبێ مانایی وا دەكات كە هەر ئەوەی ئەو جێبەجێبكرێت" (هەرلەوێ).

داهێنانە هونەرییەكانی پاسترناك تا ڕادەیەكی نائاسایی جۆراوجۆرن. سەیریكە چی دەربارەی دەنگی زەنگۆڵەی بچكۆلە دەنووسێ: "بڵحایەتی نواند، دەلەرزی لە گێژاودا، زەنگی نەرمی دێهاتی" ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی١، ٢). هەر لێرەداو لەم ("قەباڵەی ئاسایش")ەدا، دوای دوو سێ لاپەڕە دەربارەی زەنگی جەژنی ڕۆژووی گەورە: دەڵێ: "ڕێگا خەواڵووەكان لەناو تەمدا بە زمانی جۆراوجۆری زەنگەكان باریان قورس بووە. لە هەریەكەیاندا جارێك

زەنگەکە ئاخی هەڵدەکێشا، ئەوانی‌تر هاوڕێیانەو بە خامۆشی هیچ ناڕەزاییەکیان دەربارەی هەنگوینی ڕۆژووەوانەکان نەبوو." ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی١، ٣).

گرافیکی ئەم وێنانە بە تیژی‌و ناسکی، گرافیکی پزیسکە بارانمان وەبیردێننەوە: دەرزییە پۆڵاینییەکان ئەوەندەی ڕۆشنی هەنگوین بە نیگاری بنەمای تیفتیفەدراوی ڕەش هێڵکاری کرابوون.

خوێندنەوەی پەخشانی پاسترناک- وەك شۆردنەوەی ئاڵتوونە لە لمێکی ئاڵتووندرادا. ئاڵتوونێکی زۆرە بەڵام دەبێ دەریبهێنی. هەروەها کاری ئاڵتوون دەرهێنانیش خۆی زۆر بەنرخ دەبێ. خوێنەرێك کە تۆزێك حەزی لە خوێندنەوە بێت، دەستدەکات بەدوای زریانی ئاڵتووندا گەڕان- هەوڵێکی کەڵەوکێش نەکراوی لا دروست دەبێ بۆ گیانی‌و زمانی.

ئاڵتوون نەك هەر بەتەنیا ئاڵتوون، لەگەڵیشیا سەرنەکەوتنی دیار هەیە. دەبێ لەم سەرکەوتنانە بگەین، بۆ ئەوەی خوێندنەوەکەمان لێ تێك نەدەن، ئەوانە لە زیادەڕەوی سەرنج‌و ڕوانینەوەن.

بەردی بەنرخ لە (کراس)دا هەیە، بۆ نموونە یاقووتێکی دەگمەن‌و دانسقە. "کراس" ئەمە جۆرە بەردێکی ساکاری غەریبە، کە بەزەحمەت دەرهێنراوە یان بە مادەی بە نرخ زاخاو دراوەتەوە. لەم بابەتە لای پاسترناك کەم نین. ئا ئەمە چەند دەربڕینێکە کە تێهەڵکێشی وەسپی بەهاری زۆرجوانی مۆسکۆ بوون: "لەوێ، بە هەناسە بڕکێ، هەورەکان سمکۆڵیان بوو، دڕنیان بە ئاپۆڕەیان دەدا، دووکەڵی تەنوورە لە ژمارە نەهاتووەکان بەری

ئاسمانییان گرتبوو. لەویّ بە هێڵی ڕێك كەنارەكاندا، پلیكانەی خانووە ڕووخاوەكان لەبەفر گیرابوون.

لەویّ بە لاوازیو نا شیرینی و سستی، یاری كردن بە ژێو هێمنی گیتارو پرژی سەرخۆشی، بەدیار قاپێكەوە كۆڕیان بەستبوو، بەسوورهەڵگەڕاوی هاتنە دەرەوە لەگەڵ مێردە لەمەستیدا بەلارەلار ڕۆیشتووەكانیاندا، لەگەڵ شەپۆلی شەوانەی عەرەبانەچییەكاندا، كوتومت لەگەڵ هاتوهاواری گەرمی پێڕەكەداو هاتنە دەرەوەیان بۆ ڕاڕەوی ساردی ڕەنگ چناری" ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی١، ٦).

نامەویّ لە هێنانەوەی ئەم نموونانە بەردەوام بم، نابیّ هەندیّ لەم نموونە بە ئەنقەست ڕووكەشانە قەببكەین، تەنانەت ئەگەر چەندێكیشیان لە تەنیا لاپەڕەیەكدا بدۆزینەوە.

★★★

كاتیّ پاسترناك وەك هونەرمەندێك قاڵبوو، "فەزای ناوەوەی گیانی" بەو تینو جۆش خرۆشە زۆرەیەوە، ئەوەی لە وزەدا نەما، كە فاكتی دنیای دەرەوە بڕژێنە ناخی. پزیسكە ئاسمانییەكان لەبەر بارانە پزیسكدا، بەو ڕێژنەی زۆری میتافۆرو ئینتباعەوە چیتر نەدەسووتان، بەڵام ئەستێرە بارانی شیعرو پەخشانی ئەوەندەی تۆزیّ لە جوانی خۆیان نەكەوتن. پاسترناك ساكار بووەوە، بەڵام هەرگیز لەو ئاهەنگی ساكارییەدا كەمتر شیرینو ناسك نەبوو:

لە بنەچەدا لەگەڵ هەمووان، ئەوەی هەیە باوەڕبوون

و زانینی وجودە لە داهاتوودا،

ناگرێ نەکەوێتە کۆتاییەوە، وەك لە گومڕاییدا،

لە ساکارییەکی نەبیستراودا.

لە پەخشانە زۆرینەکانی پاسترناکدا بۆ ماوەیەك ئاهەنگی ئاڵۆزی زاڵە، بەڵام کاری بۆ ساکاربوونەوە کردووە، ساکاری لە "هەمووشتێ زیاتر" خەڵك پێویستییەتی، هەرچەندە لە ئاڵۆزەکە باشتر دەگەن. بۆچی لەوەی ئاڵۆزە باشتر دەگەن؟ چونکە ژیان ئەگەر شاعیرانە بۆی بچی ئاڵۆزترە. ئاڵۆزی بەشێوەیەکی چالاکتر سەرەتای گیان بێداردەکاتەوە، وای لێدەکات کە بە وردی بنۆڕێ، گوێ بگرێ، ڕابمێنێ، ئاڵۆزی هۆش و بیر بێداردەکاتەوە، بە ڕۆژ مەنوو...!

لەونامەیەی ٢٥ دیسەمبەری ١٩٣٤ یدا پاسترناك دەربارەی دووقات سادەکردنەوەی بەرهەمی ئەم ساڵانەی دوایی دەنووسێ: "من هەرچەندە دڕەنگانێ کەوتمە خۆو هۆشم هاتەوە سەر. هیچ شتێ لەوەی جاران نووسیومە }ئێستە{ نانووسمو ئەودنیا کۆنە نەماوە، هیچیشم لەم تازەیە نییە پیشانی بدەم: زۆر خراپ دەبوو ئەگەر من لەمە نەگەیشتمایە. خۆشبەختانە من ماومو چاویشم کراوەتەوە، ئەئاوا بە خێرایی خەریکی شێوازی پەخشانی دیکنسمو ئەگەر وزەو تواناشم بەش بکات، ئەوا دەمەوێ شێوازە شیعری پووشکینیش تاقیبکەمەوە. بەس وای بۆ مەچۆ، کەمن دەمەوێ خۆم لەگەڵ ئەواندا بەراورد بکەم. من ناوی ئەوان هەرلەبەر ئەوە دەهێنم کە تۆ ئەو گۆڕانکارییەی ناوەوەمت لا ڕوونبێتەوە. ڕەنگە بمتوانیایە هەمان شتم بە شێوەیەکی تر دەربڕیایە". ئەم بەدوای یەکدا هاتنە

تایبەتمەندییە وا پاسترناك باسی دەكات، لە ڕووكردنە ساكاریدایە: لە پێشدا شیعر دوایی پەخشان.

ساكاری لە پەخشانەوە دەست پێدەكات، هەروەك لە پەخشانیشەوە شیعر دەكەوێتەوە. لەهەمان كاتیشدا لە شیعردا سەرەتای هەڵچنینی پەخشان هەیە. لە "چەند سەرنجێك دەربارەی وەرگێڕانی شكسپیر"دا، پاسترناك دەنووسێ: "شیعر لای شكسپیر دەربڕینێكی خێراو ڕاستەوخۆ بوو. ئەو پەنای بۆ (شیعر) دەبرد، وەك خێراترین ڕێگای نووسینەوەو تۆماركردنی بیر. ئەمە تا ئەو ئاقارە ڕۆیشتووە، كە لە زۆر دیمەنی شیعرەكانیدا ڕەشنووسی هەندێ پارچە پەخشان بڵاچە دەدات". دیسانەوە ئێمە جەختدەكەینەوە: شیعرو پەخشان لە بەرهەمی پاسترناكدا وەكو یەكن و لێكدانەبڕاون. هەردووكیان بەیەك ڕەوت دەڕۆن. لە بەرهەمێكی تۆزێ دواتریدا، فەرمان بەسەر هەردوكیاندا دەكا: "وەرچەرخان" "هەموو لەپڕ" "وەرچەرخان بەرەو ساكاری كۆتایی".

پاسترناك هەمیشە بە هۆشیارییەوە گۆشەنیگای خۆی بەتازەیی و بێ بڕیاری پێشەكی و بە ئینتباع و باوەڕبوون بەیادگاری منداڵی- ڕۆشن كردۆتەوە.

پاسترناك دنیای بە چاوی منداڵییەكی تایبەتییەوە وەرگرتووە، وەك ئانا ئەخماتۆڤاش لەم ڕووەوە لە گفتوگۆدا لەگەڵ نووسەری ئەم چەند دێڕەدا، ئاماژەی هەمان شتی }لای پاسترناك{ كردووە. باریس لیۆنیدۆڤیچ پاسترناك، چەندەهاجار باسی ئەم منداڵییە بە ئاهەنگ و دڵناسكییەی خۆی لە كاتی دەستێوەردانی واقیعدا كردووە. ئەو نووسیوویەتی: "تەنیا شتێك كە لە

دەسەڵاتی ئێمەدایە، ئەوەیە بتوانین ئەو دەنگی ژیانەی لە ناخماندا بەرزدەبێتەوە نەیشێوێنین" ("هەندێ هەڵومەرج" ١٩١٩). لە گۆڤاری "لە پلەی ئەدەبیدا" (١٩٢٧، ژمارە ٥،٦) پاسترناک وتویەتی: "پێم وایە، ئێستا لە هەموو کاتێك کەمتر بنەمای ئەوە هەیە کە لە ئێستاتیکای پووشکین دووورکەوینەوە". ئیتر پاسترناک تا دواکاتەکانی داهێنانی زۆر بەڕوونیو وردی هەوڵی خۆی خستۆتە ڕوو، نەك هەر دەربارەی ساکاریو ڕاستەوخۆیی دەرك کردن، بەڵکو هی دەربڕینیش".

پاسترناك لە ئێوارە کۆڕێکی زانکۆدا، ساڵی ١٩٤٤، دەربارەی مایکۆفسکیو ئاسێیف جاڕی داوە: "گوایە ئێمە یاخیی هۆشیار بووین، بە ئەنقەست بە نامەعقوولی دەماننووسی، تەنیا یەك ئامانجمان هەبوو- شتی زیندوو بگرین، بەڵام پارێزکردن و دوورکەوتنەوە لە عەقڵ هەر تەنیا لە پێناوی سەرنجی زیندوودا، چەواشەبوون بوو، ئێمە بە تەواوی تەکنیکمان دابین نەکردبوو، بۆ ئەوەی بەراوردی بکەین، هەڵبژێرین، بە ملهوڕی هەڵسوکەوتمان دەکرد. بەرزترین داهێنانی هونەر لە سینتێزی }شتی{ زیندوو و فیکر بە ئەنجام دەگات".

لیریکای پاسترناك تامەزرۆی }شێوازی{ ئێپۆس بوو، هەروەك هەڵێکی تێگەیشتنی فراوانی واقیعە. شیعری پاسترناك هەڵێکی دوای پەخشانە، هی پەخشانکارییە، هی ساکارییە. پاسترناك دەڵێ: "ئێپۆس ئیلهام لەکات وەردەگرێ" (گۆڤاری"لە پلەی ئەدەبیدا" ١٩٢٧، ژ٤، ل٧٤). ئەو هەمیشە دەیویست بۆ کات ئاوەڵا بێ. ئەو هەڵێکی دوای ئەوە بوو لە لیریکەوە بۆ ئێپۆسو لە شیعرەوە بۆ پەخشان بڕوا. بەڵام ئێپۆسەکەشی هەر لیریك ئامێز

بوو، پەخشانیشی- شیعری بوو. ئەم یاخیبوونەی دژی هەموو شتێکی چەوتو سستو نەجولاو بوو، ڕاپەڕین بوو لە دژی هەموو ژانرێکی وەستاوو سنووردار. هەر لەبەر ئەمەش پاسترناك کوڕی سەردەمی خۆی بوو، ڕۆژگاری سێ شۆڕش، ئەوانەی نەك هەر دەوڵەتی کۆن، بونیادی کۆنی کۆمەلایەتی، بەڵکو هەموو شوورە جیاکەرەوەکانیان ڕووخاند، کاتێ هەموو شتێ کەوتبووە جموجۆڵو هەژان.

ناتوانین لە دووری کات، لەدووری شۆڕشو جەنگەوە لە پاسترناك بگەین "من بووم بە بەشێك لە ڕۆژگارو دەوڵەتەکەم، هەموو بەرژەوەندییەکانیشی بوون بەهی من".

پاسترناك ئەمەی لەو نامەیەدا نووسیووە کە ڕۆژی ٢٥ دیسەمبەری ١٩٣٤ بۆ باوکی ناردووە. زۆر زوو لە زمانی هونەری پاسترناکدا ئەمانە پەیدابوون "ئاسمانە مانگرتووەکان" "یاخی بوونی سەربازو تریفەی هاوینان".

خانووی کۆنی ڕابووردوو داهاتوو دەڕازێنێتەوە. کرێملن مۆسکۆ ١٩١٨.

هەڵدەگیرێ، بە هەڕەشەوە، بە پەلامارەوە

لە نێوانی ئەوەوە کەنەبووە بە (١٩)

سرووشت خۆشی گیانێکی شۆڕشگێڕی تێدا پەیدادەبێ. لە هاوینی بەناوبانگی ١٩١٧دا نووسیوویەتی: "لەماوەی نێوان دوو شۆڕشدا وا دیاربوو، کە ڕێگاو دارو ئەستێرەش لەگەڵ خەڵکەکەدا کۆڕیاندەبەستو دەدوان. لەمپەڕەوە تا ئەوپەڕ کەشو هەوا بەدرێژایی هەزار فرسەخ گەرمیی ئیلهام

داگیریکردبوو، کەسایەتیی بەناو و دەنگ بوو، نیگا ڕوونو ئیلهامبەخش بوو". (ئارکیفی ن.ب.بانیکۆف).

ئاسەواری با لە قسەو باسی

کۆڕی هەژاوی

درەختە قەد قڵیشبووەکاندا دەژی

لە ڕەتکردنەوەی بوونی شیعری خلیستاکۆفدا پاسترناك نووسیوویەتی: "شیعر بە بۆچوونو تێگەیشتنی من لە مێژووەوە بە هاوکاری لەگەڵ ژیانی واقیعیدا بنەوان دەگریو پێیدا تێپەڕی". ("قەواڵەی ئاسایش") بەشی٣، ٨)

زمانی هونەریی پاسترناك بە ناوەڕۆكو ڕووخسار لەگەڵ ستیلی شۆڕشدا ڕێکدەکەوت: شۆڕشی یەکەمی ڕووسیا، جەنگی یەکەمی جیهانی، سەرەتای شۆڕشی دووەمو شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوون. واقیعی ئاسایی بیروهۆشی داگیردەکرد. کرێکاران دەورو خولی کۆشکەکانو- جوتیاران هی تەلاری موڵکدارەکانییان دەکردەوە. لە کۆشکی زستانەی قەیسەردا، کرێکارە لاوەکان ئێوارە سەمایان ڕێکدەخست،ماڵو تەلاری موڵکدارەکان دەبوونە قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەوارىو ئەڵقەی چالاکییە شەخسییەکان. واقیع بە شێوەیەکی ئاهەنگئامێز شەقڵی دەبەستو شێوازی وەردەگرت. ئاهەنگو ڕۆژی شۆڕش یەك بەدوای یەکدا دەهاتن، بۆ گرتنی باستیل، ڕۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو یەکی ئایار جەژن دەکرا. ئاپۆڕەی خەڵك بە پانتۆڵی سوورو سەوزی ڕازاوەی پێیانەوە، کە لە قوماشی سەر مێزی نووسینی بیروکراتەکان یان لە وێنەی مەخمەڵی ماڵە بۆرژواکانەوە هێنرابوون. هەروەها هەژارانی دەرەوە کە گواسترابوونەوە بۆ ناو ئەو (ماڵانە)، لە ڕۆژانی ئاهەنگی

جەژنەکانی شۆڕشدا پێشوازی ئەستێرەبارانی سارووخە جەنگییەکانیان دەکرد.

تاڵەداوی بینراوو نەبینراوی نێوان ئەو واقیعە شۆڕشگێڕییەو ئەو واقیعەی بە شێوەیەکی زاڵ بەرهەمی پاسترناکی گرتبۆوە، لەگێ بڕگێدا بوون.

پەخشان لای پاسترناک دیاردەیەکی ڕاگوزاری نەبوو، شتێکی پلە دوو نەبوو. لە نامەیەکدا بۆ ئی.د.ڕۆمانۆڤ لە ٢٤ی دیسەمبەری ١٩٥٩دا پاسترناک ئاوا دەربارەی پەخشان دەدوێ: "لە هەمووشتێك گرنگتر لای من ئەو ئاگادارییەتە دەربارەی ئەوەی بۆچی گۆگۆل عەقڵی تێکچووو بەدەست چییەوە ئازاری دەچەشت: ئەوەی کە پەخشانی هونەری ڕاستەقینە دەبێ چی بێ، ئەمە چ هونەرێکی سیحراوییە، کە لە ئاستی کیمیادایە... کاتێ کارامزین ویستی ستایشی شیعری ڕەسەن بکات وتی: "Beau comme la prose".، ڕەنگە مەبەستی لەمە پێدا هەڵگوتنی شیعری پووشکینی لاو بووبێ" (٢)

د.س.لیخاچۆف

* ئەمە ئەو پێشەکییەیە کە زانای هەرەناوداری ڕووس د.س. لیخاچۆف بۆ چیرۆک‌و پەخشانەکانی ل.ب. پاسترناکی نووسیوە، کە بەرهەمەکانی ساڵانی ١٨٩٠-١٩٦٠ی گرتۆتەوە، هەروەها ئەم کتێبە هەندێ بەرهەمی بڵاونەکراوەی پاسترناکی ساڵانی ١٩٦٢-١٩٤٥ی گرتۆتە خۆ.

وەرگێڕ

بڕوانە: بۆریس پاسترناک. ڕێگا هەواییەکان. پێشەکی د.س. لیخاچۆف، مۆسکۆ، ١٩٨٣. ل٣-١٧)

** قەباڵەی ئاسایش. ئەمە چیرۆکێکی درێژە کە پێشکەشی ڕیلکەی شاعیری ئەڵمانی کردووە. لە هەندێ زماندا بە (نامەی گەرەنتی) وەرگێردراوە. بەڵام "تا قەواڵەی خوێندەوە" لە کوردیدا هەیە و ناونیشانە ڕووسیەکەش ئەمە دەگەیەنێ.

*** هێڵکاری ئاپێللێس. ئاپێللێس نیگارکێشێکی (ئەفسانەیی) یۆنانییە، کە لەگەڵ زیڤیکسیسدا لە ڕکە بەریدا بوون. جارێک ئەم لەماڵ نابێ ئاپێللێس ئەم هەلە لەکیس خۆی ناداو هێڵکاری خۆی لەسەر ئەو بەردە کە زیڤکسیس فاڵی پێدەگریتەوە دەکا. ئەمیش تۆڵەی لێدەکاتەوەو کە ئەو لەماڵ نابێ نیشانەیەکی بۆ بەجێدێڵێ.

(١) لە هەبوونی تایبەتمەندی منداڵو زانا لە شاعیرێکدا پاسترناک دەڵێ: "وەک منداڵێکی دەساڵانە (منداڵێک تەمەنی دە ساڵ بێ د.ل) سرووشت کراوەتەوە. وەک حەزو ئارەزووی یەکەم لە وەڵامی ڕووەکێکی پێنج پەڕەییدا ڕووەکناسێک پەیدا بووە. وەک ناوێک، بەبێ پرس بۆ لای لینیۆ تاودەدەین، کوتومت لە نەناسراوییەوە بەرەو سەرووەری ("قەباڵەی ئاسایش") (بەشی١، ٢)

(٢) دەقی ئەم نامەیەو ئەوانی دیش کە لەم باسەدا هێنراونەتەوە، لە ئارکیفی ب.ل.پاسترناکەوە وەرگیراون.

# پۆڵ- ماری ڤێرلین*

**نووسینی ب.پاسترناك**

سەد ساڵ لەمەوبەر، ٣٠ی مارتی ١٨٤٤، ئەم شاعیرە لیریکە گەورەیەی فەرەنسا لە شاری میتسی لەدایك بووە، چییە وایکردووە، لەم ڕۆژە بەتینانەدا، لەناوجەرگەی جدییەتماندا، لەبەر ڕۆشنایی سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانماندا ئەو وا ئێمەی بەخۆیەوە خەریك کردووە.

ئەو تۆمارێکی گەشەداری ڕابووردوو و پێشڕەوانەی بە ڕۆحو دەربڕینەوە بۆ بەجێهێشتووین، کە وەك دوا بەرهەمەکانی بلۆك، ڕیلکە، ئیپسن، چێخەف، و نووسەرانی تازەی تر وایە، هەروەها ڕەگی نزیکایەتیی قووڵڕۆچووی لەگەڵ نیگارکێشانی ئیکسپریسیۆنی فەڕەنسا، وڵاتەکانی سکاندناڤیاو ڕووسیادا هەیە.

هونەرمەندێکی وەکو ئەم، بە واقیعێکی نوێی شار دەورەدرابوو، کە لەوەی پوشکین، مەریمیو ستانداڵ جیاواز بوو. سەدەی نۆزدەیەم لە گەشەسەندندا بوو و بەرەو کۆتایی خۆی، بەو هەموو گرۆزیو هەیتو هووتی پیشەسازی،گەردەلوولی پارەو کۆمەڵ کە پێکهاتبوو لە قوربانی لە لایەكو لە نازو نیعمەت {لەلایەکی ترەوە} دەڕۆیشت. تازە شەقامەکان قیرتاودەکرانو بە گاز ڕووناك دەکرانەوە. بەسەریانەوە کارگەگەلێکی یەکجار زۆری وەك کارگە دۆمەڵانە، هەروەك ژمارەی زۆری لەحەدبەدەری ڕۆژنامەکان هەڵدەتۆقین، زۆر بە فراوانیو چاکی هێڵی ئاسنینیش بڵاودەبوویەوە، کە

بووبووە بەشێك لە بوونی هەموو منداڵێك، بە شێوەی جیاجیا، بەوەوە کە ئاخۆ منداڵی خۆی لە شەمەندەفەرێکدا، کە بە کەناری شەوی شارێکدا تێدەپەڕی، دەفڕی یان شەمەندەفەری شەوانە بە کەناری لانەوازو هەژاری دەشتی منداڵییدا دەفڕی.

سێبەری سەر ئەم شەقامە بە جۆرێکی نوێ ڕۆشنکراوانە، وەك هی ڕۆژگاری بەلزاك نەبوو، بەشێوەیەکی نوێ بەسەریدا دەڕۆیشتن، دەیانویست بە تەبایی لەگەڵ سروشتدا بە شێوەیەکی نوێ نیگار بکێشن.

لەگەڵ ئەوەشدا شتی تازەو گرنگی ئەم شەقامانە هەر گلۆپو وایەری تەلەگراف نەبوون! بەڵکو گەردەلوولی شیعری زاتی سرف بوو، کە بەسەریاندا {ڕادەبوورد} هەروەك چۆن بای پاییز بەوردی گەڵای سەر بولڤارەکانی ڕاودەنا، یان هەژاریو کۆکەڕەشەو لەشفرۆشتنو شتی تر لە جوانییەکانی! ئەو ڕۆژگارە بوون. ئەم گەردەلوولە دەپرژایە چاوی هەموو کەسێکەوەو ناوجەرگەی تابلۆکە بوو. لەبەر ئەم بایەدا بزووتنەوەی کرێکاران پێی دەنایە قۆناغی هۆشیارییەوەو هەناسەکانی بووبوونە گۆشەنیگای هونەرمەندە تازەکان.

ئەوان بە زەیتو نوقتەو بە توێکڵو نیوە دەنگ دەیاننووسی، نەك لەبەرئەوەی خۆیان وایاندەویست سیمبۆلیست بوون، چونکە سیمبۆلیست واقیع بوو، کە هەموو لە ڕاگوزاریو گۆڕینو وێڵبووندا بوو، هەموو ئەو شتانە زیاتر مانایان دەدا، نەك پێکیاندەهێناو زیاتر نیشانەو ئالابوون، نەك هۆی ڕەزامەندی بن. هەمووی جێگۆڕکێی دەکردو ئامێتە دەبوون، کۆنو نوێ کەنیسە، درەخت، شار، گەلان.

ئەمە گێژاوی بە مەرج بوو لە نێوان بێمەرجیدا جێهێڵرابوو و نەگەیشتبووە مەبەست، هەست پێکردنێکی دووری هەرە بنەڕەتیترین بایەخ‌و گرنگی سەردەم- سۆسیالیزم‌و ڕووداوە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ڕووسی بوو.

ئەئاوا ئەلیکساندەر بلۆکی ڕیالیست تابلۆی هەرە بەرزو تاقانەی لێکچوو و نزیکی پیتەربورگی لەم جم‌وجووڵە گەورەدا نیشانداوە، ڤێرلینی ریالیستیش بەهەمان شێوە هەڵس‌و کەوتی کردبوو، لە باوەڕو ڕەوشتی شەخسیی ڕێگە پێنەدراوی خۆیدا، دەوری بنەڕەتیی مێژوویی ڕۆژگارو هەل‌و مەرجی دەرخستبوو، کە لەناو جەرگەیدا هەڵئەنگوتن‌و ئازار ڕێچکەیان دەبەست.

ڤێرلین کوڕی کۆلۆنێلێکی زوو کۆچ کردووبوو، خۆشەویستی دایکی‌و تۆقی ژنان بوو، هەر بە منداڵی لە لادێوە بۆ خوێندن نێردرایە قوتابخانەیەکی داخراوی پاریس. شتێکی لەیەکچووی لەگەڵ ژیانی لێرمەنتۆڤدا، هەیە، کەلە پاکیی کۆتر ئاسادایەو لە کۆڕی ژنانەوە، هەروەك لە چارەنووسی داهاتوویدا لەناو هاوڕێ بەڕەڵاکانی پاریسدا بەدەستیهێنابوو. دوای خویندن تەواو کردن بوو بە فەرمانبەر لە شارەوانی.

ساڵی ١٨٧٠ لەناو هێزەکانی سوپادا لە پاریس بوو بە سەرباز. ژنی هێنا، ڕاپەڕین چریکەی دەهات، لەبەشی چاپەمەنی کۆموونەدا کاری دەکرد. ئەمە کاری کردە سەر چارەنووسی، لەدوای گێڕانەوەی باری ئاسایش ئەویان دەرکرد. دەستی دایە خواردنەوە. لەم کاتەدا چارەنووس بلیمەتێکی نەگریسی بۆ ڕەوانە کرد- کە بە شێوەیەکی پەڕجوودار بەهرەی هەبوو، هەروەها یاخی بوو مەبەست لە شاعیری ڕەسەن‌و هەرزەکار- ئارتۆر ڕامبۆیە. ئەرکی ئەم لە شارلیکروا "تازە دەست پێکردووەی" گرتە ئەستۆی‌و لە پاریس ناونووسی

کرد. {واتە بۆ نیشتەجێ بوون}. کاتێ ڕامبۆ گواستییەوە بۆ لای ڤێرلین‌و لای ئەو جێگیر بوو، ژیانی ئاساییان کۆتایی هات. چارەنووس‌و بوونی دواتری ڤێرلین نووقمی فرمێسکی ژن‌و منداڵەکەی بوون. گەڕاڵیی ڕامبۆو ڤێرلین دەستی پێکرد. ئیتر ئەم دەستی لە ژن‌و منداڵەکەی هەڵگرت. لە ڕێگا گەورەکانی فەرەنساو بەلچیکادا، ژیانییان بەدمەستی بوو، لە لەندەن بە کولەمەرگی‌و نیوەبرسییەتی بەو کارە هیچە کە چەند پوولێکی دەدانێ، دەژیان. شەڕ کردن لە شتووتگارت، بەندیخانەو خەستەخانە...

جارێکیان لە برۆکسل دوای شەڕێکی قورس، ڤێرلین کەوتە دوای ڕامبۆ، کە لێی هەڵدەهات، دوو گوللەی بەدوایدا تەقاندو برینداری کرد. ڤێرلینیان دوو ساڵ لە زیندانی مونسیدا بەندکرد.

دوای ئەمە ڕامبۆ ڕووی کردە ئەفەریقا بۆ ئەوەی هەندێ ناوچەی مێنیلکی حەبەشە، کە لەوێ خزمەتی {سوپایی} دەکرد، بخاتە ژێردەستی خۆیەوە، ڤێرلینیش لە بەندیخانەدا یەکێك لە جوانترین کۆمەڵە هۆنراوەکانی خۆی نووسی.

زستانی ١٨٩٦ مرد، هیچ شتێکی تازەی نەخستە سەر ئەو بەخ‌و ناوبانگە لە مێژینەی خۆی، کە بەحەزو بایەخ‌و سەرسوڕمانی لاوان‌و ئەوانەی لاساییان دەکردەوە، دەورەدرابوو.

ڤێرلین زۆر زوو دەستی داوەتە نووسین، یەکەمین بەرهەمی "شیعری کەیوانی" لە کۆلیجدا نووسی. لایەنی هونەریی شیعری فریودەری ئەو، وەك ناونیشانی هەندێ لەبەرهەمەکانی وەکو "گۆرانی بێ وشە" (ناونیشانە بۆ بەرهەمێکی نووسراوی کە زۆر دەرزی ئاژنکەرە). ئەمانە خەڵکیان بۆ بیری

ناڕاست ده‌برد. ده‌كرێ بیر بۆ ئه‌وه‌ بچێ، كه‌ ئه‌و گاڵته‌ به‌ ستیل هاتنه‌ی ئه‌و بانگه‌شه‌ی بۆ ده‌كرد، ئیلهامی هه‌وڵدانێكه‌ گوایه‌ "مۆسیقایی"یه‌ (كه‌ كه‌م كه‌س لێی تێده‌گا)و ئه‌و لایه‌نی بیرو هێڵكاری ده‌كاته‌ قوربانی ده‌نگسازی. ئه‌مه‌ وا نییه‌و هه‌ر ته‌واو به‌پێچه‌وانه‌وه‌یه‌. وه‌ك هه‌موو هونه‌رمه‌ندێكی گه‌وره‌ ئه‌و "كاری ده‌خواست، نه‌ك وشه‌"، له‌ هونه‌ری وشه‌ش، به‌ واتایه‌كی تر ئه‌و ده‌یویست كه‌ شیعر به‌ ڕاستی هه‌لگری ئه‌و هه‌ستو نه‌سته‌ بێ كه‌ هه‌بوو یان شایه‌تیی ڕاسته‌قینه‌ی چاودێریكه‌رێك بێت.

سه‌یركه‌ چۆن له‌م باره‌یه‌وه‌، له‌و شیعره‌ به‌رزه‌یدا: "هونه‌ری شیعر"، كه‌ ده‌دوری خۆی بۆته‌ بانگه‌وازی ناڕاسته‌وخۆییو "به‌ ئاوازه‌ییو ناسك وازی"..

ئای، ئه‌گه‌ر له‌ یاخیبووندا له‌ دژی دابو ده‌ستوور،

تۆ قافییه‌ی ڕه‌وه‌شتت زیاد بكردایه‌.

یان دواتر:

ده‌با له‌ شیعری تۆدا، له‌ پرشو بڵاوبوونه‌وه‌دا،

له‌ دووری ڕه‌نگدانه‌وه‌دا،

ئاسمانێكیترو خۆشه‌ویستی ببریسكێنه‌وه‌،

ده‌با ئه‌و گێلییه‌تی بدركێنێ،

هه‌موو ئه‌و شته‌ سه‌یرانه‌ی له‌ تاریكیدایه‌،

به‌ر به‌یانی بۆ كۆده‌كاته‌وه‌و

شتەکانی تریش- ئەدەب.

ڤێرلین هەقی بوو ئاوا بدوێ. ئەو لە شیعرەکانیدا لاسایی زەنگۆڵەکانی دەکردەوە، بۆن‌و بەرامەی شینایی وڵاتەکەی دەگرت‌و بە هێزی دەکرد، زۆر بەچاکی شەڕی بە باڵندەکان دەفرۆشت، لە بەرهەمەکانیدا هەموو لێڕژانی هێمن‌و ئارامی، ناوەوە دەرەوەی بەگیر دەکەوت، خامۆشی ئەستێرەی زستان‌و کاسبوونی گەرمای نیوەڕۆیەکی هاوینی دەردەبڕی. کەم کەس وەك ئەو توانیویەتی ئازاری بە سوێ‌و نە بڕاوەی زاڵیی دەستەڵات لە دەست دان، هی هەر شتێ بێ، هی خودان ئەوەی هەبوو و نەما، یان هی ژنێك ئەوەی کە دڵی گۆڕی، یان هی شوێنێك کە لە هەموو شتێك بەنرخ ترەو دەبێ بەجێبهێڵی، یان لەدەستدانی ئارامی‌و هێوری.

دەبێ کێ بی کە، هونەرمەندێکی گەورەو سەرکەوتوو بێنێتە بەرچاوی خۆت: منداڵێکی بەناز، منداڵێکی گڕۆزو بەدخوو، کە نازانێ چی دەکا. هەروەها ئێمە ئاوەزامان ئەوەندە نییە کە هۆشی هەڵۆ ئاسای بلۆك، هەڵس‌و کەوتی مێژوویی ئەو، هەستی گونجاوی دنیای ئەو بنرخێنین، کە لە بلیمەتی دانەبڕاوە. نە ء، ڤێرلین زۆرچاك دەیزانی ئەو پێویستی بە چییەو شیعری فەرەنسی لە چی کەمە، بۆ ئەوەی دەربڕینی ئەو زریانە تازەیە بێ کە لە دڵ‌و شاردا هەڵیکردووە، ئەوەی کە پێشتر باسمان لێوە کرد. لەهەر پلەیەکی سەرخۆشی یان ملهوڕیدا لە پێناوی نازو لەزەتدا هەستی دەگەیاندە سنوورێکی نەبەزێنراوو بیریش بۆ لوتکەی ڕۆشنی‌و ئاشکرایی، ئەو ئازادییەکی بێسنووری دەدایە ئەو زمانەی پێی دەنووسی، ئەمە داهێنانێکی ئاوازەی ئەم بوو لە لیریکدا، ئەوەی تەنیا لە پەخشانە دیالۆگی شاوەستاکانی

ڕۆمانو دراما‌دا هەیە. فرازێکی پاریسی بە هەموو دەست لێنەدراویو گونجاویو ئەفسوونییەوە، بەبێ تۆزە گۆڕانێك لە شەقامەکانەوە باڵی دەگرتو بە تەواوی دەچووە قاڵبی دێڕێکەوە، وەك کەرەسەیەکی میلۆدیی بونیادی بەرهەمێکی دواترەوە. جوانیی بەرهەمەکانی ڤێرلین لەم چوونە پێشەوەو خۆڕسکیو لە خۆوەییدایە، پێکهاتی زارەکانی زمانی فەرەنسی لای ئەو لە یەك دانەبڕاوبوون.

ئەو دەربڕینانەی بەکاریدەهێنان . درزی تینەدەکردنو دوایی لێکیان بداتەوەو بیانخاتە ڕوو.

ئەگەر هەمووش نەبێ زۆربە ساکارو ئاسایین، ئەوان سادەن لە هەنگاوە هەوڵینەکاندا، کاتێ ئەمە کاری ویژدانییانە، بەڵام لیرەدا سەرنجڕاکیش ئەوەیە، ئاخۆ بەراستی ساکارن یان بۆ چاوبەست وا دەکەن. ئەم جۆرە ساکارییە قەبەکراوە بە هیچ شێوەیەك داهێنان نییەو چ پەیوەندییەکی بە هونەرەوە نییە. ئێمە باس لە ساکاری ئیدیالیو دوایی نەهاتوو دەکەین. ڤێرلین ئەم جۆرە ساکارییەی هەبوو. لە ڕاستگۆییو خاکییەتیدا کە هەر لە خۆوە بوو، کەس شان لە شانی موتسی ڤێرلین نادا، هەر لە جێوە }دەڵێین{ کە لە قسەی زارەکیدا ڕاستگۆو تەبیعی بوو، ساکار نەبوو بۆ ئەوەی باوەڕی پێبهێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕێ لەو دەنگی ژیانە نەگرێ، کە لە ئەوەوە بەرزدەبوویەوە. هەر ئەمەش بە تایبەتی وایکرد ، ڕێگە بە خۆمان بدەین کە دەربارەی سنوورداریيەتی کاتو شوێن بدوێین.

١٩٤٤

*ئەم پۆرترێتەو ئەوەی شۆپینم بۆ وەرگێڕان هەڵبژارد کە بۆ یادی سەدساڵەی لەدایک بوونیان نووسراون. ڕاستییەکەی ئەم کۆمەڵە پەخشانەی پاسترناک "ڕێگا هەواییەکان"، هەندێکیان چیرۆکی کورت‌و درێژن، بەڵام من ئەم جۆرە ژانرەم، مەبەستم لە کێشانی پۆرترێتی نووسەرێ، هونەرمەندێ بەلاوە بۆ ئێمە گرنگتر بوو، بۆیە کردمن بە کوردی.

# شوپین

**نووسینی: ب.پاسترناك**

## (١٨١٠-١٨٤٩)

-١-

ئاسانه له نیگارکێشان، هونەردا که به بینین ڕوو له جیهانی دەرەوەدەکەی ڕیالیست بی. بەڵام ڕیالیزم له مۆسیقادا چی دەگەیەنێ؟ له هیچ کوێیەك، مەرجداریو سۆزداری {وەك له مۆسیقادا} چاوپۆشی لێ ناکرێ. له هیچ مەیانێکی داهێنان، له هیچ کوێیەك ئاوا گیانی ڕۆمانتیزم وەك ئەوێ نادرەوشێتەوە. هەمیشەش ئەمە دەلوێ، چونکه به هیچ شتێك تاقینەکراوەتەوە، ئەمە سەرەتای کەڵەوکێشییە. هەرچەندە لێرەشدا پابەندی دانسقەییە. ئەوانە زۆرن مێژووی مۆسیقا پێکدێنن. لەمەشدا دانسقەی دانسقان هەیە. ئەمانە دوانن باخو شۆپین.

ئەم دوو کۆڵەکە سەرەکییەی، داهێنەرانی مۆسیقای ئامێر، پاڵەوانی دروستکراو نین، باڵای فەنتازین. ئەمانە داهێنەری ڕاستەقینەن له بەرگی تایبەتی خۆیاندا. مۆسیقای ئەمانە به شێوەیەکی به پێزو بەرێژەن به شێوەیەکی فراوان ئینتباعی ژیاننامەیان بەرهەم دەهێنێ. واقیع زیاتر له هەر

کەسێکی دی، لای ئەمان لە ڕێگەی دەنگەوە بەرزدەبێتەوەو سەردەکەوێتە سەرەوە.

کاتێ باس لە ریالیزم دەکەین لە مۆسیقادا، هەرگیز مەبەستمان سەرەتای نیگاری مۆسیقای وەك ئۆپێرا، یان پرۆگرام نییە. باس هەر تەواو دەربارەی شتێکی ترە.

لە هەموو شوێنێ، لە هەر بابەتێکی هونەردا، ڕیالیزم بەلای زۆرەوە، نوێنەری ڕێبازێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پلەیەکی تایبەتی هونەرە، کە بەرزترین ئاستی وردیی دانەرە. ریالیزم زیاتر، ئەو پێوانە بڕیاردەرەی وردەکاریی داهێنانە، کە داوای لە هونەرمەند نە یاسا گشتییەکانی جوانیناسیو نە گوێگرو سەردەمەکەیەتی. هەر لێرەدا هەمیشە هونەری ڕۆمانتیزم دادەمەزرێو بەمەش قایل دەبێ. ئای کەچەند ئەرکی ئەم گەشانەوەیە سووکە! لە ژێر فەرمانیدا جۆشێکی شەڕانیو قوڵییەکی ساختەو نزمترین توانا هەن-، هەموو شێوازەکانی هونەراندن لە خزمەتیدان.

هەر تەواو لە هەلو مەرجێکی تردا هونەرمەند- ریالیستە. چالاکی ئەو- خاچو پێشتر دیاری کردنە. نە سێبەری ئازادیو نە هیچ شادییەکە. یاری بکاو ڕاببوێرێ، کاتی داهاتوو خۆی یاری بە ئەو دەکات، کاتێ ئەم بووە بە بووکڵەی ئەو.

پێش هەموو شتێك. چی هونەرمەند دەکات بە ڕیالیست، چی ئەو دروست دەکات؟ سەرنجو ڕوانینی ڕۆژگاری منداڵی- لامان وایە- هەروەها کردەوەو ڕەوشتی باشی کاتێ کامڵبوون. ئەم هێزە دەخەینە کار کە بە هونەرمەندی ڕۆمانتیکی نامۆیەو هیچ مەرجیش نییە پابەندیان بێ. بیرەوەرییە

تایبەتییەکانی لە مەیانی دۆزینەوەی تەکنیکدا، ئەوانەی بۆ داهێنان پێویستن، ڕاوی دەنێن.

ڕیالیزمی هونەری – بەلای ئێمەوە- قووڵایی جێپەنجەی ژیاننامەیە، کە بۆتە هێزی بنەڕەتیی بزوێنەری هونەرمەندوهاندەری بۆ ڕەسەنایەتیو نوێخوازیو ڕەسەنایەتی.

شۆپینیش بەو مانایە وەك لێف تۆڵستۆی ڕیالیستە. بە ئاشکرا بەرهەمەکانی دیارن ڕەسەنن، نەك لەبەرئەوەی لە هی کێبڕکێکەرەکانی ناچێ، بەڵکو هاوئانگە لەگەڵ ئەو تەبیتەدا کە پێی دەنووسی. هەمیشە بەرهەمی }هەڵقولاوی{ ژیانی خۆیەتی، نەك لەبەر خۆپەرستی، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەك هەموو ڕیالیستە گەورەکانی تر، شۆپین خۆی بە ئامێرێکی ماریفەت سەیر دەکرد، وەك هەموو ژیانێك لە دنیاداو بە تایبەتیش ئاوا ژیانی شەخسی خۆیو بوونی بێگوێپێدانو لێکدانەوە بەسەر دەبرد.

-٢-

هۆی بنەڕەتیی لای شوپین زمانێ بوو، کە هەموو شتەکانی گرتبووە خۆ، ئەو هەرچی بویستایە بیلێ، بە میلۆدیاکەی دەیگوت، کە لە هەموو ئەوانەی ئێمە دەیزانین، ڕەسەنو بە سۆزو بەهێز تر بوو. ئەمە مۆتیڤی میلۆدیایەکی کورتی کۆپلێت ئامێز نەبوو، هاواری دووبارە بووەوەی ئۆپێراش نەبوو، کە بێ برانەوە هەمان دەنگی تێدا دووبارەبێتەوە، ئەمە بیرێکی گەشەسەندووی بەرەو پێشەوەچووی، وەك ڕەوتی چنراوی چیرۆکێك، یان ناوەڕۆکی مێژوویی هەواڵێکی گرنگ وابوو.

ئەمە بە هێز نییە هەر لەبەر ئەوەی کارمان تێدەکات، بە هێزە بەو مانایەی، کە شۆپین و {دەردی} شەیتانەکانی زۆرداریی {ئەم هونەرەی} خۆی چەشتووەو شوێن هارمۆنیاو تایبەتمەندیی هەموو وردیو ئاڵۆزیی ئەم خوێندەوارییە سەختو سەر بە مرۆڤ دانەوێنەرە کەوتووە.

بۆ نموونە، بابەتی سێیەم، پارچەیەکی مۆسیقی E-durەو ئەمەش شانازی گەورەترین کۆمەڵە گۆرانییەکانی شۆمانی، لە چارەسەرکردنێکی گشتی هەمەڕەنگدا، بۆ دەستەبەر دەکرد. بەڵام نە ء! ئەم مێلۆدیایە بۆ شۆپین نوێنەری واقیع بوو، کە لە پشتیەوە وێنەیەکی واقیع یان ڕووداوێك هەبوو (کاتێك قوتابییەکی خۆشەویستی ئەم ئاوازەی لێ دەدا، شۆپین دەستە قوچاوەکانی بەرز دەکردەوەو هاواری کرد: "ئای، وڵاتەکەم!"، ئە ئاوا، زیاد کردن تا ئەو سنوورەی کە ئیتر زیادی نەدەویست ڕادەبووردو ئاوازی بۆ دادەنا، تا دەگەیشتە دوا نیوە دەنگ بۆ هەڵبژاردنی چرکەو ئاوازی سێیەم، بۆ ئەوەی دڵسۆز بێ بۆ هەموو هاژەو سەرڕێژەی ئەو بابەتە ڕامالکەرە، بۆ ئەم شانمونەیە، بۆ ئەوەی لە ڕاستی لانەدا.

یان gis-mollی هەژدەیەمینی ئیتۆد لە سێیەمینیدا لەگەڵ ڕێگا زستانەکەدا (ئەم ناوەڕۆکە زۆرجار C-durی حەوتەمین ئیتۆد وەسپ دەکات)، میزاجێکی خەمناکی شۆبێرت، بە زیانێکی کەمترەوە بەدەست بهێنێ. بەڵام نەء! ئەم دەربڕینانە هەر هی نقوم بوونی پەتی خلیسکێنەکانی نەبوون، بەڵام نیشانە تیرەکانی ڕێگا هەمیشە لاریی لووکە سەر ئاو کەوتووەکانی دەسڕییەوە. لە ژێر گۆشەیەکی تردا ئاودیوی ئاسۆی خۆڵەمێشی- ڕەش دەبوو، ئەم نیگا بەسەختی بەدەستهاتووەی لێکدابڕان، هەر دەبوو شتێکی ئاوا

بخاتەوە، بلاّچەیەکی ڕەنگی لەگەڵ ڕۆچووندا، زایەڵەی کلیلی مۆسیقا خامۆشبووەوەکەی دەمراند.

یان لە گۆرانیی جندۆلدا سەرنجێك هەیە کە هاوجووتی "گۆرانیی جندۆلەکانی ڤینێسیا"ی میندیلسۆن بوو، لەوە بوو ڕێگایەکی خاکییانەتر وەدەستبهێنرایە، ئەو کاتە بەتایبەتی ئەو نزیکییە شیعرییە ڕووی دەدا، کە باوەڕ لەگەڵ ئەم ناونیشانەدا پەیوەندیدارە. بەلاّم نە ! زەیتییەکان جوغزیان دەبەستو ئاگری کەنارەکان بەچواردەوردا بلاّودەبوونەوە لە ئاوە ڕەشە پێچخواردووەکاندا، شەپۆلەکان، خەڵك، ڕووبارو بەلەم، بەیەکدا هەڵدەپرژان، بۆ ئەوەی ئەمە دەرببڕدرێ، گۆرانییەکە خۆی، وەك هەیە لەگەڵ هەموو ئاوازە یەك بەدوای یەکدا هاتووەکان، یان لە نزمەوە بۆ بەرز، یان هەموویان بەیەکەوەو وەك حەوزێکی تەواو بەرزو نزم دەبێتەوە، (دەفڕێ)، لە خاڵە ئۆرگانییەکاندا، هارمۆنیای لە خۆوەی، لەرزینی کلیلی مۆسیقاکەی، بە شێوەیەکی کەڕو بێدەنگ کپ دەکرد.

هەمیشەش لەبەر چاوی گیان (ئا ئەمەش دەنگە) یان جۆرە مۆدیلێکە، کە پێویستە لێی نزیك بێتەوە، خۆی بگەیەنێو هەڵیبژێرێ. لە خرمەی دلۆپە بارانێك لە پێشەکی Des-dur یێك، لەمەوە مۆسیقای تیپی سوارەیەك، لەگەڵ جۆقی مۆسیقایەکی ئیسکاردۆن و ئیستەراد بەیەکدا هەڵدەپرژێ لای گوێگر لەگەڵ سەمای پۆلۆنیز (سەمایەکی پۆلۆنیە)دا، لەمەوە تاڤگەکان نارژێنە ڕێگا جیاییەکان لە بەشی کۆتایی سۆناتەی h-moll دا، لەمەوە، لەکاتی هەژانی شەوانەدا لەناو جەرگەی هێمنیو سەلاریی پارچە مۆسیقایەکی F-dur دا لە خۆیەوە پەنجەرەیەك لەسەر باخاتێك دەکرێتەوە.

-٣-

شۆپین سەفەری دەکرد، ئاهەنگی دەگێڕا، نیوەی ژیانی خۆی لە پاریس بەسەربرد. زۆرکەس دەیانناسی. کەسانی پێشڕەوو ناوداری وەك هینریش هاینە، شومان، جۆرج ساند، دیلاکروا لیستو بیرلیۆز دەربارەی دواون‌و ستایشیان کردووە. لەم هەڵسەنگاندنانەدا گەلێ شتی بەنرخ هەن، بەڵام باس‌و خواسی زیاتر دەربارەی (ئۆندین) ("پەری ئاو")و گیتاری ئایۆلۆف ("خودانی با") و داوەتی دڵدارانەیە، کە دەبێ بۆچوونێکمان دەربارەی بەرهەمەکانی شۆپین‌و چۆنییەتی ئاواز لێدان‌و ڕووخسارو کەسایەتی ئەوا لا پەیدا بکەن. ئێستا مرۆڤایەتی بە چ شێوەیەکی ناڕاست‌و بێسەروبەر شاگەشگەیی خۆی دەردەبڕێ! ئەم مرۆڤە لە هەموو شتێ کەمتر پەری ئاوو سەمەندەری تێدابوو، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی چڕو گەشەسەندوو پەروانەو (ئێلف) ("فریشتەی ڕۆحی سروشت")ی ڕۆمانتیکی بە دەوری میوانداریی گەورەی دنیایی ئەودا سوڕیان دەخوارد، کاتێ ئەو لە پیانۆکەیەوە بەرز دەبوویەوە، بە توێژە بڵاوبووەکانیدا تێ دەپەڕی، بە شێوەیەکی بلیمەتانەو تایبەت‌و دانسقە، کە گاڵتەئامێزییەکی شاراوەی گرتبووە خۆ، تاسەر ئێسقان ماندوو بوو بوو، شەوان دەینووسی‌و بە ڕۆژیش خەریکی دەرز وتنەوە بوو بە قوتابییەکانی. دەڵێن زۆرجار دوای ئەم ئێوارە کۆڕانە، بۆ ئەوەی شەکەتی‌و ماندوویی لە بیری دەورو بەرەکەی بباتەوە، شۆپین لە پڕداو بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکا دەچووە ڕاڕەوەکەو لەبەردەم یەکێك لە ئاوێنەکاندا دەوەستاو بۆینباخ‌و قژی بەسەر یەکدا تێکدەداو دەگەڕایەوە ناو کۆڕەکە بەم شێوازو ڕوخسارەیەوە دەستی دەکرد بە پێشکەش کردنی هەندێ لە تێکستەکانی

خۆی‌و تێکەڵی دەکردن لەگەڵ ئەوانەی گەڕیدەی ناسراوی ئینگلیزی کە باسی پیرەمێردێکی کلۆڵی جولەکەیە، چۆن شێتی کچە پاریسییەکان بووە. ئاشکرایە کە بەهرەی گەورەی تراژیدی بەبێ هەستی بابەتانە مەحاڵە، هەستی بابەتیانەش بێ هەڵس‌و کەوتی گاڵتەئامێز ناشێ‌و ناگرێ.

سەرنج ڕاکێشە، شۆپین بەرەو هەر کوێیەکمان بەرێ‌و چیمان پیشانبدا، بە خوایشت‌و بێ‌زۆر لە هەستی خۆ کردن، بەبێ ئەوەی هەست بە ناماقوولێەکی ژیری بکەین، ئێمە بە شوێن بیرۆکەی ئەو دەکەوین. هەموو زریان‌و دراماکانی ئەو پەیوەندییەکی نزیکیان بە ئێمەوە هەیەو هەموو ڕەنگە لە سەردەمی هێڵی ئاسنین‌و تەلەگرافدا ڕووبدەن. تەنانەت لە سەردەمی فەنتازیاشدا بەشێکی سەمای پۆلۆنیزو باڵادەکاندا، دنیای ئەفسانە دێتە ئارا، کە هەندێ دیمەنی پەیوەندیی بە میتسکێڤیچ‌و سلۆڤاتسکییەوە هەبێ، لێرەشدا هەندێ تاڵە داوی لە ڕاستییەوە نزیك، لەوەوە بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ کێشمان بەخۆی دەدا. ئەم دەربڕین‌و ڕاسپێریی شۆڕەسوارانەیە لە داڕشتنەوەی میشلی یان پووشکیندایە، نەك لە ڕازێکی ئەفسانەیی قوولێکی ڕووتی تیسکندا، لە خودەی شاخداردا.

بەتایبەتیش مۆرکی ئەم جدییەتە لە بەرهەمەکانی شۆپیندا، لە شۆپێنیزمدا لەسەر شۆپین خۆی- لە دانراوە مۆسیقاییەکانیدایە.

ئیتۆدەکانی شۆپین، بە سەرپەرشتی تەکنیکی دانراون، ئەمان زیاتر تۆژینەوەن تا ئەوەی کتێبێکی فێربوون بن. ئەمە داڕێژراوێکی مۆسیقایی تۆژینەوەیە لە تیۆریی منداڵی، هەندێ لە بەشەکانی پێشەکییەکی فۆرتۆپیانۆن بۆ مردن (ئەوەی کە جێگەی سەرسوڕمانە، نیوەیانی لە تەمەنی

بیست ساڵیدا نووسیوە)، بەلای زۆرەوە مێژوو و بونیادنانی دنیاو هەندێ شتی دوورترو گشتیمان فێر دەکەن، تا ئەوەی چۆن پیانۆ دەژەنرێت. چونکەو بایەخی شۆپین لە مۆسیقا فراوانو بەرزترە. پێمان وایە چالاکییەکانی داهێنانی دووەمی ئەون.

١٩٤٥

# سەرنجێك

ئەم (٦) وتارە بێجگە لە دوا وتار کە دەربارەی "پەخشانی هونەریی" ب.ل.پاسترناکە و یەکەم جارە بڵاودەبێتەوە، ئەوانی دی وەك لە کۆتایی هەر یەکێکیاندا ئاماژەی بۆ کراوە لە گۆڤارەکانی: "پەیڤ، مامۆستای کورد، شانۆ، ئەنتۆلۆگیا"دا کە لە ئەورووپا دەردەچوون، بڵاوبوونەتەوە.

لەبەر ئەوەی زۆرکەم خەڵك دیویانن، وام بەباش زانی، بەیەکەوە بڵاویان بکەمەوە. بەشکم سودێکیان بۆ خوێنەری کورد هەبێت.

ئەنومر قادر محەممەد

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٦

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
| --- | --- | --- |
| ٣٣٧-ئەفسانەی کتێب | کۆمەڵێ نووسەر | یاسین عومەر |
| ٣٣٨-کۆ چیرۆک | ڕەووف بێگەرد | |
| ٣٣٩-قەدری جان | مەریوانی عومەر دەوڵەت | |
| ٣٤٠-ئیتیك لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا | شوان ئادەم ئەیڤەس | |
| ٣٤١-تیشکێك لەسەر ڕۆمان | عەبدولڕەحمان مونیف | شیرین.ك |
| ٣٤٢- لە گوڵەوە هەتا سووتوو | شێرکۆ بێکەس | |
| ٣٤٣-محەمەدی قازی کێیەو... | ئا:سەیدعەلی ساڵحی | ڕێباز مستەفا |
| ٣٤٤-ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەك | عەتا محەمەد | |
| ٣٤٥-فەلسەفەو لاهوت لە... | د.حەمید عەزیز | |
| ٣٤٦- دیوانی مەولەوی | | |